

هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا
نیا کامیل
American Elections
VOTE

**هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا**

.............~.............

**ناوی کتێب : هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا ( زنجیرە ووتارێکی وەرگێڕدراو )**

**وەرگێڕانی : نیا کامیل**

**بابەت : سیاسی**

**هەڵەچنی :**

**تایپ و نەخشەسازی و بەرگ : نیا کامیل**

**چاپ :**

**تیراژ :**

**ژمارەی سپاردن :**

**چاپی یەکەم :** 2011

## Contains فەهرست

پێشەکی ........................ 7
ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ........................ 10
هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا ........................ 24
پێکهێنەرە سەرەکیەکانی دەسەڵات لە ئەمریکادا ........................ 26
ئابڕوچوونی واتەر گێت ........................ 33
ڕیچارد نیکسۆن ........................ 46
کەنداوی بەرازەکان ........................ 48
پرسیارە دوبارەبوەکان ........................ 51
قۆناغەکانی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا ........................ 59
کەی هەڵبژاردنەکان بەڕێوەدەچێت ؟ ........................ 62
گرنگی نوێنەر لە پێشبڕکێی سەرۆکایەتیدا ........................ 67
دابەشبوونی دەنگەکانی هەڵبژاردن ........................ 71
کاریگەری پارە لەسەر هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن ........................ 73
خوێندنەوەیەکی بازاڕیانە بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا ........................ 78
بازرگانی هەڵبژاردن و ڕۆڵی کۆمپانیا ئەمریکیەکان ........................ 81
جێفشاری پارە لەسەر هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا ........................ 86
ئایا بەڕاستی گەلی ئەمریکی سەرۆکەکەیان هەڵدەبژێرن ........................ 94
چەواشەکردنی ڕاگەیاندن و هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمریکی ........................ 102
دژیەکی ڕیشەیی دەربارەی جەنگی عێراق لای کۆششکارانی سەرۆکایەتی ........................ 111
چۆن کۆنگرێس دەکرێت ، چۆن کۆشکی سپی دەکرێت ؟ ........................ 114
گرنگترین کێشە لە هەڵبژاردنەکانی بەرایدا ........................ 125
کورتەی ژیاننامەی پاڵێوراوان ........................ 128
چەند ئامارێکی گرنگ دەربارەی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا ........................ 130
سەرچاوەکان ........................ 135

**ئاماژەیەك :**

**ئەم كتێبە بریتیە لە ژمارەیەك ووتاری وەرگێڕدراو ، لە زمانی عەرەبی و ئینگلیزیەوە ، بۆسەر زمانی كوردی . هەندێك لەم ووتارانە كاتی وەرگێڕانیان كە هاوكات بوو لەگەڵ هەڵمەتەكانی هەڵبژاردنە بەرایییەكانی ئەمریكای ساڵی 2008دا ، لە ڕۆژنامە ناوخۆیییەكان و سایتەكانی ئینتەرنێتدا بڵاوكراونەتەوە ، كەبەم دواییيانەش بەمەبەستی دەوڵەمەند كردنی و سودلێوەرگرتنی زیاتر لەو ووتارانە ، ژمارەیەك ووتار و زانیاری ترمان بۆ زیادكرد . تا شێوەی كتێبێكمان لێ ئامادەكرد . هەرچەندە ووتارەكان بەشێوەی كتێب ڕێكخراون بەڵام نەیتوانیوە زۆر هۆڕمۆنی وەك كتێبێكی تەواو و ڕێك و پێك بداتە بەدەستەوە ، بەڵام هەموویان لەدەوری بابەتێك جەق بەستوون كە ئەویش وولاتی وویلایەتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا و پرۆسەی هەڵبژاردنەكانە لەو وولاتەدا . بەهیوای ئەوەی سودمەند بێت بۆ كتێبخانەی كوردی و خوێنەران .**

## پێشەکی

**هەڵبژاردن بۆتە کارێکی ئاسایی لە جیهانی هاوچەرخی ئەمڕۆدا ، لە هەموو وولاّتێکدا هەڵبژاردن ئەنجامدەدرێت . وە هەموو وولاّتێك بانگەشەی ئەوە دەکات کە وولاّتێکی دیموکراسیە ، وە هەڵبژاردنەکانیشی بەشێوەیەکی دیموکراسیانە بەڕێوە دەچێت ، وە زۆربەی خەڵك کە ووشەی دیموکراسی بەکار دەهێنن یەکسەر ئاوەزیان دەچێتە سەر ئەنجامدانی هەڵبژاردن . ڕەنگە یەکێك لە گرنگترین ئەو سیمایانەی ڕوخساری هەر دەوڵەتێکی پێدەناسرێتەوە ئەوە بێت کە ئایا تاچەندە دەسەلاّت لەو وولاّتەدا ئاڵو گۆڕ دەکرێت ؟ یان چەندە دەرفەت لەبەردەم تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایەدا کراوەیە تا بەشداری لە دەسەلاّت و بڕیارداندا بکەن ؟ ئەو سستەمەی کە ژیانی سیاسی ڕێك دەخات چ جۆرە سیستەمێکە ؟ پێکهاتە سیاسیەکانی کامانەن و چۆن دەچنە ململانەی سیاسیەوە ؟ هاولاّتیان لە کوێی ئەم سیستەمەدا وەستاون ؟ وە دەوڵەت ئازادیەکانی تاك ، ئازادیە گشتیەکان ، سەربەخۆیی دەسەلاّتی دادوەری ، وە پاشان ئاڵو گۆڕ کردنی ئاشتیانەی دەسەلاّت چۆن دابین دەکات ؟. ئەمەی دوایان لەسەر هەڵبژاردنی بێ خەوش وەستاوە . هەرچەندە هەڵبژاردن و دیموکراسی چەندین و چەندین قۆناغی بڕیوە تا بەم مەعنایەیی ئێستای جێگیر بووە ، بەلاّم ئێستاش مەعناکەی لە وولاّتێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت . بۆیە هەڵبژاردن تەنها بەمانای پڕکردنەوەی کورسیەکانی پەڕلەمان نایەت بۆ ماوەیەکی دیارکراو کۆمەڵێك کەس کارەکەیان بگوێزنەوە بۆ شوێنێکی تر یان دیارکردنی کەسێك بۆ پۆستی سەرۆکی وولاّت وەك لێپرسرا و سومبولی دەسەلاّت ، بەڵکە لێپرسراوەتی ئەمانە سەدان هێندە زیاد دەکات لە بەرامبەر خۆیان و ئاکاری سیاسی و ئەخلاقیاندا پەیوەند بە کۆمەڵگاوە ، کە دەبێتە ڕەنگدانەوەی ئایدیا و بیرو بۆچون و ئەو فەلسەفەیەی پێیەوە پەیوەستن . نەك ئیتر ئەمانە وەك عەقلی کامڵی کۆمەڵگا بیر بکەنەوە و چارەنووسی خەڵك بڕیار لێبدەن لەو ماوە دیاریکراوەدا ، بەلاّم دەرفەت لەبەردەم تاکەکانی کۆمەڵگادا تەنها یەك جاربێت هەر چەند ساڵ جارێك ئەویش لە چوارچێوەی ئەو لیست و حیزب و گروپانەی کە دەرفەتی بەژداری کردنیان پێدراوە ، ئەمە مەفهومی ئێستای هەڵبژاردنی دیموکراسیە ، ئەم گروپ و حیزبانەش لەنێوان خۆیادا لە ململانەیەکی نەبڕاوەدان بۆ**

پڕکردنەوەی ئەو کورسیانەی دەسەڵاتی سیاسی و بڕیاردان بەڕێوەدەبات لە کۆمەڵگادا ، بۆیە پەنا دەبەنە بەر هەر شتێك کە ئەم کارەین بۆ مەیسەر بکات ، هەندێکیان بەئاشکرا و هەندێکی تریان بەنهێنی و دوور لەچاوی یاسا و ڕاگەیاندن و خەڵکی .

هەڵبژاردنەکانی وویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ، لەو هەڵبژاردنانەیە کە جیهان بە گرنگیەوە لێی دەڕوانێت لەبەر ئەوەی ئەم وولاتە سەنگ و قورساییەکی ئێجگار زۆری هەیە لە هاوکێشە سیاسی و سەربازی و ئابوری و کلتوریەکانی ئەمڕۆی جیهاندا ، وە پێکهاتەکەی لە ناوەوە زۆر زەبەلاحە کە خاوەنی ملیۆنان دامەزراوەی مەدەنی و سەربازی و ئابوری کۆمەلایەتی و خزمەتگوزاری و تەکنیکی و زانستی و کلتوری و ڕاگەیاندنە ، هەموو ئەمانەش بەشوێن سود و بەرژەوەندی تایبەتی خۆیاندا وێڵن ، کە کاریگەری ڕاستەوخۆیان هەیە لەسەر سیاسەت و هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا ، سەرەڕای ئەوەی سیاسەتی دەرەوەی ئەم وولاتە نیمچە جێگیرە بە گۆڕانی دەسەڵات گۆڕانێکی ڕیشەیی بەسەردا نایەت زۆرجار . کەچی دنیا بەوردی چاوەڕێی دواین ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ئەمریکایە . لەم وولاتەدا بە سروشتی کاری سیاسی سیستمێکی دوو حیزبی سەپاوە سەرەڕای بوونی حیزبی تر ، بەلام ئەو دوو حیزبە سەرەکیە دەستیان بەسەر دەسەڵاتدا گرتوە و بەهرەمەندن لە توانای بەڕێوەبردنی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن ، کە ملیۆنان دۆلاری تێدەچێت . سەرەڕای چەندین دیوی شاراوەی ئەم یاریە کەدیارنیە بۆ کەسانی ئاسایی ، بەشێوەیەك ڕوبەڕوبونەوەیەکی تەلەفیزیۆنی کاتەکەی بە چرکە لەسەر پاڵێوراوان حساب دەکرێت ، بەلام زۆرجاران بە خۆڕایی بۆ پاڵێوراوێك ڕێك دەخرێت . کە لایەنێکی خاوەن بەرژەوەندی پارەکەی دەدات ، بۆیە ئەو کەسەی خاوەنی سەرمایەیەکی گەورەبێت و بچێتە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکاوە شانسی زیاتری هەیە بۆ بردنەوە ، جگە لەوەی دەبێت توانایەکی خولقێنەری کاریزمی هەبێت ، هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی ئەمریکا لەسەر حسابی هاولاتیان و کۆمپانیا و گروپ و ڕێخراو و حکومەتی ئەمریکا بەڕێوەدەچێت . کە هەموو ئەمانە لەو یاریەدا بەژدارن و پارە دەبەخشن بە پاڵیوراوەکان بە پێی بەرژەوەندیەکانیان . دەچنە پاڵ یەکێك لە پاڵێوراوان ، جگە لە حکزمەت کە بە سەربەخۆیی و دوورە پەرێزی دەمێنێتەوە . هەرچەندە ئەمانە هەمووی بە یاسا

**ڕێکدەخرێت بەڵام ئەم یاسایە نەیتوانیوە ڕێگە لە ئەو فێڵانە بگرێت کە دەستە و تاقمەکانی خاوەن بەرژەوەندی پەنای بۆ دەبەن ، لە پێناو بەخشینی پارە بە پاڵێوراواندا ، بۆیە سەرچاوەی پەرۆشی پسپۆڕان و هاوڵاتیان و یاسا دانەرانە ، سەرەڕای دابەزینی ڕێژەی بەژداربوان و بەرزبونەوەی خەرجی هەڵمەتەکان . کە جێگەی نیگەرانی چاودێرانە . ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە ئەوەیە هاوڵاتیان لە ئەمریکادا ناتوانن ڕاستەوخۆ سەرۆکی ووڵات دەستنیشان بکەن ، بەڵکە لە کۆی زیاتر لە سێسەد ملیۆن ئەمریکی تەنها نزیکەی پێنج سەد کەس خاوەنی بڕیاری دەست نیشان کردنی سەرۆکی ئەمریکان ، کەچی هاوڵاتیانی ئەم ووڵاتە پێیان وایە بە باشترین و دیموکراسی ترین شێوە سەرۆکەکەیان هەڵدەبژێرن .**

**هیوادارین لە ڕێگەی ئەم زنجیرە وتارەوە کە لەم کتێبەدا کۆمان کردونەتەوە بتوانین کۆمەڵێك حەقیقەت و داتاو زانیاری بخەینە بەر چاوی خوێنەرانی کورد ، وە دیوێکی تری هەڵبژاردنەکانی ئەمریکایان نیشانبدەین . بەهیوای ئەوەی ئێمە لە کوردستاندا تێڕوانینێك و دیدێکی نوێمان بۆ هەڵبژاردن و دیموکراسی هەبێت کە تاکەکانی کۆمەڵگە هەموو ڕۆژێك بتوانن بەژداری و کاریگەریان هەبێت لە بڕیار و دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا .**

**نیا کامیل**

## وویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا United States of America [1]




**مێژوو**

**لە 12 تشرینی یەکەمی ساڵی 1492 کریستۆڤەر کۆڵۆمبۆس لە ئیسپانیاوە گەیشتە دورگەی سان سلڤادۆر لە دورگەکانی بەهاما**

**لە ساڵی 1607 داگیرکاران یەکەم یەکەی جێگیری ئینگلیزیان لە ئەمریکا لە جیمس تاون لە ویلایەتی فەرجینیا دروستکرد .**

**1636 یەکەم کۆلێژ لە ئەمریکا دروستکرا ، بەناوی هارڤارد لە شاری کامبریج لە ماسۆچوێستس .**

**لە 19ی نیسانی ساڵی 1775 یەکەم گولەی جەنگی سەربەخۆی ئەمریکا بەرەوڕوی بەریتانیا تەقی لە لیکسنگتۆن لە ماسۆچوێستس .**

**لە 4ی تەموزی 1776 سیانزە مستەعمەرەی ئەمریکی ڕاگەیاندنی سەربەخۆییان ئیمزاکرد .**

**لە 30ی نیسانی 1789 جۆرج واشنتۆن وەك یەکەم سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتوەکان دانرا**

**ساڵی 1800 پایتەختی فیدڕاڵی لە ناوەندە کاتیەکەیەوە لە فیلادەلفیاوە گوێزرایەوە بۆ واشنتۆن .**
**ساڵی 1803 کڕینی خاکی لویزیانا لە فەڕەنسا کە دوئەوەندەی خاکی ویلایەتە یەکگرتوەکانبوو .**
**ساڵی 1812 بۆ 1814 ویلایەتە یەکگرتوەکان و بەریتانیا جەنگی ساڵی 1812یان دەست پێکرد ، بەریتانیەکان تەلاری کۆنگریسیان سوتان لە 14ی ئابی 1814 کە بوە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆر خۆبەخشی ئەمریکی بچن بۆ خزمەتی سەربازی بۆ بەرگرتن بە هێرشی بەریتانیەکان .**
**لەساڵی 1818 ویلایەتە یەکگرتوەکان و بەریتانیا ڕێکەوتن لەسەر سنوری نێوان کەنەدا و ویلایەتە یەکگرتوەکان .**
**ساڵی 1830 کۆنگرێس یاسای گوێزانەوەی هندیە سورەکانی پەسەند کرد کە حکومەتی ئەمریکی ڕێگەیدابوو بە گوێزانەوەی هۆزە ئەمریکیەکان لە ویلایەتە ڕۆژهەڵاتیەکانەوە بۆ زەویە کەم دانیشتوانەکان کە دەکەونە ڕۆژئاوای ڕوباری میسیسیپی .**
**ساڵی 1836 تەکساس سەربەخۆیی لە مەکسیکەوە وەرگرت وە وەك ویلایەتێك لە ویلایەتە یەکگرتوەکان پێشوازلێکرا لە ساڵی 1845 .**
**ساڵی 1846 سەرەتای جەنگی مەکسیك لەنێوان ویلایەتە یەکگرتوەکان و مەکسیکدا ، بە پێی ئەو بەڵێننامەیەی کە سنورێکی بۆ جەنگ دانا ساڵی 1848 دا زەویەکی فراوانی لە تەکساس لە ڕژئاواوە بۆ زەریای هادی وە بۆ ئۆریگون لە باکورەوە بەخشی بە ویلایەتە یەکگرتوەکان .**
**ساڵی 1860 ئابراهام لینکۆڵن وەك شازدەهەم سەرۆکی ویلایەتە یکگرتوەکان هەڵبژێردرا**
**لە 20ی کانوونی یەکەمی 1860 دا ویلایەتی ساوس کارۆلینیا جیابوەوە لە یەکێتیەکە ، کە بەخێرای پێنج ویلایەتی تری باشور بەدوایدا ڕۆیشتن ، وەك کاردانەوە لەسەر هەڵبژاردنی لینکۆڵن کە دژی درێژکردنەوەی بەندەیی بوو بۆ هەرێمەکانی ڕۆژئاوا**

، وە ئەو شەش ویلایەتە ویلایاتی کونفیدڕاڵی ئەمریکیان پێکهێنا ، وە پێنج ویلایەتی تر چونە ڕیزیانەوە کە بوون بە 11 ویلایەتی کۆنفیدڕاڵی .
لە 12ی نیسانی 1861 دا یەکەم گولەی جەنگی ناوخۆی ئەمریکی تەقی لە فۆرت سامتر لە ساوس کارۆلینا ، لەسەر مافی ویلایەتەکانی باشور لە جیابونەوەیان لە یەکێتیەکە .
9ی نیسانی 1865 کۆتای جەنگی ناوخۆ بە خۆبەدەستەوەدانی جەنەڕاڵی کۆنفیدڕاڵی ڕۆبەرت ئەی بۆ جەنەڕاڵ یۆلیسس سێن . گرانت پێشەوای هێزی یەکێتییەکە لە تەلاری دادگای ئابو ماتوکس لە فەرجینیا .
ساڵی 1867 کڕینی ئالاسکا لە ڕوسیا .
ساڵی 1868 چواردەهەم چاکسازی دەستوری ، قەدەغە کردنی ویلایەتەکان لە دابڕنی هەر هاوڵاتیەك لە مافی وەك یەکی .
ساڵی 1870 پانزەهەم چاکسازی دەستوری ، قەدەغە کردنی هەڵاواردنی مافی دەنگدان لەسەر بنەمای ڕەگەز یان ڕەنگ .
لە نیسانی ساڵی 1898 ڕاگەیاندنی جەنگی ئیسپانیا – ئەمریکا وە کۆتایهات لە مانگی ئابدا ، لە چوارچێوەی پەیماننامەی ئاشتیدا کە لەگەڵ ئیسپانیا ئیمزاکرا لە کانوونی یەکەمدا بە سەربەخۆی کوبا و وازهێنانی ئیسپانیا لە فیلیپین و پۆرتۆریکۆ و گوام بۆ ویلایەتە یەکگرتوەکان .
ساڵی 1903 ویلایەتە یەکگرتوەکان و پەنەما ڕێکەوتننامەیەکیان ئیمزا کرد بۆ بنیات نانی کەناڵی پەنەما .
ساڵی 1908 هنری فۆرد یەکەم ئۆتۆمۆبێلی چالاك و هەرزانی بەرهەم هێنا بەمە سەدەی بەرهەمی فراوان دەستی پێکرد .
ساڵی 1914 کەناڵی پەنەما کرایەوە کە ویلایەتە یەکگرتوەکان بنیاتی نابوو لە ئەمریکای ناوەندا کە ڕێگەی بە پاپۆڕەدا لە نێوان زەریای ئەتڵەسی و هادیدا مەلە بکات بەبێئەوەی بەدەوری ئەمریکای باشوردا بسوڕێتەوە .
لە 6ی نیسانی 1917 ویلایەتە یەکگرتوەکان چووە جەنگی جیهانی یەکەمەوە وە لەدژی ئەڵمانیا جەنگی ڕاگەیاند پاش پێشێلکاریەکانی ئەڵمانیا بۆ بێلایەنی ئەمریکا .

ساڵی 1920 نۆزدەهەم چاکسازی دەستوری ئەمریکی ، کە مافی دەنگدانی بۆ ژنان لەخۆ گرتیوو .

ساڵی 1927 کۆمپانیای ناشیۆناڵ برۆدکاتین کەمپەنی (NBC) ( کۆمپانیای ئیزگەی نەتەوەی ) یەکەم تورِی بۆ ئێزگە دانا لە کەناری ڕۆژئاواوە بۆ کەناری ڕۆژهەڵاتی ویلایەتە یەکگرتوەکان .

ساڵی 1934یاسای ڕێخستنی کاروباری هندیە سورەکان بە گێڕانەوەی خاوەنداریێتی زەویەکان بۆ هۆزە خاوەندارە ئەصڵیەکان .

لە 7ی کانوونی یەکەمی 1941 هێرشی یابان بۆسەر پێرڵ هاربر ، هاوای کە ویلایەتە یەکگرتوەکانی پاڵپێوەنا بۆ چونەناو جەنگی جیهانی دووەمەوە .

26ی حوزەیرانی 1945 ویلایەتە یەکگرتوەکان و 49 دەوڵەتی تر پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتوەکانیان ئیمزاکرد لە سان فرانسیسکۆ لە کالیفۆڕنیا .

لە 6ی ئابی 1945 ویلایەتە یەکگرتوەکان بۆمبی ناوەکی کێشا بە هێرۆشیمادا و پاش سێ ڕۆژ لە ناکازاکی لە یابان .

لە 2ی ئەیلولی 1945 دا یابان خۆی بەدەستەوەدا و کۆتایی جەنگ لە زەریای هادیداهات

4ی تەموزی 1946 ویلایەتە یەکگرتوەکان سەربەخۆی بەخشی بە فلپین .

لە 4ی نیسانی ساڵی 1949 ویلایەتە یەکگرتوەکان و کەنەدا و 10 دەوڵەتی ئەوروپای ڕۆژئاوا ڕێخراوی باکوری ئەتڵەسی (ناتۆ ) یان پێکهێنا بۆ دابینکردنی یارمەتی لە کاتی ڕوبەڕو بونەوەی هەردەوڵەتێکی ئەندام بەهێرش .

لە ساڵی 1951 بەرهەمهێنانی یەکەم وزەی کارەبا لە وزەی ناوەکی .

ساڵی 1955 سەرەتای مانگرتنی پاسەکان کە یەك ساڵی تەواوی خایان لە مۆنتگومری لە ئەلباما بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین لەسەر جیاوازی ڕەگەزی لە پاسەکانی شارەکەدا ،دەرکەوتنی مارتن لۆسەر کینگ جۆنیور وەك پارێزەری مافی مەدەنی .

ساڵی 1958 ویلایەتە یەکگرتوەکان یەکەم مانگی دەسکردی بەناوی ئیکسپلورەر یەك نارد بۆ بۆشای .

ساڵی 1959 ئالاسکا بوو بە ویلایەتی 49 و هاوای بە ویلایەتی 50 .

لە 5ی ئایاری 1961 یەکەم گەشتی ئەمریکی بۆ بۆشای .

لە 22ی تشرینی دووەمی 1963 تیرۆرکردنی سەرۆکی ئەمریکی کینیدی کە 36 هەم سەرۆکی ئەمریکی بوو .

لە 2ی تەموزی 1964 سەرەك جۆنسۆن یاسای مافی مەدەنی ئیمزاکرد بۆ ڕێگرتن لە هەڵاواردنی ڕەگەزی لە شوێنە گشتیەکاندا لەسەر بنەمای ڕەگەز و ڕەنگ .

لە 7ی ئابی 1964 کۆنگرێس بڕیاری دورگەی تونکین ی پەسەند کرد کە ڕێگەی بە کردەوەی سەربازیدا لە ڤێتنام دا پاش ئەوەی ڤێتنامیەکانی باکور هێرشیان کردە سەر دە تێکشکێنەری ئەمریکی .

لە 4ی نیسانی 1968 تیرۆر کردنی مارتن لۆسەر کینگ جۆنیور لە میمفیس لە ویلایەتی تنیسی .

لە 20ی تەموزی 1969 مەکۆی ئەپۆلۆ 11 لەسەر مانك نیشتەوە .

لە ساڵی 1971 بیست و شەشەمین چاکسازی دەستوری ، کە تەمەنی دەنگدانی لە 21 وە بۆ 18 ساڵی دابەزاند لە هەموو هەڵبژاردنەکاندا .

لەمانگی شوباتی 1972 سەرەك ڕیچارد نیکسۆن چوو بۆ پەکین بۆ بینینی ڕابەرانی کۆماری چینی گەلی وە لە مانگی ئایاردا لەگەڵ رابەرانی سۆڤیەت لە مۆسکۆ کۆبویەوە ، کەیەکەم سەرۆکی ئەمریکیە سەردانی ئەو دوو وولاتەبکات .

لە 9ی ئابی 1974 پاش ئابڕوچونی واتەر گەیت سەرۆك نیکسۆن دەستی لەکارکێشایەوە لە پۆستەکەی کەیەکەم سەرۆکی ئەمریکیە ئەوەبکات لە جێگەی جێگری سەرۆك جیراڵد فۆرد بوو بە سەرۆك .

لە 4ی تەموزی 1976 ویلایەتە یەکگرتوەکان ئاهەنگی گێڕا بە تێپەڕبوونی دوسەد ساڵ بەسەر دامەزراندنیدا .

ساڵی 1977 بۆ یەکەم جار ناردنی نەوت لە ڕێگەی هێڵی بۆریەوە بە درێژای 1290 کیلۆمەتر ، بەستنەوەی برۆدۆ بای لەسەر کەناری باکور لە ئالاسکا بە بەندەری فالدیز لەسەر کەناری باشور .

لە 7ی ئەیلولی 1977سەرۆك جیمی کارتەر و جەنەڕاڵ عمر توریخۆس هیڕیرا لە پەنەما پەیماننامەیەکینان ئیمزاکرد کە بەگەیشتنی ساڵی 2000 دەست بەسەراگرتنی تەواوی پەنەما بەسەر کەناڵی پەنەمادای بەخشیە پەنەما .

لە 4ی تشرینی دووەمی 1979ئێرانیە توندڕەوەکان تەلاری باڵویزخانەی ئەمریکیان لە تاران داگیرکرد و 65 ئەمریکیان وەك بارمتە لە تەلاری باڵویزخانەکەدا دەستبەسەرکرد لە 20ی کانوونی دووەمی 1981 ئازادکردنی 52 دەستبەسەری ماوە لە تاران پاش چەند خولەکێك لە سوێندخواردنی ڕۆناڵد ڕیگان وەك سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتوەکان .

لە 12نیسانی 1981 یەکەم مەکۆکی هەڵدا کە بۆماوەی دوو ڕۆژ بەسەرکەوتوی بەدەوری زەویدا سوڕایەوە بەناوی کۆلۆمبیا .

لە 12ی نیسانی 1981 پاش 24 گەشتی مەکۆکی سەرکەوتو مەکۆکی چالنجەر تەقیەوە پاش تێپەڕبوونی 71 چرکە بەسەر هەڵدانیدا وە شەش سەرنشینەکەی مردن .

لە 17ی کانوونی دووەمی 1991 سەرەتای جەنگی کەنداو بەوەشاندنی زنجیرەیەك لێدانی ئاسمانی بەڕابەرایەتی ویلایەتە یەکگرتوەکان لە دەمەزراوە عێراقیەکان ، لەوەڵامی داگیرکردنی کوەیتدا لەلایەن عێراقەوە . پاش 43 ڕۆژ لە جەنگی ئاسمانی و زەمینی کوەیت ئازادکرا وە عێراق ڕازی بوو بە وەستاندنی تەقە .

لە 24ی 1997 ویلایەتە یەکگرتوەکان بوو بە دەوڵەتی 75 هەم کە پەسەندی ڕێکەوتننامەی چەکی کیمیاوی کرد .

لە 11ی ئەیلولی 2001 تیرۆرستان فڕۆکەی بازرگانیان فڕاند وە هەردوو تاوەری ناوەندی بازرگانی جیهانیان لە نیویۆرك و تەلاری پینتاگۆن لە واشنتۆن ی پایتەخت تەقاندەوە کە 3000 کەسی تیا کوژرا .

لە 7ی تشرینی دووەمی 2001 لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانەوە بە سەرۆکایەوتی ویلایەتە یەکگرتوەکان ئەڤغانستان ڕزگارکرا لە ژێردەستی هێزەکانی بزوتنەوەی تاڵیبان

لە 20 مارسی 2003 لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانەوە بە سەرۆکایەوتی ویلایەتە یەکگرتوەکان عێراق داگیرکرا لە 9ی ئەپریلی 2003د ا شاری بەغداد کەتە ژێردەستی هێزەکانی هاوپەیمانان .

**جوگرافیا**

**ویلایەتە یەکگرتوەکان چوارەم وولاّتی گەورەی جیهانە لە پاش ڕوسیا و کەنەدا و چین ، لە 48 ویلایەتی پێکەوە نوساو پێکهاتوە لەگەڵ هەردوو ویلایەتی ئالاسکا و هاوای ، وە دەکەوێتە ناوەڕاستی ئەمریکای باکورەوە .**

**ڕوبەری : 9،628، 382 کیلۆمەتری چوارگۆشەیە کە نزیکەی نیوەی ڕوبەری ڕوسیایە ، سێ لەسەر دەی ئەفریقایە ، نیوەی ڕوبەری ئەمریکای باشورە ، دوو ئەوەندە ونیوی ئەوروپای ڕۆژئاوایە ، وە تۆزێك لە چین بچوکترە .**

**سنور**

**کەنەدا لە باکورەوە ، زەریای ئەتڵەسی لە ڕۆژهەڵاتەوە ، مەکسیك و کەنداوی مەکسیك لە باشورەوە ، زەریای هادی لە ڕژئاوایەوە بۆ 48 ویلایەت ، بۆ ئالاسکا زەریای جەمسەری باکور لە باکوریەوە ، کەنەدا لە ڕۆژهەڵاتیەوە ، زەریای هادی لە باشوریەوە ، زەریای بەستەڵەکی باکور و دەریای شوکشی و دەریای تەنگەی بیرگ لە ڕۆژئاوایەوە ، بۆ هاوای تەنها زەریای هادی .**

**بەکارهێنانی زەوی کێوکەژ 7٪ ، زەوی کشتوکاڵی 27.1٪، لەوەڕگا 8.6٪ ،دارستان 29.1٪ .**

**کەناراو 19،929 کیلۆمەتر بە ئالاسکا و هاوایشەوە .**

**ڕێڕەوی ئاوی 41،009 کیلۆمەتر لە ڕێڕەوی ئاوی ناوخۆیی گونجاو بۆ کەشتیەوانی جگە لە دەریاچەی گەورە .**

**درێژترین ڕوبار میسیسیپی 5،936 کیلۆمەتر .**

**قوڵترین دەریاچە کرایتر لایك لە ئوریگۆن 580 مەتر .**

**بەرزترین لوتکە چیا چیای ماکنلی لە ئالاسکا بەرزی 6،198 مەتر لە ئاستی ڕوی دەریاوە .**

**نزمترین خاڵ دێس ڤالی ( دۆڵی مردن )لە کالیفۆڕنیا نزمی 86 مەتر لە ژێر ئاستی ڕویدەریاوە .**

**گەورەترین ویلایەت ئالاسکا.**

بچوکترین ویلایەت رود ئیلاند .

ئەوپەڕی شاری باکور بارو لە ئالاسکا .

ئەوپەڕی شاری باشور هیلۆ لە هاوای .

ئەوپەڕی شاری ڕۆژهەڵات ئیستیبورت لە ویلایەتی ماین .

ئەوپەڕی شاری ڕژئاوا ئاتکا لە ئالاسکا .

ئاوهەوا

مامناوەندی بەگشتی ، ئیستیوائی لە هاوایی و فلۆریدا ، وە جەمسەری لە ئالاسکا ، وە نیمچە وشك لە دەشتەکانی ڕۆژئاوای ڕوباری میسیسپی ، وە وشك لە حەوزی گەورەی باشوری ڕۆژئاوا .

دانیشتوان بەپێی سەرژمێری ساڵی 2000

سەرجەمی دانیشتوان 281،422،000 .

نێر 48.9 ٪ .

مێ 51،1٪ .

چڕی دانیشتوان 31.8 کەس بۆ کیلۆمەتر چوارگۆشەیەك .

دابەشبونی دانیشتوان 80٪ لە شار 20٪ لە لادێ .

تێکڕای گەشەکردن 0.9٪ .

ناوەندێتی تەمەن 73.3٪ .

ژمارەی خێزان 104،705،000 .

ژمارەی کەس لە ماڵێکدا 2.62 .

ژمارەی کەس لە خێزاندا 3.17 .

تێکڕا تەمەن

نێری سپی 73.8 .

مێ سپی 79.6 .

نێری ڕەش 68.9 .

مێی ڕەش 76.1 .

تێکڕای لەدایك بوون 14.6 بۆهەر 1000 کەس .

تێکڕای مردن 8.6 بۆ هەر 1000 کەس .

تێکڕای مردنی منداڵان 7.2 بۆ هەر 1000 کەس .

دانیشتوان بەپێی تەمەن

0 بۆ 19 ساڵی 28.6 ٪ .

لە 20 بۆ 44 ساڵی 37٪ .

45 بۆ 64 ساڵی 22٪ .

65 بۆ سەرەوە 12.4 ٪ .

دانیشتوان بەپێی ڕەگەز

82.2٪ سپی پێست .

12.8 ٪ ڕەش پێست .

قەرەباڵغی شارەکان

نیویۆرك ، نیویۆرك 21،200،000 .

لۆس ئەنجلس ، کالیفۆڕنیا 16،374،00 .

شیکاگۆ 9،158،000 .

واشنتۆن دی سی 7،039،000 .

هاوڵاتی ئاسایی ئەمریکی لە ژیانیدا 11.7 جار شوێنی نیشتەجێبوونی دەگۆڕێت .

84.5٪ لە هاوڵاتیان چاودێری تەندروستی حکومی و تایبەتیان هەیە .

254 دکتۆر بۆ هەر 100،000 کەسێك .

5،890 نەخۆشخانە .

39.1 ملیۆن کەس بەرنامەی چاودێری تەندروستی دەیانگرێتەوە کە دەوڵەت دابینی کردوە بۆ ئەوکەسانەی لە 65 ساڵی بەرەوژورن .

56٪ پرۆتستانت .

27٪ کاسۆلیك .

2٪ یەهود .

1.5٪ مسوڵمان .

5.5٪هی تر .

8٪ بیٚ دین .

**کۆچبەر و گەشتیار**

**کۆچبەری یاسای 660،477 .**

**کۆچبەری نایاسای 6 بۆ 9 ملیۆن هەیە لە ویلایەتە یەکگرتوەکاندا .**

**گەشتیارانی سالانە 48،491،000 .**

**ناوی فەرمی : ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا .**

**پایتەخت : واشنتۆن دی سی .**

**زمان : ئینگلیزی .**

**جەژنی نەتەوەیی : ڕۆژی سەربەخۆی 4 ی تەموز .**

**ئالا: ئەستێرە و هێڵ ، 13 هێڵی ئاسۆی 7 ی سور و 6 ی سپی و ناوچەی شین لە گۆشەی سەرەوەی چەپدا 50 ئەستێرەی سپی پێنج سەری لەسەرە .**

**دراو :دۆلاری ئەمریکی .**

**بەشەکانی حکومەت**

**بەشی جێبەجێکار : سەرۆك ، جێگری سەرۆك ، وەزارەتەکان ،ئاژانسەکانی فیدڕاڵی .**

**بەشی یاسادانان: ئەنجومەنی پیران کە لە 100 ئەندام پێکهاتوە دووکەس لە هەر ویلایەتێك ، ئەنجومەنی نوێنەران کەلە 435 ئەندام پێکهاتوە کە دابەش بوون لەنێوان ویلایەتەکاندا بەپێی دانیشتوان .**

**بەشی دادوەری : دادگای بالا کە پێکهاتوە لە 9 ئەندام کە سەرۆك دایان ئەنێت پاش ڕەزامەندی ئەنجومەنی پیران .**

**هەڵبژاردن**

**هەڵبژاردنە فیدڕاڵیەکان لە یەکەم سێشەمەی مانگی تشرینی دوەمی ساڵی چوارەمی هەڵبژاردنی پێشوو بەڕێوە دەچێت ، کە ئەندامانی ئەنجومەنی پیران بۆ شەش ساڵ ، ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران بۆ دووساڵ هەڵدەبژێردرێن .**

**پارتە سیاسیەکان : پارتی کۆماری و پارتی دیموکراتی دوو پارتی نەتەوەیی سەرەکین ، وە چەند پارتێکی بچوکی تر هەیە .**

**مافی دەنگدان : هەر هاوڵاتیەکی سەرو هەژدە ساڵ بۆسەرەوە مافی دەنگدانی هەیە و زۆرەملێ نیە .**

**ژمارەی فەرمانبەرانی حکومەت :**

2،799،00 **فەرمانبەری شارستانی .**

1،386،000 **سەربازی لە خزمەتدا .**

**ئابوری**

**ئابوری ئەمریکی سیستمی ئاڕاستەکردنی بازاڕە ، زرۆبەی زۆری بڕیارەکان تاك و کۆمپانیاکانی کاری تایبەتی دەیدەن .**

**سەرجەمی بەرهەمی ناخۆ ،** 9،96 **تریلیۆن دۆلار .**

**سەرجەمی گەشە** 7،1 ٪ .

**هێزی کار** 135،208،000 .

**بەڕێوەبردن** 30،2٪ .

**تەکنیکی** 29،5٪ .

**خزمەتگوزاری** 13،5٪ .

**پیشەسازی** 24،6٪ .

**کشتوکاڵ** 2،5٪ .

**سەرجەمی بێکاری** 4٪ .

**داهاتی تاکەکەس** 29،676 **دۆلار .**

**تێچونی کارگە و دامەزراوە تازەکان** 977،3 **بلیۆن دۆلار .**

**قازانجی کۆمپانیاکان پاش لێدەرکردنی باج** 641 **بلیۆن دۆلار .**

**ژمارەی بانکەکان** 9،908 .

**سەرجەمی ئاڵو وێر** 4،2 **تریلۆن دۆلار .**

**ناردنە دەرەوە** 781،9 **بلیۆن دۆلار .**

داهات 1،2 تریلۆن دۆلار .

ووزە :

کارەبا 3،2 تریلۆن کیلۆوات کاتژمێر 22،8٪ ی وزەی ناوەکی .

بەرهەمهێنانی نەوتی خاوی ناوخۆی 5،9 بلیۆن بەرمیل .

داهاتی نەوتی خاو 8،7 بلۆن بەرمیل .

بەرهەمهێنانی گازی سروشتی 590 بلیۆن مەتر سێ جا .

بەرهەمهێنانی خەڵوزی بەردین 1،1 بلیۆن تەن .

بەرهەمی کشتوکاڵی :

برنج 9،97 بلیۆن بۆشل .

سۆیا 2،77 بلیۆن بۆشل .

گەنم 2،22 بلیۆن بۆشل .

میوە 10،6 بلیۆن دۆلار .

سەوزە 16،9 بلیۆن دۆلار .

شیر 75،5 بلیۆن کیلۆگرام .

پەلەوەر 17،9 بلیۆن دۆلار .

ئاژەل 98،198،000 سەر .

ژمارەی جوتیاران 1،912،000 .

ڕوبەری زەوی کشتوکاڵی 372،720،000 هێکتار .

تێکڕای ژمارەی هێکتار بۆ هەر جوتیارێك 194،9 .

خوێندن

تێچونی خوێندنگاکان

خوێندنگا سەرەتای و ناوەندیەکان 361،1 بلیۆن دۆلار .

کۆلێژ و زانکۆکان 237،8 بلیۆن دۆلار .

ژمارەی خوێندکارانی تۆمارکراو 72،2 ملیۆن .

شیرخۆرگە 12٪ .

**خوێندکاری سەرەتایی** 45٪ .

**خوێندکاری ناوەندی** 22٪ .

**خوێندکاری کۆلێژ و زانکۆکان** 21٪ .

**ژمارەی خوێندکارانی خوێندنگە فەرمیەکان** 60،8 **ملیۆن** .

**ژمارەی خوێندکارانی خوێندنگە تایبەتەکان** 11،2 **ملیۆن** .

**خوێندنگە بەستراوەکان بە ئینتەرنێتەوە** 98٪ .

**ڕێژەی دەرچوانی ناوەندی وە تۆمارکراو لە کۆلێژەکان** 62،9٪ .

**بڕوانامەی بەدەستهاتوو**

**دبلۆم** 555،538 .

**بەکالیۆریۆس** 1،183،033 .

**ماجستەر** 429،296 .

**دکتۆرا** 45،925 .

**خوێندکارانی بیانی کۆلێژەکانی ئەمریکا سەرجەم** 515،000 .

**ئەفریقی** 30،000 .

**ئاسیایی** 315،000 .

**ئەوروپی** 78،000 .

**ئەمریکای لاتینی** 62،000 .

**ئەمریکای باکور** 24،000 .

**ئوسترالی** 5،000 .

**تێچونی ساڵێکی خوێنکار لە کۆلێژی فەرمی** 7،302 **دۆلار** .

**تێچونی ساڵێکی خوێنکار لە کۆلێژی تایبەتی** 20،276 **دۆلار** .

**پەیوەندی و گواستنەوە**

**فڕۆکەخانە لە خزمەتی گشتیدا** 5،354 .

**گەشتی ئاسمانی** 7،9 **بلیۆن کیلۆمەتر** .

**گواستنەوەی فڕۆکە**635،4 **ملیۆن گەشتیار** .

**هێڵی ئاسنی** 160،912 **کیلۆمەتر .**

**گواستنەوە بە شەمەنەفەر** 21،544،000 **نەفەر .**

**ژمارەی ئەو خێزانانەی هۆکارەکانی گەیاندنیان هەیە**

**تەلەفۆن** 98،3٪ .

**ڕادیۆ** 99٪ .

**کێبڵی تەلەفیزیۆن** 67،2٪ .

**ڤیدیۆ** 84،6٪ .

**کۆمپوتەر** 51،1٪ .

**کەناڵی پەخشی ڕادیۆ** 4،793 **ئەی ئێم ،** 5،662 **ئێف ئێم .**

**ئامێری ڕادیۆکانی کە خەڵك هەیانە** 548،800،000 .

**کەناڵی پەخشی تەلەفیزیۆن** 1،572 .

**کەناڵی کێبڵی تەلەفیزیۆن** 10،845 .

**ئامێری تەلەفیزیۆنەکانی کە خەڵك هەیانە** 235 **ملیۆن .**

**ڕۆژنامەی ڕۆژانە** 1،661 .

**ڕژنامەی هەفتانە** 7،594 .

**ڕۆژنامەی هەفتەی دووجار** 554 .

**پۆست تێکڕای ئەو پارچانەی تاکێکی ئەمریکی ساڵانە بەدەستی دەگات** 739 **پارچە .**

..............................................

**تێبینی :**

**حکومەتی ئەمریکی بڕی** 3،1 **تریلیۆن دۆلاری (یەك تریلیۆن یەکسانەبە** 1000**ملیار ) بۆ دودجەی ئەم ساڵ دیاریکردوە کە گەورەترین بڕی بودجەیە لە مێژوی ئەمریکادا ، لەم بودجەیە** 600 **ملیاری بۆ سوپایە وە** 70 **ملیاری بۆ جەنگی عێراق و ئەڤغانستانە .**

**هەڵبژاردنەكانی ئەمریكا ( 2 )**

**كۆنگرێسی ئەمریكی یەكەم دامەزراوەی دەستوریە لە ویلایەتە یەكگرتوەكانی ئەمریكیدا وە بە دامەزراوەی یاسادانان لە سیستمی سیاسیدا دادەنرێت وە پێكدێت لە دوو بەش ، ئەنجومەنی پیران ، ئەنجومەنی نوێنەران .**

**كارەكانی كۆنگرێس :**

**كۆنگرێس هەڵدەسێت بە دانانی یاسا بۆ دانانی باجەكان .**

**كۆنگرێس بەژداری دەكات لەگەڵ سەرۆكی ئەمریكیدا لە دانانی گەورە كارمەندان و دادوەراندا وە مافی كۆنگرێسە كە ناڕەزایەتی پیشانبدات لەسەر دانانیان .**

**كۆنگرێس هەڵدەسێت بە دامەزراندن و گفتوگۆ كردن و دەنگدانی یاساكان ، كۆنگرێس دەتوانێت چاكسازی لە دەستوردا بكات .**

**ئەنجومەنی پیرانی ئەمریكا :**

**ئەنجومەنی پیران پێكدێت لە 100 كورسی كە یەكێكە لە دوو ئەنجومەنەكەی كۆنگرێس وە سەرۆكی ئێستای ئەنجومەن جێگری سەرۆكی ئەمریكی دیك چینی یە و لە 2001/1/20 ەوە هەتا ئێستا ، بە سیفەتی جێگری سەرۆكی ئەمریكی بەپێی دەستوری ویلایەتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا ، ئەنجومەنی پیران دەكەوێتە باڵی باكوری واشنتۆنی پایتەخت . بۆ هەر ویلایەتێك دوو نوێنەر هەیە وە ئەندامانی گشتی 100 ەدە . ئەندامەتی هەر ئەندامێك شەش ساڵە یەك لەسەر سێ ئەندامانی ئەنجومەنی پیران هەر دوو ساڵ جارێك تازەدەكرێنەوە لە ڕێگەی دەنگدانی ڕاستەوخۆوە . بۆ خۆپاڵاوتنی ئەندامەتی لە ئەنجومەنی پیراندا پێویستە تەمەنی پاڵێوراو لە 30 ساڵ كەمترنەبێت وە پێویستە نۆ ساڵ بێت هەڵگری ڕەگەزنامەی ئەمریكی بێت بەلانی كەمەوە ، دەستوری ئەمریكی دەڵێت بۆ پەسەندكردنی یاسا پێویستە ئەنجومەنی پیران ڕەزامەندی پیشانبدات لەسەری ، سەرۆكی ئەمریكی ناتوانێت واژۆ لەسەر ڕێكەوتننامەكان و بڕیارە گرنگەكان بەبێ ڕاپرسی و ڕەزامەندی ئەنجومەنی پیران بكات . كۆبونەوەكانی ئەنجومەنی پیرانی ئەمریكی لە واشنتۆنی پایتەختی ئەمریكی بەڕێوەدەچێت .**

**ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریكی :**

ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکی پێکدێت لە 435 کورسی وە یەکێکە لە دوو ئەنجومەنەکەی کۆنگرێس وە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەران لەلایەن نانسی پالوسی یەوە لەئەستۆ گیراوە لە 2007/1/4 ەوە .

دەســەڵات  لـــــــێرەدایە



**پێکهێنەرە سەرەکیەکانی دەسەڵات لە ئەمریکادا ( 3 )**

| United States of America<br>وویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا | |
|---|---|
|  | |
|  | |
|  | |
| پایتەخت | واشنتۆن دی.سی |
| پێگە | 38.53° درێژی، 77.02° پانی |
| گەورەترین شار | نیویۆرك |
| زمانی نەتەوەیی | ئینگلیزی |
| حکومەت | کۆماری دەستوری سەرۆکایەتی فیدراڵی |
| سەرۆك | (R)George W. Bush<br>جۆرج دەبڵیو . بۆش (کۆماری ) |
| جێگری سەرۆك | (R)Richard "Dick" Cheney<br>ریچارد دیك چینی ( کۆماری ) |
| ووتەبێژی ئەنجومەنی نوێنەران | (D)Nancy Pelosi<br>نانسی پیلۆسی ( دیموکراتی ) |
| سەرۆکی دادگا | John Roberts<br>جۆن رۆبیرتس |

| | |
|---|---|
| سەربەخۆی لە شانشینی بەریتانیاوە وەرگرتوە | |
| ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی | 4ی تەموزی 1776 |
| دیانپیانان | 3ی ئەیلولی 1783 |
| ڕووبەر | 9826630کم دووجا |
| ڕووبەری ئاوی ٪ | ٪6.76 |
| دانیشتوان | |
| خەملاندنی 2008 | 303266000 |
| سەرژمێری 2000 | 281421906 |
| چڕی دانیشتوان | 31/کم دووجا |
| داهاتی نەتەوەیی | 13675 تریلیۆن دۆلار |
| داهاتی تاکەکەس | 43444 دۆلار |
| دراو | دۆلاری وویلایەتە یەکگرتوەکان ($) USD |
| کات | UTC 10 بۆ 5 |
| کۆدی ئینتەرنێت | .gov .mil .edu.us |
| کۆدی تەلەفۆن | 01 |

United States Congress

**کۆنگرێسی وویلایەتە یەکگرتوەکان**



| جۆر | هەردوو ئەنجومەنی یاسادانان |
|---|---|
| ئەنجومەنەکان | ئەنجومەنی پیران<br>ئەنجومەنی نوێنەران |
| سەرۆکی ئەنجومەنی پیران | , (R)Dick Cheney<br>دیك چینی , ( کۆماری )<br>لە 20ی کانوونی دووەمی 2001 |
| سەرۆکی کاتی | , (D)Robert C. Byrd<br>ڕۆبێرت سی .بایرد,(دیموکراتی)<br>لە 4ی کانوونی دووەمی 2007 |
| وتەبێژی ئەنجومەن | , (D)Nancy Pelosi<br>نانسی پالوسی , (دیموکراتی )<br>لە 4ی کانوونی دووەمی 2007 |
| ئەندامان | 535 لەگەڵ 4 چاودێر 1 ڕێخەر |
| کۆمەڵە سیاسیەکان | پارتی دیموکرات<br>پارتی کۆماری |
| دواین هەڵبژاردن | 7ی تشرینی دووەمی 2006 |
| شوێنی کۆبونەوە | وویلایەتە یەکگرتوەکان |

## United States Senate
## ئەنجومەنی پیرانی وویلایەتە یەکگرتوەکان



| ئەنجومەنی بەرز | جۆر |
|---|---|
| , (R)Richard B. Cheney<br>ریچارد بی . چینی , (کۆماری) لە 20 کانوونی دووەمی 2001 | سەرۆکی ئەنجومەنی پیران |
| , (D)Robert C. Byrd<br>رۆبێرت سی .بایرد,(دیموکراتی) لە 4ی کانوونی دووەمی 2007 | سەرۆکی کاتی |
| since January 4, 2007 , (D)Harry Reid<br>هاری ڕێد , (دیموکراتی ) لە 4 ی کانوونی دووەمی 2007 | سەرۆکی زۆرینە |
| , (R)Mitch McConnell<br>میچ ماکۆنێڵ , (کۆماری ) لە 4ی کانوونی دووەمی 2007 | سەرۆکی کەمینە |
| 100 | ئەندامان |
| پارتی دیموکراتی ، پارتی کۆماری | کۆمەڵەی سیاسی |
| 7ی تشرینی دووەم 2006 | دواین هەڵبژاردن |
| هۆڵی ئەنجومەنی پیران پایتەختی وویلایەتە یەکگرتوەکان<br>واشنتۆن دی سی | شوێنی کۆبونەوە |
| http://www.senate.gov | پێگەی ئەلکترۆنی |

| United States House of Representatives<br>ئەنجومەنی نوێنەرانی وویلایەتە یەکگرتوەکان | |
|---|---|
|  | |
| ئەنجومەنی نزم | جۆر |
| , (D)Nancy Pelosi<br>نانسی پالوسی , (دیموکراتی )<br>لە 4ی کانوونی دووەمی 2007 | وتەبێژی ئەنجومەنی نوێنەران |
| , (D)Steny Hoyer<br>ستانی هۆیر ,( دیموکراتی )<br>لە 4ی کانوونی دووەمی 2007 | سەرۆکی زۆرینە ئەنجومەن |
| , (R)John Boehner<br>جۆن بۆهنەر, ( کۆماری )<br>لە 4ی کانوونی دووەمی 2007 | سەرۆکی کەمینەی ئەنجومەن |
| 435 لەگەڵ 4 نوێنەری بێدەنگ<br>لەگەڵ 1 ڕێخەری بێدەنگ | ئەندامان |
| پارتی دیموکراتی و پارتی کۆماری | کۆمەڵە سیاسیەکان |
| 7ی تشرینی دووەمی 2006 | دواین هەڵبژاردن |
| پایتەختی وویلایەتە یەکگرتوەکان | شوێنی کۆبونەوە |
| www.house.gov | پێگەی ئەلکترۆنی |

| **Republican Party**<br>**پارتی کۆماری** | |
|---|---|
| سەرۆکی پارت | Mike Duncan<br>مایك دۆنكان |
| سەرۆك لە ئەنجومەنی پیران | Mitch McConnell<br>میك میكۆنیڵ |
| سەرۆك لە ئەنجومەنی نوێنەران | John Boehner<br>جۆن بۆهنەر |
| دامەزراندن | 1854 |
| بارەگای سەرەکی | 310 یەكەم شەقام ئێس ئی واشنتۆن دی سی 20003 |
| بیرۆباوەڕی سیاسی | پارێزگاری (المحافظية )<br>پارێزگاری ماڵی<br>پارێزگاری نوێ<br>نەتەوەیی<br>پارێزگاری لیبڕاڵی |
| پێگەی سیاسی | ماڵی : لیبڕاڵی ماڵی<br>کۆمەڵایەتی : پارێزگاری |
| پابەندبوونی نێودەوڵەتی | یەکێتی نێودەوڵەتی دیموکراسی |
| ڕەنگ | سور( نارەسمی ) |
| پێگەی ئنتەرنێت | www.gop.com |

| **Democratic Party**<br>**پارتی دیموکراتی** | |
|---|---|
| سەرۆکی پارت | Howard Dean<br>هاوارد دێن |
| سەرۆك لە ئەنجومەنی پیران | Harry Reid<br>هاری ڕید |
| سەرۆك لە ئەنجومەنی نوێنەران | Nancy Pelosi<br>نانسی پیلۆسی ( قسەکەر )<br>Steny Hoyer<br>ستانی هۆیر ( سەرۆکی زۆرینە ) |
| دامەزراندن | 1824 تازە<br>1792 کۆن |
| بارەگای سەرەکی | 430 شەقامی باشوری پایتەخت واشنتۆن دی سی 20003 |
| بیرۆباوەڕی سیاسی | ئازادی ئەمریکا<br>پێشکەوتنی ئەمریکا<br>ئازادی کۆمەڵایەتی |
| بیرۆباوەڕی سیاسی | ماڵی : ناوەندێتی<br>کۆمەڵایەتی : لیبراڵیزم |
| پابەندبوونی نێودەوڵەتی | نیەتی |
| ڕەنگ | شین (نارەسمی ) |
| پێگەی ئنتەرنێت | www.democrats.org |

## ئابڕوچوونی واتەر گێت Watergate scandal ( 4 )



تەلاری واتەرگێت لە واشنتۆن

کێشەکە بە کورتی :

ساڵی 1968 ساڵێکی سەیربوو بۆ سەرۆك ڕیچارد نیکسۆن کە زۆربەقورسی بەسەر ڕکابەری دیموکراتی (هەمفری) یدا سەرکەوت ، بە ڕێژەی 43.5 بۆ 42٪ ، کەوایکرد هەڵوێستی سەرۆك ڕیچارد نیکسۆن لەماوەی جەنگی نوێبونەوەی سەرۆکایەتی بۆ ساڵی 1972 زۆرتر قورستربێت . سەرەك نیکسۆن بڕیاریدا بە سیخوڕی کردن لەسەر نوسینگەکانی پارتی کۆماری ڕکابەری لە تەلاری واتەر گێت . لە 27 ی یۆنیۆی 1972 دا پێنج کەس دەستگیر کران لە واشنتۆن لە بارەگای پارتی دیموکراتی ، ئەوان ئامێری تۆمارکردنیان دادەمەزراند ، کە کۆشکی سپی 64 وتووێژی تەلەفۆنی تۆمارکردبوو ، تەنگەژەیەکی سیاسی گەورەی تەقانەوە پەنجەی تاوانباری بۆ سەرەك نیکسۆن ڕاکێشرا . وەلە گاریگەری ئەوە سەرۆك لە ئابی 1974 دا دەستی لەکارکێشایەوە . وە دادگایی کرا بەهۆی ئەو ئابڕوچوونەوە . لە 8ی سێپتەمبەری

1974دا سەرۆك جیراڵد فۆرد لێبوردنی بۆ ڕیچارد نیکسۆن دەرکرد سەبارەت بەو ئابڕوچوونە .

**کەمێك بە درێژی :**

**واتەر گێت بەڕەهایی گەورەترین و ترسناکترین ئابڕوچوونە کە وویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا تیاژیابێت . کێشەیەکی ( سیخوڕی بچوککراوە ) نیە بەقەد ئەوەی کێشەیەکی ئاکاری سیاسییە کە قۆناغێك هەڵیماڵیبێت ، کە لەڕێگەیەوە بیرۆکەی تاریکی گەشەسەندن بەشێکی جیانەبوەوەیە لە چاودێری کەسانیتر ، هەرچەندە بەگویٚ لێگرتن لێیانیش بێت ، فایلی واتەر گێت بەدرێژایی ساڵانی ڕابردوو دەسەڵاتی ئەمریکی لەرزاند ، وە لەوکاتەدا بەسەر سەرۆکی ئەمریکیدا دەست لەکار کێشانەوە لە پۆستەکەی سەپێنرا ، بۆ دەرچون لەو دەرگا تەنگە ، نەتەنها ئەوە ، بەڵکو هەمووانی ناچارکرد بە چاکسازی کردنی ئەو یاسایەی پەیوەندی سەرۆك بە کۆنگرێسی ئەمریکیەوە بەڕێوەدەبات ، بەتەواوی هەروەك کەوتنی ئەو تاوەرە سیاسیەی کە ئەمریکیەکان دەستەواژەی ( ئابڕوی گرێدراو بە دامەزراوە دەستوریەکانەوە )یان لێناوە . ئەو هەڵگەڕانەوانەی کە پێشتر وویلایەتە یەکگرتوەکان بەخۆیەوەی نەدیوە ، لەگەڵ ئەوەی ، هەموو شتێك بەشێوەی ( کردەوەی دزێتی سەرەتایی ) لە پلەی سێهەمدا دەستی پێکرد ، بەپێی ئەوەی ووتەبێژی فەرمی بەناوی کۆشکی سپیەوە لەوکاتەدا ڕایگەیاند ، بۆ پاساودانی کێشەکە بەچوونە ناو کێشەیەکی گەورەترین و سەختترین و ترسناکترینەوە .**

**سەرەداوەکانی ئابڕوچوونەکە :**

**لە ڕۆژی** 17 **ی یۆنیۆ لە ساڵی** 1972 **، لە کاتێکی زوودا ، لە کاتێکدا پاسەوانی تەلاری پارتی دیموکراتی ، هەڵدەستا بە خولی ئاسایی بەیانیانی ، بۆی دەرکەوت دەرگاکان توشی کردنەوەبوون بە هێز ، ئەو دوو دەرگایە کە پاسەوانەکە خۆی دوو کاتژمێر پێشتر دایخستبوون ، یەکەم بیرۆکە کە پاسەوانەکە بەخەیاڵیدا هات لەوکاتەدا ئەوەبوو پەیوەندی بکات بە پۆلیسەوە ، کە بەشێوەیەکی هێواش و لەسەرخۆ هات بۆ بارەگای پارتی دیموکراتی ، کاتێك لەو ڕۆژەدا دوو کەسیانگرت لەناو نوسینگەکەدا لە کاتێکی ئاشکرادا کەلە گەڕانێکی نایاسایدا بوون بەشوێن بەڵگەنامە و ووێنەگرتنیان بە**

کامێرای تایبەتی ، بەدوای دوو خولەکدا دوو کەسی تریان گرت کە لەهەمان بارەگادابوون . وە برێك پارەی گەورە ، وە کەلوپەلی ئەلکترۆنی لەوپەڕی پێشکەوتنیا لەگەڵ گیرا ، وە فەرمانیان پێکرابوو بە دانانی ئامێری کامێرای شاراوە ، وە ئامێری گوێلێڕاگرتن لەناو پارتی دیموکراتیدا ، دەتوانرێت ئەوە پەسەند بکرێت کە ئەو کەسانەی گیران تەنها دزبوون هاتبوون بۆ تاڵانکردنی ئەوەی لەناو تەلاری پارتی دیموکراتیدا هەیە ، بەڵام ئەوانەی هەڵیانگرتبوو لە کەلوپەلی ئەلکترۆنی و تەکنیکی پێشکەوتوو و وورد و هەستیار کارەکەی زۆر ئاڵۆز و ترسناك کرد ، ئەو پرسیارەی ئەبوو لەوکاتەدا وەڵامی بدرایەتەوە ئەوەبوو : بەتەواوی چی ڕویداوە ؟ وەئەو کەسانە ئەم برە پارە زۆرەیان لەکویٚ بوو ؟ لەوانە ئەو پرسیارەی سایەیی بەسەر رۆژنامەوانی ئەمریکیدا کردبوو بە پێداگریەوە دەیانکرد ئەوە بوو : ئایا کردەوەیەکی دزی ئاساییە یان کردەوەیەکی سیخوڕی گەورە و هێڵی پانە ؟

کاتێك ئابڕوچوونەکە شەرمەزار هێنەرە :

بەڵام هەردوو ڕۆژنامەنووس ( کاڕڵ برنشتن ) و ( بۆب وودوار ) لە ڕۆژنامەی ( واشنتن پۆست ) توانیان سەرەداوەکان ببزوێنن . وە هەواڵەکەیان بۆ خەڵکی گواستەوە ، وە پاشان لێکۆڵینەوەیان لە بابەتەکەکرد ، بەرلەوەی لەکۆتایدا بگەنە ( ئەنجومەنی پاڵێوراوانی کۆماری بۆ هەڵبژاردنەکان ) کە بە ئەنجومەنێکی ڕاوێژکاری و ڕویەکی تری نوسینگەی خودی سەرۆکی ئەمریکی دادەنرێت ، ڕیچاد نیکسۆن بەتاوانباری ژمارەیەك دادەنرێت لە سەرجەمی کێشەکەدا ، نەك لەبەرئەوەی جەنگێکی پڕ لە زیانی دژی دیموکراتەکان بەرپاکردووە لەو کاتەدا ، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئەیویست تاکە پاڵێوراوبێت بۆ مانەوەی لە پۆستی پیاوی یەکەمدا لە وویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا ، وە بەختەوەربوو بە پشتیوانیەکی گەورەی ئەو لایەنانەی ڕایی گشتی ئەمریکی بە ( لایەنی گومانلێکراو ) بە مافیا دەیانبینی ، وە هەروەها داخوازیەکی نمونەیی پێکهێنابوو ، نمونەیەك بوو بۆ زۆرینەی ئەو کەسانەی کە لە دانی باج هەڵدەهاتن ، وە سیاسەتی ( ڕوتکردنەوە ) یان پەیڕەو دەکرد کە وویلایەتە یەکگرتوەکان تایەتمەندبوو تیایدا لەو ساڵانەدا کە جەنگی سارد لە بەرزترین ئاستیدا بوو ، سەرباری ئەوانەی خۆشیان دەهات

بەو چیرۆکە بەو شێوەیە کە ڕای گشتی ئەمریکی هەژاند وە زیاتر لە حەفتا لەسەدایان هەستیان بەشەرمەزاری دەکرد لەبەر ئەوەی ئەمریکین هەروەك لە واشنتن پۆستدا هاتووە پاش پێنج مانگ لەو ڕوداوە ، لەکاتێکدا ئابڕوچونەکە بەڕاستی شەرمەزاریە .

دە ئامێری زۆر پێشکەوتوو

کێشەی واتەر گێت لەنێوان دیموکراتەکان و کۆماریەکاندا نەبوو ، بەڵکو لە نێو هێزێك کە لەڕاستیدا ئەیەوێت شتێك بەهێز بەسەر ڕاستی بسەپێنێت ، وە ئەو ڕاستیە دەنوێنێت کە تەنها لە ڕێگەیەوە ئاکاری سیاسی ئەمریکی ناپاك دەردەکەوێت ، وە لەگەڵیدا ئەو ڕێگەی کارکردنە کە گرنگترین دەزگا کە کۆڵەکەی ئاسایشی لە وویلایەتە یەکگرتوەکاندا پێکهێناوە ئاشکرادەکات ، کە ئەویش دەزگای هەواڵگری ئەمریکیە ( CIA ) کە ڕوداوەکە بە فیلمێکی دراماتیکی و پۆلیسی دەچێت لەهەمانکاتدا . بەڵام ئەو پرسیارانەی بەدرێژایی دەخرانەوە بەرچاو ئەوەبوو : ئەو پیاوانە چیان دەکرد لەناو بارەگای پارتی دیموکراتیدا ؟ ئەڵێن ئەوان ئامێری گوێلێگرتنی پێشکەوتویان داناوە لەپێناو گوێلێگرتن لە وتووێژەکانی ڕۆژانە وتەواوی بیروڕا گۆڕینەوە تەلەفۆنیەکانی هەموو نوسینگەکان هەتا ئەوانەی بۆ کارمەندانی ئاسایی لە بارەگای حیزب تەرخانکراون . پاشان دەڵێن کە کارەکە پەیوەستە بە دزینی بەڵگەنامەی گرنگی پارتی دیموکراتیەوە ، پرسیا ئەوەیە چۆن و لەبەرژەوەندی کێ هەموو ئەمەکراوە ؟ لەبارەگای پارتێك وەك پارتی دیموکراتی ، هەروەها ئامێری لەوپەڕی وردبینیدا کە دەتوانێت چاودێری کەشی دەرەوە و ناوەوەی بارەگاکە بکات . کە کامێرای ئامادەکراو بۆکارکردن بەدرێژای کات بۆ گواستنەوەی دەنگ و ڕەنگ بۆ نوسینگەی پاسەوانی ئاسایشی تیابوو . وە ئەو کەسانە چۆن چوونە ناوەوە ؟ وە چۆن توانیان ژمارەی نهێنی دەرگا سەرەکیەکان بەدەست بهێنن ؟ وە چۆن توانیان خۆیان لابدەن لە کامێرا هەڵواسراوەکان بەدیوارەکانی نوسینگەکانەوە ؟ پاشان چۆن دوای هەموو ئەمانە ئەو کەرێتیەیان کرد درگاکانیان بە نیوە کراوەیی بەجێهێشت لەکاتێکدا لەوێدا بوون ؟ وە چۆن پاسەوانەکە بەدیاریکراوی گەیشتە ئەو درگایانە وە خەبەری ئەگەری دزی دا ؟ چۆن ئەو پیاوانە لە ماوەی کارە ناڕۆشنەکەیاندا ئەو ئامێر و بڕە پارە زۆرەیان پاراست کە لە گیرفانیاندابوو ؟ ڕاپۆرتی پۆلیس ئەوە

**دووپاتدەکاتەوە کە لە کاتێکی ئاسایدا دەستگیری کردوون ، وە هیچ یەکێك لەو کەسانە بچوکترین بەرگری نەکردووە ، بەڵام زیاتر لەوە ئەوان لەکاتی لێکۆڵینەوەی ئاسای لەگەڵیاندا ، یەکەم دانیاننا وەبەوەدا کە ئەوان دز نین . وە بونیان لەو شوێنە دیاریکراوەدا لە چوارچێوەی کارێکی تایبەتیدا بووە . بەرلەوەی کە دانپیانانەکەیان بگۆڕن بە دانپیانانێکی تری پێچەوانەی نادیار . بەرلەوەی کە فایلەکە بەهەموویەوە توشی سوتان ببێت کاتێك ئەو نوسینگەی پۆلیسەی کە هەستابوو بە لێکۆڵینەوە لەگەڵ تاوانبارانـدا توشی سوتان بوو کەبوە هۆی خراپبونی زۆر لە فایلە گرنگەکان لەنێویاندا فایلی واتەر گێت ، هەروەك ژمارەیەك لە لێکۆڵەرەوان توشی کردەوەی تیرۆرکردن بوون لە کەش و هەوایەکی نادیاردا . هەمووان لەهەوڵی گەیشتن  بە وەڵامی ئەو پرسیارە زۆر وردەدابوون . چی ڕویدا لە بەرەبەیانی 17 ی یۆنیۆی ساڵی 1972 دا ؟**

**ووتارێکی شڵەژاو**

**لای خۆیەوە سەرۆکی ئەمریکی نیکسۆن ووتارێکی بە بەرواری 22 یۆلیۆ دا ، ووتارێکی شڵەژاوی بۆ گەلی ئەمریکی خوێندەوە کە تیایدا هاتبوو : کۆشکی سپی هیچ تێوەگلانێکی نیە لەم کێشەیەدا ، وە بەدەست بەستراوی ناوەستین لەبەردەم هەر هەوڵێکدا دەست بدات لە ناوبانگمان وپیشەی دەزگا بەئاگاکانمان ، کە کاری یەکەمیان کە بەرگریە لە گەلی ئەمریکی و سیاسەتی ئەمریکی لە ناوخۆ و دەرەوەدا . لەگەڵ ئەوەی هەموان باوەڕیان بەو ووتارە نەکرد بەڵکو بە پێچەوانەوە ، نەتەنها تێوەگلان بە کێشەکەوە ، بەڵکو لە هەوڵی لێدانی لایەنێك بە لایەنەکەی تردان ، وە لە کۆتایدا کێشەکە خزمەتی هەموو ئەوانەی کرد کە ئەیانویست سەرۆکی کۆماریەکان بن ، وە کۆماریەکان خۆیان سودیان لە نهێنیەکانی دیموکراتەکان وەرگرت ، کە بەرلە مانگێك لەو کردەوەیە دەستیان کەوت ، ئەمە واتا کە کێشەکە لە کاتێکی درێژترەوە لەو کێشەیە هەبووە بەرلەوەی بەو شێوە سینەماییە ئاشکرا ببێت ، ئەو لێدوانە تەمومژاوی و شڵەژاوەی کە سەرۆك ڕیچارد نیکسۆن دای بەقەد یەك دڵۆپ بوو کاسێك .**

**سپی کردنەوەی پارە** (#)

ڕۆژنامەی واشنتن پۆست کە یەکەم کەس بوو کێشەی ئاشکرا کرد بیرۆکەی ( بێگوناهی هەمووان ) ی لە کێشەکە ڕەتکردەوە ، لەبەر بەمەبەستی تێپەڕبوونی لێکۆڵینەوە ، کە لێیەوە ( ئیدوارد ستون ) ئاشکرای کرد کە پارتی کۆماری پەنایبردۆتە بەر سپیکردنەوەی پارە لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەیدا ، وە ئەو پڕۆژەی ( کۆماری نەتەوەیی ) یەی کە ڕیچارد نیکسۆن ڕایگەیاندبوو لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەیدا لە کۆتایدا بووە ڕوخسارێکی سیاسی بۆ سپی کردنەوەی پارە ، وە بۆ سپی کردنەوەی پارە و بەڵێنەکان ، وە ئەوانەی لە ناوەڕۆکە ترسناکەکەی سودمەند بوون لە هەمان ئەو کەسانە بوون کە پشتیوانی نیکسۆنیان دەکرد لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەیدا ، وە لە پاش ئابڕوچونەکە لێی دورکەوتنەوە ، وە زۆربەیان داوای زیندانیکردن و لێسەندنەوەی ڕەگەزنامەی ئەمریکیان لێی کرد ، بەڵام پێویستە ئەوە بڵێین کە هەڵمەتی هەڵبژاردن لەوپەڕی سەرکەوتندابوو بە نسبەت نیکسۆنەوە کە خۆی وەك تاکە سوارچاك بینیەوە لە یاریگایەکی ناهاوسەنگدا ئەوانەی کە ڕکابەریان دەکرد و توشی پەلوپۆ بەستن ببوون بەخێرایی گۆڕانە سەر کێشە ئەخلاقیەکان ، وەك ( جیڕاڵد سمیس) کە یەکێك لە ڕۆژنامەکان بەڵگەنامەیەکی بڵاوکردەوە لەسەر هاوڕەگەز بازی و لەسەر کردەوە سیاسیەکانی کەلەسەر ( بەرتیل ) و بەڵێنە زۆرەکانی کە وەك چەکی بانکی بێ دەستمایە وایە وەستاوە .

**یەکلاکردنەوەی حسابات**

یەکێك لەو تۆمەتانە واتا کەوتنی ( جیڕاڵد سمیس ) کە ویستی بەکردەوە خۆی بکوژێت ، بەڵام هەوڵدانی خۆکوشتنەکەی شکستی هێنا بە چوونە نەخۆشخانەی لە پێش چاوی ملیۆنان کە ئەو ڕوخسارە چەپەڵەیان بینی لە سیاسەتی ناوخۆی پەیوەند بە هەڵبژاردنەکانەوە ، لەوەدەچێت ڕیچارد نیکسۆن هەرخۆی بێ گوناح بێت ، تۆمەتێکی ڕۆشن لەدژ ئاڕاستە نەکرا ، وە هەتا نە نیمچە تۆمەتیش ، پاکبوو وە ئەو لە بەرزترین بڵندگۆی پارتی کۆماری ئەمریکیەوە ڕایگەیاند هیچ هەڵەیەکی ئەمریکی بەجێناهێڵێت تا چاکی نەکاتەوە ، ئەو هاتووە بۆ کۆشکی سپی لەبەر ئەوە دەنگی ناوخۆیی هەموو ڕۆژێك بۆیدەهات بۆئەوەی لێرە ئامادەبێت ( کۆشکی سپی ) ، بۆ چاکردنەوەی هەڵەکان و ژیانەوەی ژیانی سیاسی ئەمریکی بەرەو باشتر ..؟ ئەو ووتارە نامۆیە بەشێك بوو لە

**هەڵمەتە درێژخایەنەکەی کە ڕیچارد نیکسۆن لە ڕێگەیەوە دەیویست گۆڕەپانی سیاسی پاکبکاتەوە لە بوونی زۆر ڕوخسار کە زۆر بێزاریان کردبوو ، وە بە ڕیزپەڕی سیاسی دانابوون . لەوانەیە کێشەی ( دورگەی بەرازەکان )ی کوبی بەسبێت بۆ ووروژاندنی ئاژاوە لە بەردەم نیکسۆندا ، بەڵام ئەوانەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەیان بەرنامەڕێژ کردبوو ئەیانویست کێشەی دورگەی بەرازەکان بەشێوەیەکی جیاواز بتەقێننەوە لەسەر بنەمای تێوەگلانی ئەو کەسانەی دوژمنی پارتی کۆماری بوون ، هەندێکیان دادوەران بوون وە هەندێکی تریان لە نوسینگەی هەواڵگری ئەمریکی کاریان دەکرد کە بەشێوەیەکی تەواوی لادران لە نوسینگەکە .**

**کاتبۆدانانی وروژاندنەکە**

**سەرکەوتنی تەواوی نیکسۆن واتای هاتنە ناو کۆشکی سپیەوە لە دەرگایەکی فراوانەوە ، وە کارەکە بەشێوەیەکی سەرسورهێنەر و ورد بەڕێوەچوو ئەگەر کێشەیەکی تر نەبوایە کەکەس پێشبینی نەدەکرد . ڕۆژنامەنووس ( جێمس مۆنتون ) کێشەی واتەر گێتی جارێکی تر خستەوە ڕوو ، کاتێك لە گرنگترین کەسایەتی سیاسی پارتی دیموکراتیەوە( ئیلیوت فۆرد ) نزیك بوو ، بابەتەکە گەڕایەوە بۆ پەڕەکانی یەکەمی ( واشنتۆن پۆست ) کارەساتێکی ڕاستەقینە بوو سەبارەت بە سەرەك نیکسۆن و پارتی کۆماری ، بەتایبەتی لەگەڵ دەستپێکردنی دادگایکردنی ئەو پیاوانەی کە گیرابوون لەناو بارەگای پارتی دیموکراتیدا لە هەشتی یەنایری ساڵی** 1972 **دا ، ئەو دادگایکردنە کە پاسەوانیەکی توندو تەواو نهێنی لەخۆگرتبوو ، لەگەڵ ئەوەدا تیشك خرایە سەر گرنگترین پێکهێنەری هەڵوەشاندنەوەی بیرۆکەی ( پرۆسەی دزیەکی ئاسایی ) توانی کەسایەتیەکی وەك ( ماکورد ) بێنێتە بەردەم دادگا . ( ماکورد ) فەرمانبەرێکی سامی بوو لە نوسینگەی هەواڵگری ئەمریکی ، تەنها هێنانی ناوەکەی وەك لەناوبردنی ڕاستەقینەی هەموو ئەو دەزگایەبوو کە ململانەی دەکرد بۆ بێگوناهی لێی کەبە ( عەقڵێکی شێواو ) دادەنرا ، بەڵام ( ماکورد ) لەژێر فشارێکی دەرونی تونددا دانینابەوەی کە تەنها ( فەرمانپێکراو بووە ) وە ( ولیام جۆنس ) لە نوسینگەی ( هەواڵگری سەرۆکایەتی ) سەربە پارتی کۆماری ئەو بووە کە فەرمانی پێکردووە بە پێشکەش کردنی یارمەتی ( لۆجستی ) ئەو پیاوانەی**

**هەڵبیبژاردوون و پەیوەندیان پێوەدەكات و بڕێك پارەیان ئەداتێ ، بۆ هەستان بە كردەوەی چاندنی كامێرای نهێنی و مایكرۆفۆن لەناو بارەگای پارتی دیموكراتی ئەمریكیدا ، كە ئامانج لێی چاودێری كردنی هەموو گەورە و بچوك و گوێگرتن لە ووتو وێژە تایبەتیەكان و كەسایەتیە خۆشەویستەكان بوو لەگەڵ گەورەترین ئەندامانی حیزبەكە تاوەكو وەك كارتی فشار لەسەریان لە كاتی گونجاودا بەكاریبهێنن .**

**خورپەیەكی بكوژانە**

**ناوی( ولیام جۆنس ) شۆكێك بوو كە لێكۆڵەرەوان خێرا نەیانتوانی لێی بەئاگا بێنەوە ، ( ولیام جۆنس ) لە ماوەی هەفتەیەكدا نارەزایی لە هێنانی ناوی دەربڕی ، وە كردەوەی تیرۆركردنی لە ئۆتۆمۆبێلەكەیدا لەكاتێكدا خێزانەكەی دەبردە دەرەوەی پایتەختی ئەمریكی ، ئەو كردەوەیە كە قوربانیەكانی گەیشتە ( جۆنس ) و خێزانەكەی كە لە پێنج كەس پێكهاتبوون ( ژنەكەی و خوشكەكەی و سێ منداڵی ) ڕاستیەك بوو كە هەمووان هەستیان پێكرد ، ناوەرۆكی كێشەكە ترسناكترە لەهەموو ئەوەی وەبیرخراوەتەوە ، ئەو هێڵە بەیەكداچوانە بەرەو هەمان ئاڕاستە دەڕۆیشت ، سەرۆكی زۆربەی دیموكراتەكان پۆستی سەرۆكی لیژنەی لێكۆڵینەوەی هەڵاواردنی دایەدەست سیناتۆر ( سام ئارفین ) دەربارەی بارودۆخی بەڕێوەچوونی ( پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆكایەتی سەرۆك ریچارد نیكسۆن ) ، كە ئەو ئابڕوچونە سیاسیە سەبارەت بە كۆماریەكان یەكەم جارە بەڕەكە لەژێر پێیان ڕادەكێشن ، بەتایبەتی پاش ئەوەی زیاتر لە سەدا پەنجای ئەمریكیەكان باوەڕی بەرچاوی خۆیان ڕایانگەیاند كە خودی سەرۆك تێوەگلاوە لە كێشەی واتەر گێت ، سەرباری ئەوەی هەموو بارودۆخێك خزمەتی دەكرد ، لەوانە بارودۆخی تیرۆركردنی ئەو كەسانەی كە لایەنەكانی تایبەت بە لێكۆڵینەوەیان لەو كێشەیە هەراسان دەكرد ، قازی ( ئافلین ) دانیپێدانا كە زیاتر لە حەفتا كەس تیرۆركراون لە بارودۆخێكی زۆر نادیاردا ، كە هەموویان لەپەیوەندیدا بوون بەیەكەوە بەشێوەیەك لە شێوەكان كە كارەكانیان جیاوازبووە ، نزیكەی دوانزە كەسیان لەگەڵ خێزانەكانیان تیرۆركراون لە هەمان بارو دۆخی نادیاردا ، ئەوانەی جێبەجێكاری ئەو كردەوەی تیرۆركردنانەبوون كەناسران و**

**پەنجەی تاوانباری ڕاستەوخۆیان بۆ ڕاکێشرا لە نێو زیندانە تایبەتەکانیاندا تیرۆرکران ، کە پاسەوانی توند دەکرا لەلایەن پاسەوانانی فیدراڵیەوە .**

**تێوەگلانی سەرۆك**

**لەوانەیە داڕشتنی کێشەکە ئاڕاستەیەکی تر وەربگرێت کە ئەوەیە : کێشەی قۆستنەوەی دەسەڵات ڕۆیشتن ، لەبەرئەوەی پارتی دیموکراتی ململانەی دەکرد بە سەپاندنی ڕای بەرامبەر کە ئەوەبوو ( خودی سەرۆکی ئەمریکی تێوەگلاوە ) لە قۆستنەوەی دەسلات و ( لە کارکردنی تیرۆری دەوڵەتی ) بەسەر ڕکابەدەکەیدا ، وە ئەوەی لە دیانپیانانەکانی تردا هاتووە یەکێك لە پیاوانی تاوانبار دانیپیاناوە کە پلانە گەورەکە لەوە بەولاوەتربووە کە تەنها کامێرا دابنرێت ، بەڵکو ئامێری گویَ لێگرتنی تەقەمەنی دابنرێت ( ئامێری تەقینەوە ) ئەو تۆمەتەی کەلە ئاستی ئەو توێژاڵەدایە کە پشتی ووشتر دوولەت دەکات ، بەتایبەتی کە پڕۆسەی لێکۆڵینەوە زیاتر فراوان بوو وە بانکردنەکان بەردەوام بوو بۆ ژمارەیەك کەسایەتی کە دور لە تیشکی ڕوناکی بوون بۆ ماوەیەك ، هەتا سەرەك نیکسۆن لە جێگەی تاوانبارکردنی شاراوەدابوو ، گەیشتە ئاستێك ئەوەی کە ڕاگەیاندنی ئەمریکی بە ( ئابڕوچونێکی دولایەنە ) ناوی دەبرد ، گەیشتە ئاستێك یەکێك لە یاریدەدەرە تایبەتەکان لە نوسینگەی تایبەتی سەرۆك ڕایگەیاند کە ژمارەیەك تۆماری دەنگی هەن کە خودی سەرۆك ڕیچارد نیکسۆن تۆماری کردون کاتێك بەتەلەفۆن لەگەڵ کەسایەتیە سیاسیەکان ووتو وێژی کردوە . وە ئەو تۆمارانە لەناو فایلێکدا دانراون لەسەری ئاماژەی ( زۆر نهێنیە ) نوسراوە . ئەو دانپیانانانە ڕاستیەکی ئاشکرای هەڵماڵی بۆ هەمووان بەوەی کە سەرۆکی ئەمریکی ڕیچارد نیکسۆن هەتا لەسەر یاریدەدەرە نیزیکەکانیشی سیخوڕی کردووە ، وە لەسەر هاوڕیَ سیاسیەکانی ، وە زیاتر لەوە ، بە کامێرای شاراوەی دانراو لە نوسینگەکانیاندا سیخوڕی لەسەر کردوون . نوسینگەی پرسگەی تایبەت بە سەرۆك بریتی بوو لە تۆڕێکی سیخوڕی لەناو کۆشکی سپیدا .**

**کلاوی شەرمەزاری**

**ڕۆژنامەی نیویۆرك تایمز نوویسبووی بە خەتێکی ئەستور . سەرۆك ڕیچارد نیکسۆن سیخوڕی لەسەر یاریدەدەرە نزیکەکانی کردووە ، ئەمریکیەکان تازە بۆیان دەرکەوتوە کە**

**سەرۆكەكەیان لەسەر خەڵكی تر سیخوڕی دەكات ، وە ڕاستیەكان دەشارێتەوە ، وە دەست لە درۆكردن هەڵناگرێت لەگەڵ هەموو خەڵكی ، كارەكە لەوپەڕی خراپی و بنبەستدایە ، ئەوەی ڕەنگە قوڕەكە زیاتر خەست بكاتەوە ، دەست لە كاركێشانەوەی جێگری سەرۆك ( سپیرۆ ئانیۆ ) بوو پاش ئەو فشارانەی ڕوبەڕوی بوەوە لەلایەن ڕۆژنامە ئۆپۆزسیۆنەكانەوە وە لەلایەن زۆر لایەنەوە لە ناو پارتی كۆماریدا ، ئەو فشارانە داینا لەبەردەم كەسانیتردا ( یان دەست لەكار كێشانەوە یان هەڵگرتنی كڵاوی سەرۆك لەو ئابڕوچونەدا ) ، لەم بارەدا بۆ خودی سەرۆك ئاسانترە كە لە تۆمەتەكە و ئابڕو چونەكە ڕابكات بە ئاڕاستە كردنی ڕاستەوخۆی جێگرەكەی ، وەك ساناترین ڕێگەی خۆپاراستن ، لەبەر ئەوە (سپیرۆ ئانیۆ ) دەست لەكاركێشانەوەی هەڵبژارد تا ڕیچارد نیكسۆن ڕوبەڕو لەبەردەم كارەساتەكەدا دابنێت ، ئەو دەست لەكاركێشانەوەیە وەك لێدانی لەناوبردن وابوو بۆ نیكسۆن كە لەبەردەمیدا درگاكانی ئابڕوچونەماڵیەكانی كرایەوە ، سەرەڕای خودی ئابڕوچونی واتەر گێت . لە بەرواری 20 ی یۆلیۆی 1973 داخوازی ئاشكراكردنی ئەوە چی ڕویداوە دەستی پێكرد . وە ڕاستیەكەی ناتوانرێت شتە زانراوەكانی بشاردرێتەوە لە ڕێگەی دەست لەكاركێشانەوەی بەكۆمەڵەوە .**

**نیكسۆن دانیپێدانا**

**ساتەكەی ڕیچارد نیكسۆن هەستی كرد چارەسەرێكی هەیە ، لە بیرۆكەیەكدا كەباوەڕی وابوو جەهەنەممیە ، كە بەهای ناوبانگ و پۆستەكەی لە كۆتایدا پێكەوە تێدەچێت ، بە مێژووی 30ی ئەبریل ، لەبەردەم كامێرای تەلەفیزیۆنەكاندا وەستا ، دەنگی شڵەژابوو ، پاش ساڵێك لە دەست لەكاركێشانەوە بەكۆمەڵەكان كە كەسایەتیە ناسراوەكان لە پارتی كۆماری پێشكەشیان كردبوو ، وەك ( دۆن سمیت ) و( هاڵدمان ) و ( ئەرلیشمان ) ، سەرۆكی ئەمریكی دایپێدانا بەبوونی زیاتر لە 46 كاسێتی تۆماركراو لە كۆشكی سپیدا دەربارەی واتەر گێت ، ووتی كێشەكە لەكۆتایدا كێشەی كەمتەرخەمی و هەڵەیە هەندێك كەس پێی هەڵدەسن بەبێ ئاگاداری هەموان ، ئەو ووتارە گەورەترین سەرزەنشت بوو لەدژی سەرەك ڕیچارد نیكسۆن كەبەبێ ئەوەی مەبەستی بێت دانیپێدانا ، ئەوە لەكۆتایدا ئەو هەڵانەبوو كەبوە هۆی ئەو هەموو تەنگەژەیە لە ڕێگەی ئەوەی پێی دەڵێن ( دزینی**

**نهێنیەکان ) بە ڕێگا شێوەی ( جێمس بۆند ) . ڕیچارد نیکسۆن بەڵێنی بەهەمواندا بە بڵاوکردنەوەی بەڵگەنامەکان لەبارەی بابەتەکەوە بۆ کۆتای پێهێنانی ، بەڵام نەیدەزانی ئەوە بەڕاستی کۆتایی بەو دێنێت وەك سەرۆکی دەوڵەت و وەك پیاوی سیاسی ، وە بەڵگەنامەکان بڵاوکرانەوە ، بەشێوەی 1300 لاپەڕە ، وەك شۆکێك وابوو بۆهەموو ئەو ئەمریکیانەی ڕویەکی تری سەرۆکەکەیان بینی ، کە لەو بڕوایەدابوو بە دوژمن دەورەدراوە ، وە ئەو( سەرۆك) لە باری جەنگدایە لەگەڵ هەمواندا ، هەتا لە یاریدەدەرە دڵسۆزەکانی بەگومان بوو ، وە لە چێشتلێنەرە تایبەتەکەی بەگومان بوو ، وە لە شۆفێرە تایبەتەکەی کە نیکسۆن لە ئامێری گوێگرتن لە ماڵەکەی و هەتا لە سەیارەکەیدا بێبەشی نەکردبوو . نیکسۆن دوژمنی خۆی بوو ، وە دەیویست کە تاکەکەس بێت لەپێداگری کردن لەسەر پاراستنی ئەمریکا لە زۆری دوژمنانی کەلە هەمو شوێنێکن ، وە بیرۆکەی چاودێریردنی دەچێتە خانەی زانینی هەموو شتێکەوە ، بە دەنگ و ڕەنگ ، ڕۆژنامەی ( شیکاگۆ تریبون ) نووسیبوی : بەر لەڕۆژێك لەوباوەڕەدابووین و ئێمە واماندەمانزانی کە نیکسۆن ئەو سەرۆکەبوو کە گەیشتە کۆشکی سپی بازی بەسەر هەموو پیتەکاندادا ، وە ئەمڕۆ سەرۆکمان بەشێوە ڕاستەقینەکەی  بۆ ئاشکرابوو کە ئارەزووی گریان لە هەموو ئەمریکیەکی دڵسۆزدا دەوروژێنێت  لەسەر بەختی وویلایەتە یەکگرتوەکان لە جەمسەرگری ئەم جۆرە لە خەڵك کە هەموو شتێك بە ناوی ( لۆجیك )ی خواروخێچ باسدەکەن .**

**دایکی کێشەکان**

**دادگای فەرمی ئەمریکی کێشەیەکی ڕەقی وەك ئەو کێشەیەی بەخۆیەوە نەدیووە ، نەك لەبەرئەوەی بێوێنەیە لەو جۆرە ، بەڵکە لەبەر ئەوەی کێشەیەکی فەرمیە ، سیاسیە ، خودی سەرۆکی ئەمریکی تیایا تێوەگلاوە ، هاوسەنگیەکان زۆر سەختە لە کاتێکدا تیایدا دەست لەکارکێشانەوە بەکۆمەڵەکان لەناو پارتی کۆماریدا ڕویدا واتا بۆ ڕەئی گشتی ( تێوەگلان هەتا بناگوێ ) ، لەوانەیە بەم لێوردبونەوەیە هەرخۆی قسەکە بۆ ئەمڕۆمان واتای واتەر گێت مانای ئابڕوچونێکی سیاسیە لە ڕۆشنترین وێنە و شێوەیدا ، کە بۆخۆی پەردەی لەسەر لایەنی شاراوە و بێئابڕو و جەهەنەمیەکان هەڵماڵی لە**

**سیاسەتێکدا کە بەهێز وەرگیرابێت کە تائێستا شێوەیەکی پێکهێناوە لە ئال(نبراس ) ی ئەمریکی بە دەلیلی هەموو ئەوەی ڕیدا و ڕو ئەدات . ئەوەی گۆڕاوە سیاسەتی ئەمریکی نیە ، بەڵکە تێڕوانینی نێودەوڵەتیە بۆ ئەو سیاسەتە ، وە هەروەها شتێك نیە ناوی پیرۆزی بیت کاتێك کارەکە پەیوەندی بە خودی سیاسەتەوە هەیە ، بەڵام ئەوەی کە زانراوە ئەوەیە ئەم ئابڕوچونە دەیخاتە ڕوو لایەنە ئاکاریە زۆرەکەیە کە سەرەتای هەموو لێکترازانەکان بوو کە جیهانی مرۆمان دەیجویێتەوە لەبەر ئەوەی هەڵەکە لێرەوە دەستی پێکرد ، لەو لایەنەوەی کە سەرجەم جیهان بەڕێوەدەبات ، هەموو جیهان بەم شێوە کاریزماتیە ترسناکە .**

**لە 9ی ئابی 1974 پاش ئابڕوچونی واتەر گەیت سەرۆك نیکسۆن دەستی لەکارکێشایەوە لە پۆستەکەی کەیەکەم سەرۆکی ئەمریکیە ئەوەبکات لە جێگەی جێگری سەرۆك جیراڵد فۆرد بوو بە سەرۆك .**

**لە 8ی سێپتەمبەری 1974دا سەرۆك جیراڵد فۆرد لێبوردنی بۆ ڕیچارد نیکسۆن دەرکرد سەبارەت بەو ئابڕوچوونە .**

**( # ) سپی کردنەوەی پارە ( 5 )**



شتنەوەی پارە ئەوکەسانەی مادە هۆشبەرەکان دەفرۆشن و ئەوانەشی کە دەیکڕن ، ڕۆژانە پارە لە نێوانیاندا دەستاو دەست دەکات ئەم پارانە هەڵگری بۆنێکی تایبەتین بە هۆی مادە هۆشبەرەکانەوە ، ئەوکەسەی فرۆشیارە ڕۆژانە پارەیەکی زۆری دەست دەکەوێت کەهەڵگری ئەم بۆنانەن ، بۆیە ناتوانرێت ئاوا ڕەوانەی بانکەکان بکرێت لەبەر بوونی ئەو بۆنە تایبەتیە . بۆیە هەڵدەسن بە شتنەوەی ئەو پارانە ، هەتا بۆنەکەیان نەمێنێت . بە هۆکاری تایبەتی کە کارناکاتە سەر کاغەزی پارەکە ، یان بە کرداری هەڵماندن یان بە هەندێك مادەی لابەری بۆن . کەپاشتر ڕەوانەی حسابی بانکەکەیانی دەکەن . ئەمە لەبنەڕەتدا شتنەوەی پارەیە .

بەڵام ئێستا بەو پارانە دەڵێن کە بەڕێگەیەکی نایاسای یان نا شەرعی پەیدادەکرێن . پێی دەڵێن سپی کردنەوە یان شتنەوە ی پارە . ووشەی سپیکردنەوەی پارە یان شتنەوەی پارە ، واتا بەکارهێنانی فێڵ و هۆکار و شێوازێك بۆ ڕەفتارکردن بەو پارەیەیی کە بەدەست هاتووە بەڕێگەیەکی نایاسایی ، وە ناشەرعی ، بۆ بەشەرعی کردن و بەیاسایی کردنی . وە ئەو پارانە دەگرێتەوە کە لە بەرتیل و گەندەڵی و گزی بازرگانی و تەزویرکردنی پارە و ، بازرگانی کردن بە مرۆڤ و مادە بێهۆش کەرەکان . وە پاداشتی کاری سیخوڕی ، وە ڕێگەی نایاسایی یەوە بەدەست دەهێنرێن . ئێستا دەتوانین واتاکەی کورت بکەینەوە بۆ ئەوپارانەی بەشێوەیەکی نایاسایی بەدەست هاتوون چۆن دەتوانرێت بکریت بە حسابێکی یاسایی وە سەرچاوەی پەیدا کردنەکەی ونبکرێت . بەم کارە دەوترێت سپی کردنەوە یان شتنەوەی پارە .



**ڕیچارد نیکسۆن Richard Nixon ( 6 )**

**ڕیچارد نیکسۆن لە ( 9 ی ینایر ی ساڵی 1913 ) لەدایك بووە لە یوربا لندە لە کالیفۆڕنیا لە خێزانێکی بەڕەگەز ئەڵمانی ناسراو بە میلهاوزن لە ( 22ی ئەبریلی ساڵی 1994 ) کۆچی دوایکردوە ، بیست ساڵی کۆتایی ژیانی لە کالیفۆڕنیا ژیا پاش دەست لەکارکێشانەوەکەی . سی و حەوتەمین سەرۆکی وویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بوو لە ساڵی ( 1968 بۆ 1974 ) ، جێگری سەرۆکی ئەمریکی سی و شەشەمین ئایزنهاوەر بوو لە ساڵی ( 1953 بۆ 1961 ) بە هۆی کێشەی واتەر گێتەوە نەیتوانی خولی دووەمی سەرۆکایەتیەکەی تواو بکات .**

**کارەکانی**

1- **ئەندامی پارتی کۆماری ئەمریکی .**
2- **ئەندامی کۆنگرێس لە ساڵی 1947 بۆ ساڵی 1951 .**
3- **ئەندامی ئەنجومەنی پیران لە ساڵی 1951 بۆ ساڵی 1953 .**
4- **جێگری سەرۆك دوایت ئایزنهاوەر لە ساڵی 1953 بۆ ساڵی 1961 .**
5- **لەدژی جۆن کەنەدی ساڵی 1961 بەژداری یەکەمین ڕووبەڕووبوونەوەی سەرۆکایەتی تەلەفیزیۆنی کردووە .**
6- **سەرۆکی 37 هەمینی ئەمریکی ساڵی 1969 بۆ ساڵی 1974 .**
7- **یەکەم سەرۆکی ئەمریکیە سەردانی چینی کردوە .**
8- **یەکەم سەرۆکی ئەمریکیە دەستی لەکار کێشاوەتەوە .**
9- **یەکەم سەرۆکی ئەمریکیە یارمەتی ئیسرائیلی دابێت بەبڕێکی ماڵی گەورە بەبڕی 3 ملیار دۆلار .**

**بارگرژیەکان**

**جەنگی ڤێتنام لەسەردەمی ئەمدا بە سەرکەوتنی ڤێتنامیەکان کۆتایی هات .**

**خەریك بوو بۆمبای ناوەکی لە جەنگی ڤێتنامدا بەکار بهێنێت .**

**ئابڕوچوونی واتەر گێت .**

**نەوتی عەرەبەکان لە وویلایەتە یەکگرتوەکان بڕا ساڵی** 1973 .

### کەنداوی بەرازەکان Bay of Pigs ( 7 )




لە 17 ی مارسی ساڵی 1960 دا کاتێك سەرۆکی ئەمریکی ئایزینهاوەر ڕەزامەندی پیشاندا لەسەر پێشنیاری CIA بە یارمەتیدانی ئۆپۆزسیۆنی کوبی لە دژی سیستمی کۆمۆنیستی نوێ لە کوبادا بەسەرۆکایەتی کاسترۆ ، وە هەستان بە مەشقپێکردنی ئۆپۆزسیۆنی کوبی لە گواتیمالا کە لیوایەکیان لێپێکهێنان بەناوی Brigade Asalto 2506 ، وە ناوی کوبی Zapata یان لە پرۆسەکەنا ، وە بەڕێوبەری CIA بەڕێز ئاڵن دالاس ی ڕاسپارد بۆ لێپرسراوی پرۆسەکە ، بەلام هەواڵی ئەو پرۆسەیە گەیشتە کوبییەکان لەڕێگەی تۆڕە سیخوڕیە نهێنیەکانی KGB یەوە ، وە پرۆسەکە بە لێدانی هەوایی بۆ ماوەی 48 کاتژمێر دەتسپێبکات هەتا گرنتی سەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆن بکات .

وە هێرشی زەمینی لە ڕۆژی 17ی ئەبریلی 1961 دەستی پێکرد ، کاتێك 4 فرۆکەی گواستنەوە 1511 کەسیان گواستەوە لە ئەندامانی ئۆپۆزسیۆنی کوبی ( لیوای 2506 ) کە باش مەشق درابوون ، لە کەنداوی بەرازەکان Bay of Pigs دابەزین لە کەناراوی باشوری کوبا ، وە لەگەڵیاندا دوو فرۆکە کە پێداویستیەکانی پرۆسەکەیان پێبوو هاوڕێبوون . لیواکە لە دوو شوێنی جیاواز دابەزین لە دورگەکە ، وە ڕووبەڕوی بەرگری بوونەوە لەکاتی دابەزینیاندا کە توانیان بەسەریاندا سەربکەون ، هەرچەندە هێزی ئۆپۆزسیۆن بچونایەتە پێشەوە توشی بەرگری قورستر دەبوون لەلایەن هێزی کوبیەوە ، توانیان بەسەریاندا زاڵبن بە هۆی توانا سەربازیەکەیانەوە کە هێزی داگیرکەر هەیانبوو سەرباری پشتیوانی هەوایی لەگەڵیاندا لە فرۆکەی B-26 . پاش سەرکەوتنی سەرەتایی لیواکە ، لەپڕێکدا توشی بەرگری سێ فرۆکەی Hawker Sea Furies بونەوە بۆماوەی

15 خولەك ، وە سەرباری پشتیوانی هەوایی فڕۆکەی B-26 ، هەستان بە گۆڕنی ئامانجەکەیان بە لێدانی کەنارەکان و لێدان لە کەشتیەکان کە پشتیوانیان هەڵگرتبوو توانیان کەشتی Houston نقوم بکەن وکەشتی Marsopa تێکبشکێنن . پاش دوو کاتژمێر لە دابەزینەکە ، پێنج فڕۆکەی C-46و C-45 177 کەسیان لە لیوای 2506 بەپەڕەشوت بەردایەوە لە ناوچەی Horquita ، لەهەمانکاتدا ، کۆمەڵێکی تر لە ناوچەی Giron دابەزین بۆ دەست بەسەراگرتنی ڕێگەی San Blas هەتا Giron . وە سەرۆکی ئەمریکی جۆن کینیدی دژی لێدانی هەوایی بوو لە دژی کوبیەکان ، بەمەبەسی دەرنەکەوتنی تێوەگلانی ئەمریکیەکان لە پڕۆسەکە ، وە شەوی 17 لەسەر 18 ی ئەبریل بڕیاردرا بە هەستانی لێدانی هەوایی بەدەرچوون لە بنکەی Puerto Cabazas ەوە بەڵام هەڵوەشێنرایەوە بە هۆی خراپی کەش و هەواوە .

لە ڕۆژی دووەمی هێرشەکەدا 18ی ئەبریل لێدانی هەوایی دژی بنکەکانی هێزەکانی کوبا بەهۆی 6 فڕۆکەی B-26 بە بەکارهێنانی بۆمب و موشەکی ناپاڵم دەستی پێکرد کە زۆر بەرکەوتن 1800 کەس بەرکەوتن . وە لە سەعاتی 8 ی بەیانیدا توانای هێزەکانی کوبا زیادی کرد ، وە زرێپۆش و تۆپیان بۆهات ، وە هێزەکانی لیوای 2506 زیانێکی زۆریان لێکەوت کاتێك هێزەکانی کۆبا بەرەو کەنارەکان ڕاویان نان . وە لەڕۆژی سێهەمی هێرشەکەدا 19ی ئەبریل ، هەستان بە دواین لێدانی هەوایی لە ڕێگەی 4 فڕۆکەی B-26 ەوە بەناوی Mad Dog Flight ، بەڵام کوبیەکان دوو فڕۆکەی B-26 یان خستەخوارەوە وە چوار ئەمریکی بەهۆی ئەوەوە کوژران ، وە فڕۆکەیەکی تری B-26 خرایەخوارەوە لە ناوچەی Giron . وە یەکێك لە فڕۆکە C-46 فڕۆکەوانی ئەو فڕۆکە تێکشکاوەی بەجێهێشت کە ناوی Matias Farias بوو . وەلەگەڵ نەبوونی پشتیوانی هەوایدا ، وە کۆتایی هاتنی ئازوقەدا ، هێزەکانی لیوای 2506 پاشەکشەیانکرد بۆ کەنارەکان ، وە کەشتیە یارمەتی دەرەکان کەلە کەنارەکەوە نزیك بوون هەستان بە جێهێشتنی ئەو هێزە لەبەر ئەوەی نەیاندەتوانی ئەوکارەبکەن ( یارمەتیان بدەن )، وە ئەو پڕۆسەی کەنداوی بەرازەکان بە شکستێکی گەورە کۆتایی هات . وە لە زیانەکانی هێزی

داگیرکەر ، کوژرانی 16 کەس لە سەرنشینانی فڕۆکەکان لەنێویاندا 4 ئەمریکی ، کوژرانی 68 کەس لە هێزەکانی لیوای 2506 و بەدیل گرتنی هەموو ئەوانیتر .

**پرسیارە دوبارەبوەکان( 8 )**

## جۆرەکانی هەڵبژاردن

**جۆرەکانی هەڵبژاردن کامانەن کە لە وویلایەتە یەکگرتوەکاندا بەڕێوەدەچێت ؟**

**دوو جۆری سەرەکی هەیە ، هەڵبژاردنی بەرایی ( ڕێخۆشکردن ) و هەڵبژاردنی گشتی ، سەرەڕای هەڵبژاردنی بەرای ( ڕێخۆشکردن ) و هەڵبژاردنی گشتی کە هەر دوو دووساڵی جووت ئەنجام ئەدرێت ( واتا چوار ساڵ جارێك ) ، کە تیایدا هەڵبژاردنی سیاسی کۆنگرێسی ئەمریکی یە ، لەهەندێك وویلایەت و ناوچە کە ڕێگە پێدراون هەروەها هەڵبژاردنی ( بەرای و گشتی ) بەڕێوەدەچێت لە دوو دووساڵی هەڵبژاردندا کە بە تاك کۆتایی دێت بۆ دیاریکردنی لێپرسراوانی هەڵبژێردراو .**

**هەڵبژاردنی بەرایی ئەو هەڵبژاردنەیە بۆ دیاریکردنی پاڵێوراو کە لێیەوە ئەو پاڵێوراوانە دیاریدەکرێن کە دەچنە هەڵبژاردنە گشتیەکانەوە . ئەوەی لە هەڵبژاردنە بەراییەکاندا سەردەکەوێت دەتوانێت پشتیوانی بۆ پارتێکی سیاسی ڕابگەیەنێت یان پشتیوانی لە پاڵێوراوێکی هەڵبژاردنە گشتیەکان بکات . بەڵام هەڵبژاردنە گشتیەکان ئەو هەڵبژاردنەیە بەڕێوە دەچێت بۆ هەڵبژاردن لە نێوان ئەو پاڵێوراوانەی وەك پاڵێوراوی دیاریکراو لە هەڵبژاردنە بەراییەکاندا یان ( لە کۆنگرەی پارتی نەتەوەیی یان لە کۆبونەوەی هەڵبژاردنی حیزبییەکاندا ) بۆ پۆستی فیدڕاڵی دیاریکراوە ، ئامانج لە هەڵبژاردنی گشتی گەیشتنە بە دیاریکردنی  کۆتایی لە نێوان پاڵێوراوە جیاوازەکاندا کە پارتەکەیان ڕایگەیاندون کە ئەو پاڵێوراوی دیاریکراوی ئەوە یان ئەوانەی وەك سەربەخۆ دەچنە هەڵبژاردنەکانەوە ( ئەندامی پارتێکی سیاسی سەرەکی نین ) ، یان هەندێك کات ، وەك ڕکابەر کە ناویان لەسەر وەرەقەی هەڵبژاردنەکان دەرناچێت بەڵکو دەنگدەران ناویان دەنووسن ، هەروەك لەوانەیە لەسەر وەرەقەی هەڵبژاردنەکان ناویان ڕیزبەند بکرێت ، سەرباری ئەوە ، هەروەك زۆرینەی وویلایەتەکان ، هەڵبژاردنی تایبەتی ئەنجام ئەدەن ، لەهەرکاتێکدا داوای بکەن ، بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئامانجێکی دیاریکراو ، وەك بۆ پڕکردنەوەی پۆستێکی هەڵبژاردنی بەتاڵ بوو بەشێوەیەکی پێشبینی نەکراو .**

## هەڵبژاردنی نیوەیی چیە ؟

کۆنگرەکانی حیزبی ئەو کۆبونەوانەن کە پارتێکی سیاسی چاودێری دەکات و بۆ ئەندامەکانی ڕێکیدەخات تا گفتوگۆی کێشەکان و پاڵێوراوان و ستراتیژی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بکەن ، کە لەوانەیە ئەم کۆنگرانە بۆ چەند ڕۆژێك بەردەوام بێت . وە لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیدا ، هەر پارتێك هەڵدەسێت بە کۆتایی پێهێنانی هەڵبژاردنی بەراییەکان بە بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی بۆ دیاریکردنی پاڵێوراوەکەی بۆ سەرۆکایەتی بە فەرمی ، وە هەمیشە ئەو پاڵێوراوەیە کە پشتیوانی زۆرترین ژمارەی نوێنەرانی کۆنگرە بەدەست دەهێنێت . لەسەر بنەمای سەرکەوتنەکانی لە هەڵبژاردنە بەراییەکاندا ، وە پاڵێوراوی ڕاگەیەنراو هەمیشە هەڵدەسێت بە دیاریکردنی کەسێك کەدەیەوێت لەگەڵیدا بچێتە هەڵبژاردنەوە تابێتە پاڵێوراوی حیزب بۆ پۆستی جێگری سەرۆك . وە پارتە سیاسیەکان کۆنگرە نەتەوەییەکانیان تەنها لە ساڵەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا دەبەستن ، بەڵام لە ساڵەکانی تردا هەمیشە کۆنگرەی بچوکتر ڕێکدەخەن لەسەر ئاستی ویلایەتەکان ، کۆنگرەی پارتی دیموکراتی نەتەوەیی لە 25–28 ی ئابی 2008 دا دەبەستریێت لە شاری دنفر ، بەڵام کۆنگرەی پارتی کۆماری نەتەوەیی لە شاری سانت پۆڵ لە ویلایەتی منیسوتا لە 1–4ی ئەیلولی 2008 دەبەستریێت .

## کۆبونەوەی هەڵبژاردنی حیزبی چیە ؟

کۆبونەوەی هەڵبژاردنی حیزبی ئەو کۆبونەوەیە لەسەر ئاستی ناوخۆیی تیایدا ئەندامانی تۆمارکراوی حیزب لەو شارەدا یان لەو شارۆچکەیەدا یان لەو ناوچەیەدا بەیەك دەگەن بۆ دەربڕینی پشتیوانی لە پاڵێوراوێك ، وە هەموو ئەو ڕاسپاردانە کۆدەکرێنەوە ، ئەگەر کارەکە پەیوەندی بە پۆستی نەتەوەییەوە هەبێت یان پۆستێك لەسەر ئاستی ویلایەت بەگشتی ، بۆ بڕیاردانی ناوی پاڵێوراوی حیزب لەو ویلایەتەدا . کۆبونەوەی هەڵبژاردنی حیزبی بەپێچەوانەی کۆنگرەکانەوە ، کۆبونەوەی زۆر لەخۆدەگرێت کە لەیەك کاتدا لە شوێنی جیاواز دەبەسترێن . بۆ هەر پارتێك لە دیموکراتی و کۆماری یاسای تایبەتی هەیە کە کۆبونەوەی هەڵبژاردنی حیزب بەڕێوەدەبات ، وەئەم یاسایانە کە نێوان ویلایەتێك و یەکێکی تردا جیاوازە .

## مەرجەکانی دەنگدان و خۆپاڵاوتن بۆ پۆستی هەڵبژاردن

### کێ دەتوانێت دەنگ بدات ؟

**هاولاٌتی ئەمریکی کە تەمەنی گەیشتۆتە هەژدە ساڵ بەلانی کەمەوە دەتوانێت ناوی خۆی تۆمار بکات بۆ دەنگدان . تا وەك دەنگدەران دابنرێت ، کە تۆماربکرێن ، بەو داخوازیانەی کە وویلایەتەکەی وەك مەرج دیاریکردوە ، وە ئەو مەرجانە لە وولایەتێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت ، بۆ بەهێزکردنی ئەو پەڕی دەرفەت کە دیاریکراوە وەك کاتی کۆتایی بۆ تۆمارکردن .**

**مەرجە شایستەکان بۆ خۆپاڵاوتن چیە بۆ پۆستی هەڵبژاردن لە وویلایەتە یەکگرتوەکاندا ؟**

**بۆ هەر پۆستێکی هەڵبژاردنی فیدراڵی مەرج و داواکاری جیاواز هەیە لە مەرج و داواکاریەکانی پۆستێکی تر ، کە لە هەردوو مادەی دەستوری یەك و دووی ئەمریکیدا داڕێژراوە .**

**مەرجی داناوە بۆ پاڵێوراوی سەرۆکی وویلایەتە یەکگرتوەکان کە دەبێت هاولاٌتی لەدایك بووی وویلایەتە یەکگرتوەکان بێت ، بەلانی کەمەوە لە سی و پێنجی تەمەنیدا بێت ، بەلانی کەمەوە چواردە ساڵ بێت دانیشتوی وویلایەتە یەکگرتوەکان بێت . وە هەمان ئەم مەرجانە بەسەر جیگری سەرۆکیشدا دەچەسپێت . چاکسازی دوانزی دەستور دەڵێت ناگونجێت جێگری سەرۆك لە هەمان وویلایەتی سەرۆك بێت . وە دیاریکردوە پاڵێوراوێك کە ببێتە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران لە کۆنگرێسی ئەمریکی دەبێت لە بیست و پێنجەمی تەمەنیدا بێت بەلانی کەمەوە ، وە بەلانی کەمەوە حەوت ساڵ بێت هاولاٌتی ئەمریکی بێت ، وە دانیشتوی ئەو وویلایەتە بێت بە شێوەیەکی یاسایی کە هەوڵدەدات تیایدا بچێتە هەڵبژاردنەوە . وە دیاریکردوە پاڵێوراوێك کە ببێتە ئەندامی ئەنجومەنی پیران لە سییهەمی تەمەنیدا بێت بەلانی کەمەوە ، وەبەلانی کەمەوە نۆ ساڵ بێت هاولاٌتی ئەمریکی بێت ، وە دانیشتوی ئەو وویلایەتە بێت بە شێوەیەکی یاسایی کە هەوڵدەدات تیایدا بچێتە هەڵبژاردنەوە . بەلاٌم ئەو لێپرسراوانەی هەوڵئەدەن بچنە هەڵبژاردنەوە بۆ بردنەوەی پۆستەکانی وویلایەتەکە یان هەڵبژاردنی ناوخۆییەکان دایناوە کە دەبێت ئەو**

مەرجانەی دەسەڵاتدارانی وویلایەتەکە یان دەسەڵاتە ناوخۆییەکان دیاری دەکەن تیایدابێت .

## دیاریکردنی کاتی هەڵبژاردن

## کەی هەڵبژاردنی گشتی ئەنجام ئەدرێت ؟

هەڵبژاردنی گشتی بەڕێوە دەچێت لە یەکەم ڕۆژی سێشەمەی دوای ڕۆژی دووشەمەی مانگی تشرینی دووەم ، وە کاتی هەڵبژاردنی گشتی ساڵی 2008 ڕۆژی 4ی تشرینی دووەمە . هۆکاری ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی چیە لە یەکەم ڕۆژی سێشەمەی دوای ڕۆژی دووشەمەی مانگی تشرینی دووەم ؟ کۆمەڵگای ئەمریکی کۆمەڵگایەکی کشتوکاڵی بووە بەگشتی بە درێژایی بەشێکی گەورەی مێژووی وویلایەتە یەکگرتوەکان . یاسادانەران کاتێکی گونجاویان بۆ داناون بە دیاریکردنی مانگی تشرینی دووەم بۆ کاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان ، ئەو کاتە کاتی پاش کۆتایهاتنی وەرزی بەرهەم و بەر لە هاتنی وەرزی زستانە کە هاتوو چۆ گران دەکات ، وە هەروەها بە ساناترین مانگ دادەنریت  کە جوتیاران و کرێکارانی لادیکان بتوانن تیایدا بچن بۆ ناوەندەکانی هەڵبژاردن . بە چاولێکردن لەوەی کە زۆربەی دانیشتوانی لادێکان لە ماوەیەکی دورەوە ناژین  لە ناوەندەکانی دەنگدانەوە . ڕۆژی سێشەمەیان هەڵبژاردووە ،  نەك ڕۆژی دوو شەمە ، تا کاتێك بدەنە ئەو کەسانەی دەچن بۆ کەنیسەکان بۆ نوێژی ڕۆژی یەك شەمە وە دەست دەکەن بە سەفەرەکەیان پاش نوێژ و گەیشتنەوەیان بۆ جێگەکانی خۆیان کە مەبەستیان کۆتایی هاتنیەتی بەر لە کاتی دیاریکراو بۆ دەنگدانیان . وە یاسادانەران چارەیەکیان دۆزیەوە هەڵبژاردنەکان نەکەوێتە یەکی تشرینی دووەم لەبەردوو هۆ . یەکەم ، یەکی تشرینی دووەم کاتی هەموو قداسەکانە ، ئەو ڕۆژە کاسۆلیك تیایدا پەیوەستن بەچوون بۆ کەنیسە . وە دووەم ، بازرگانەکان بە حساباتی مانگی پێشودا دەچنەوە وە لەیەکی هەموو مانگێکدا ڕێکی دەخەنەوە .

## کاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنە بەراییەکان کەیە ؟

**حکومەتە ناوخۆییەکان و حکومەتەکانی ویلایەتەکان کاتەکانی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنە بەراییەکان و کۆبونەوەکانی هەڵبژاردنە حیزبیەکانیان دیاریکردووە ، ئەم دەستن نیشانکردنانە کاتی نێوان هەڵبژاردنە یەکەمیەکان و هەڵبژاردنی گشتی تا ئاستێکی گەورە کاردەکاتە سەر دەستنیشانکردنی کاتی دەست پێکردنی پاڵێوراوان هەستانی بە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنەکان وە لەسەر بڕیارەکانی پەیوەندیدار بەچۆنێتی کات و تێچونی پارەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنەکانەوە . وەلەو کاتەی تادەگاتە هەڵبژاردنە سەرۆکایەتیەکان ، دەتوانێت سەربکەوێت لە هەڵبژاردنە بەراییەکاندا کە ئەنجام ئەدرێت لە ماوەیەکی زۆر زووی ساڵی هەڵبژاردندا ، وە هەڵبژاردنی ویلایەتی نیو هامبشیر ، کە کایگەری دەبێت لەسەر ئەنجامەکانی هەڵبژاردنە بەراییەکان لە ویلایەتەکانی تردا .**

## دەستەی هەڵبژاردن

## دەستەی هەڵبژاردن چیە ؟

**دەستەی هەڵبژاردن پێکهاتووە لە کۆمەڵێك لە هاولاتیان کە ویلایەتەکە دیاریان دەکات بۆ دەگدانیان بۆ دیاریکردنی سەرۆك و جێگری سەرۆك لە جیاتی هاولاتیانی ویلایەتەکە . وە پڕۆسەی دیارکردنی دەستەی هەڵبژاردن جیاوازە لە ویلایەتێکەوە بۆ یەکێکی تر ، وە بەلام پارتی سیاسی هەمیشە نوێنەری لە دەستەی هەڵبژاردنەکاندا دیاریدەکات لە کۆنگرەکانی حیزبی ویلایەتەکەدا یان لە ڕێگەی دەنگدانی لیژنەی ناوەندی حیزبەوە . وە دەنگدەران لەهەر ویلایەتێکدا دیاریدەکەن ، تا ئەندامانی دەستەی هەڵبژاردن لە ڕۆژی هەڵبژاردنی گشتیدا لە ڕێگەی دەنگدانیانەوە سەرۆك و جێگری سەرۆك هەڵبژێرن . هاولاتیان دەنگ نادەن لە هەڵبژاردنی گشتیدا ، ئەوە ئەوانن سەرۆك هەڵدەبژێرن .**

## چۆن دەستەی هەڵبژاردن سەرۆك هەڵدەبژێرن ؟

**سیستمی دەستەی هەڵبژاردن بەخشیویەتیە هەر ویلایەتێك ژمارەیەك دەنگی هەڵبژاردن کە یەکسانە بە ژمارەی نوێنەرەکانی لە کۆنگرێسی ئەمریکیدا بە هەردوو**

ئەنجومەنەكەیەوە نوێنەران و پیران . كۆیی گشتی 538 دەنگ هەیە لە دەستەی هەڵبژاردندا دیاریكراوە ، دەبێت پاڵێوراوی سەرۆكایەتی 270 دەنگی لێ بەدەست بهێنێت تا سەربكەوێت . سیستمی براوە سەرجەمی دەنگەكانی بەدەست هێناوە ، بەسەر سەرجەم وویلایەتەكاندا دەچەسپێت ، جگە لە دوان ، كەواتای ئەو پاڵێوراوەی كە زۆرترین ژمارەی دەنگی دەنگدەران بەدەست بهێنێت لە وویلایەتێكدا هەموو دەنگەكانی هەڵبژاردنی بەدەست هێناوە لەو وویلایەتەدا . ئەندامانی دەستەی هەڵبژاردن كۆدەبنەوە لە پایتەختی وویلایەتەكەیان لە مانگی كانوونی یەكەمدا بۆ دەنگدانیان . وە پاشان دەنگەكانی هەڵبژاردن دەنێردرێن بۆ واشنتنی پایتەخت ، كە جیا دەكرێنەوە بە ئامادەبوونی دانیشتنی هاوبەشی هەردوو ئەنجومەنی كۆنگرێس لە مانگی كانوونی دووەمدا . دەقی دەستوری دوانزەی چاكسازیكراو لەسەر ئەوەی لە كاتی سەرنەكەوتنی هیچ پاڵێوراوێك بە زۆرینەی دەنگەكان دەڵێت ، ئەنجومەنی نوێنەران بڕیاری ئەنجامی هەڵبژاردنەكان ئەدات . ئەنجومەن لە كاتێكی وادا هەڵدەسێت بە دیاریكردنی سەرۆك بە زۆرینەی دەنگ ، بە دیاریكردنی یەكێك لەو سێ پاڵێوراوەی كە زۆرترین ژمارەی دەنگەكانی هەڵبژاردنیان بەدەست هێناوە ، وە هەر وویلایەتێك لەم پڕۆسەدا یەك دەنگ ئەدات . بەڵام لە باری سەرنەكەوتنی هیچ پاڵێوراوێكدا بۆ سەرۆكایەتی بە زۆرینەی دەنگی هەڵبژاردنەكان ، ئەنجومەنی پیران هەڵدەسێت بە دیاریكردنی جێگری سەرۆك بە زۆرینەی دەنگ ، بەوەی هەر سیناتۆرێك یەكێك لەو پاڵێوراوانەی زۆرترین ژمارەی دەنگەكانی هەڵبژاردنی بەدەست هێناوە دیاریدەكات .



## لە چی هەڵبژاردنێكدا دەستەی هەڵبژاردن بەكاردەهێنرێت ؟

سیستمی دەستەی هەڵبژاردن بەکارناهێنرێت تەنها بۆ دیاریکردنی سەرۆك و جێگری سەرۆك نەبێت .

ئایا ڕویداوە سەرۆکێك هەڵبژێردرێت کە زۆرینەی دەنگەکانی گەلی بەدەست نەهێنابێت لە هەڵبژاردنی گشتیدا ؟ حەقدە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەیە کە براوە تیایدا ئەو کەسە نەبووە کە زۆرینەی دەنگەکانی لە هەڵبژاردنە گشتیەکاندا بەدەست هێناوە . یەکەم ئەو سەرۆکانە جۆن کوینسی ئادەمز بوو لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1824 دا ، بەڵام دواهەمینیان تائێستا جۆرج دەبلیو بۆش بوو لە ساڵی 2000دا .


"A LIVE JACKASS KICKING A DEAD LION."
And such a Lion! and such a Jackass!

## سبولی هەریەك لە هەردوو پارتی سیاسی سەرەکی ئەمریکی چیە ؟

فیل سمبولی کۆماریەکانە لە کاتێکدا کەر سمبولی دیموکراتەکانە . هەردوو سمبول وێنەکێشی کاریکاتێری سیاسی تۆماس ناست بۆ گۆڤاری هاریرز ویکلی سیاسی هەڵیهێنجاوە لە ساڵی 1874 دا . ناست وێنەی فیلێکی لەخۆبای و تورەی کرد کە بەشوێن دەسکەوتەکەیدا دەگەڕێت بۆ نواندنی دەنگی کۆماریەکان . وە کۆماریەکان هەوڵیاندا ئەو ئاژەڵە وەك سومبولی پارتەکەیان پەسەندبکەن .

ناست دیموکراتەکانی لە کاریکاتێرێکی سیاسی تردا ڕەخنە لێگرت لەبەر ئەو بوختانانەی بۆ یەکێك لە ئەندامانی پارتی کۆماری دوای مردنی کردبوویان ، کە پارتی دیموکراتی لە شێوەی کەرێك یان هێسترێکدا کێشابوو ( کە دوو ئاژەڵی کەللەڕەقن ) جووتە لە شێرێك ئەدات ( کە سومبولی کۆماریەکی مردووە ) . پارتی دیموکراتی چێژی

**لە ڕۆحیەتی پێکەنین و گاڵتە ئامێزی ئەو ئاژەڵەوەرگرت و پەسەندی کرد وەك سومبولی خۆی ، کە هەڵگری زۆر تایبەتمەندی باشەیە ، وەك ئەوەی بەئاسانی خۆی نادات بەدەستەوە .**

## واتای پشتگیری ڕێخراوێك یان ڕۆژنامەیەك یان یەکێتیەکی کرێکاری چیە لە پاڵێوراوێك ؟

**دەنگدانی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا بە نهێنی دەبێت ، دیاریکردنی پاڵێوراوێك کارێکی تایبەتە بەو کەسەوە ، بەلآم پشتیوانی ڕێخراوێك بۆ پاڵێوراوێك واتا ئەو ڕێخراوە پشتیوانی لەو پاڵێوراوەدەکات کە ڕەزامەندی لەسەر کێشەکانی پیشانداوە . وە لەم کاتەدا ڕێخراوەکە دەتوانێت ئەندامەکانی هانبدات لەسەر پەیوەست بوون پێیەوە لە پشتیوانی پاڵێوراوەکە ، کە یاسا ڕێگەی پێنادات بە ناچارکردنی هیچ ئەندامێك لەسەر دەنگدانی بەشێوەیەك کە پێچەوانەی بڕیاری خۆی بێت .**

**قۆناغەکانی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا ( 9 )**

**قۆناغی یەکەم :**

**دەستوری ئەمریکی لەسەر هەڵبژاردنی سەرۆك بۆ وولآت کە هەرچوار ساڵ جاریکە دەڵێت. پاڵێوراو بۆ ئەم پۆستە پێویستە تەمەنی 35 ساڵی تێپەڕاندبێت وە لە وویلایەتە یەکگرتوەکان لەدایك بوبێت و هەڵگری ڕەگەزنامەی ئەوێبێت ، وە پاڵێوراوان لیژنەیەکی دەرخستن پێکدەهێنن بۆ پشتیوانی خۆیان لە نێوان لایەنگرانیاندا لە حیزبدا ، وە گرنتی بەدەست دەهێنن لەلایەن بەخشەرانەوە بە پێشکەش کردنی پشکەماڵیەکان بۆ هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنەکانی ،ئەگەر بڕوایانکرد بەهرەمەند دەبن لە پشتیوانی پێویش بۆ چونەناو هەڵبژاردنەکان  بە دەسەڵآتدارانی فیدڕاڵی دەڵێت کە خۆیان هەڵدەبژێرن  ، داعوەتکردنیان بۆ ئەوەی دوای ئەوە کارەکانی کۆکردنەوەی پارە و چوونە ناوململانەی پێشبڕکێی هەڵبژاردنەکانی حیزب .**

**قۆناغی دووەم :**

**ئەمە قۆناغی یەکەم بوو بۆ دیاریکردنی پاڵێوراوی حیزب بۆ چوونە ناو ململانەی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی لە بەردەم پاڵێوراوەکانی پارتی ڕکابەردا . لە زۆربەی وولآتاندا ، حیزب پاڵێوراو دیاریدەکات ، بەڵام لە وویلایەتە یەکگرتوەکان لایەنگرانی یەکێك لە حیزبە سیاسیەکان لە لیستەکاندا پاڵێوراوانی ئەو حیزبە دیاریدەکەن بۆ دەنگدەران  . وە هەمیشە هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا لە مانگی تشرینی دووەمدا بەڕێوە دەچێت ، وە هەڵبژاردنەکانی پالآوتن لە وویلایەتەکانی ئەمریکادالە مانگی کانوونی دووەمی هەمان ساڵدا دەستپێدەکات. هەڵبژاردنەکانی پالآوتن لە وویلایەتە یەکگرتوەکان لە مانگی کانونی دووەمدا دەستپێدەکات ، کە پاڵێوراوان کێبەرکێ لە دژی هاوڕێکانیان لە ئەندامی هەمان پارت و چوونە ناوململانەی لەسەر بردنەوەی پالآوتنیان لەلایەن حیزبەوە دەست پێدەکەن بۆ چوونە ناوململانەی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیەوە . ئەندامانی شاندەکانی حیزب کە لە وویلایەتە جیاوازەکانەوە هاتوون وە بەژداردەبن لە کۆنگرەی نەتەوەیی حیزبدا کەلە هاویندادەبەسترێت بۆ دیاریکردنی پاڵێوراوی کۆتایی**

بۆ هەڵبژاردنەکان ، وە لە هەڵبژاردنەکانی پاڵاوتندا دەنگدەرانی ئەندامانی ئەم شاندانە ، کە لە زۆربەی بارەکاندا لایەنگریان بۆ پاڵێوراوێکی دیاریکراو ڕادەگەیەنن ، ڕکابەران پێویستیان بە پاڵاوتنیان هەیە لەلایەن حیزبەوە بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی کۆنگرەی حیزب بۆ سەرکەوتنیان لە پاڵاوتندا ، وە هەندێك لە ویلایەتەکان وەك ئایوا سیستمی کۆنگرەی حیزبی بەکاردەهێنن لە جیاتی هەڵبژاردنی پالاوتن بۆ دیاریکردنی ئەندامانی ئەو شاندەی کە نوێنەرایەتی ویلایەتەکەیان دەکات لە کۆنگرەی نەتەوەیی حیزبدا . وەلە هەڵبژاردنەکانی پاڵاوتندا دەنگدەران ئەو ئەندامانە دیاریدەکەن لە لایەنگریان دەکەن ، بەڵام لە ویلایەکانی سیستمی کۆنگرەی حیزبیدا دیاریکردنی ئەندامان بە چەند قۆناغێکدا دەڕوات

قۆناغی سێهەم :

کۆنگرەکانی پارتەکان یەکێکە لە ڕوداوە وروژاوەکان لە سیاسەتی ئەمریکیدا ، شاندی هەر ویلایەتێك دەگاتە هۆڵی بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی حیزب کە لافیتەیەکی هەڵگرتوە ناوی ئەو پاڵێوراوەی حیزبی لەسەرە کە حەزدەکات پشتیوانی لێبکان ، هەمیشە دەبێت حیزب فکرەیەك دابنێت لەسەر پاڵێوراوەکەی بۆ چوونە ناوململانەی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ، بەهاتنی ئەم قۆناغە ، شاندی هەر ویلایەتێك هەڵدەسێت بە دیاریکردنی پاڵێوراوەکەی بۆ چوونە ناو ململانەی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی بە فەرمی ، وە ئەو پاڵێوراوەی کە زۆرترین ژمارە لە شاندەکان هەڵیدەبژێرن سەردەکەوێت لە پاڵاوتندا ، وە هەڵدەسێت بە بەدەستهێنانی پشتیوانی ڕکابەرەکەی لە ناو حیزبدا ، وە پاڵوراوی براوە جێگرێك بۆ سەرۆك دیاریدەکات بۆ چوونە ناوململانەکە لەگەڵی لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەیدا .

قۆناغی چوارەم :

لەم قۆناغەدا پاڵێوراوە ڕکابەرەکان لە پارتە سیاسیە ئەمریکیە جۆربەجۆرەکان تەرکیزیان چڕدەکەنەوە لەسەر هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن ، داڕشتنی سیاسەتەکانی هەر پاڵێوراوێك دەگەڕێتەوە بۆ بردنی داواکاریەکانی لایەنگرانی ڕکابەرەکانی پێشووی لە ناو حیزبەکەیدا . وە ئەم قۆناغە لە پێشبڕکێی هەڵبژاردنەکان کاتێکی کەمتر دەخایەنێت

**لەچاو پاڵاوتنەکانی ناو حیزبەکاندا . وە لە هەفتەکانی کۆتایدا پاڵێوراوان چاودەخەنە سەر گرنگی پێدانی ئەوەی بە وویلایەتە ناڕۆشنەکان ناسراوە کە پشتیوانیان بۆ هیچ پاڵێوراویك ڕۆشن نەکردۆتەوە .**

**قۆناغی پێنجەم :**

**هەمیشە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکا لە یەکەم ڕۆژی سێشەمەی دوای رۆژی دووشەمەی مانگی تشرینی دووەم بەڕێوە دەچێت ، ملیۆنان دەچنە سەر سندوقەکانی هەڵبژاردن بۆ دیاریکردنی پاڵێوراوەکەیان بۆ سەرۆکایەتی ووڵات ، پاش جیاکردنەوەی دەنگەکان و ڕاگەیاندن ئەنجامە سەرەتاییەکان لەماوەی** 12 **سەعاتدا لە داخستنی بنکەکانی دەنگدانەوە . وە پاش جیاکردنەوەی دەنگەکان چالاکیەکانی هەڵبژاردن دەگوێزرێتەوە بۆ سەرجەمی هەڵبژاردن ، وە بۆهەر وویلایەتێك ژمارەیەکی جیاواز لە ئەندامی سەرجەمی هەڵبژاردن هەیە ، وە ژمارەی ئەندامان ڕێژەی نوێنەرایەتی وویلایەتەکە لە کۆنگرێسدا ڕەنگدەداتەوە . وە ئەو پاڵێوراوەی کە زۆرینەی دەنگەکانی دەنگدەران بەدەست دێنێت لە هەر وویلایەتێکدا دەنگی ئەندامانی ئەو وویلایەتە بەدەست دێنێت لە سەرجەمی هەڵبژاردنەکاندا ،پاشان ئەندامانی سەرجەمی هەڵبژاردنەکان کۆدەبنەوە و دەنگدەدەن لەسەر دیاریکردنی سەرۆك ، ئەندامانی سەرجەمی هەڵبژاردنەکان پابەند نین بە یاسایەك بۆ دیاریکردنی پاڵێوراوی براوە یان دیاریکردن بە پێی پابەندبوونی سیاسییان . وە جیاکردنەوەی دەنگەکانی ئەندامانی سەرجەمی هەڵبژاردنەکان بە فەرمی لەبەردەم کۆنگرێسدا لە کانوونی دوەمی داهاتودا دەبێت .**

**كەی هەڵبژاردنەكان بەڕێوەدەچێت ؟ ( 10 )**

**سەرۆك جۆرج بۆش لە 20 ی كانونی دووەمی 2009 دا كۆشكی سپی**

**بەجێدێڵێت پاش هەشت ساڵ لە بەسەر بردنی سەرۆكایەتی وویلایەتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا ، بەڵام هەڵمەتەكانی هەردوو پارتی دیموكراتی و كۆماری بۆ هەڵبژاردنی جێنشینی بۆش زو هەڵگیرسا سەرەتا لە هەڵبژاردنەكانی خۆئامادەكردنەوە لەسەر ئاستی وویلایەتەكان بۆ هەردوو پارتەكە لە دیاریكردنی پاڵێوراوەكانیان بۆ سەرۆكایەتی .**

**كەی هەڵبژاردنەكان بەڕێوەدەچێت ؟**

**سێشەمە چواری تشرینی دووەمی 2008 .**

**كێ هەڵدەبژێردرێت ؟ چل و چوارەمین سەرۆكی وویلایەتە یەكگرتوەكان ، وە هەروەها سەرجەم ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران (435 ) وە یەك لەسەر سێ ی ئەنجومەنی پیران كە سەرجەم كورسیەكانی 100 ە .**

**كێ خۆی پاڵاوتوە بۆ هەڵبژاردنەكان ؟؟**

**لە كۆتای هاوینی داهاتودا هەردوو پارتەكە دیموكراتی و كۆماری پاڵێوراوەكەیان بۆ سەرۆكایەتی دیاریدەكەن ، لەگەڵ دەستپێكردنی هەڵبژاردنەكانی خۆئامادەكردندا كێبەركێ لە پارتی دیموكراتیدا لە نێوان سێ كەسدا قەتیس ماوە .**

**سیناتۆر ئەلینۆی باراك ئۆباما ، سیناتۆری وویلایەتی نیویۆرك هیلاری كلینتۆن ژنی سەرۆكی پێشوو بیڵ كلینتۆن ، جۆن ئیدواردز كە ڕكابەری جۆن كیری بوو لە هەڵبژاردنەكانی خۆئامادەكردندا لە ساڵی 2004 دا**

**وە پارتی کۆماری ، بەڵام لە پارتی کۆماری کێبەرکی زیاتر هەڵکشاوە بەپێی دواین بیروڕا وەرگرتنەکان ئەمانە لەخۆ دەگرێت .**

**سەرۆکی پێشووی شارەوانی نیویۆرك ڕۆدۆڵف جولیانی ، فەرمانڕەوای پێشووی وویلایەتی ئەرکنسۆ مایك هاکبی ، سیناتۆری ئەریزۆنا جۆن ماکین ، فەرمانڕەوای پێشووی وویلایەتی ماساشوسیتس میت رومنی ئەندامی تائفەی مارۆنی دینی ، نوێنەر و سیناتۆری پێشوو فرید تۆمسۆن .سەرەڕای ئەوە پێشکەوتن لە وەرگرتنی بیروڕادا وە هەلی پاڵێوراوان لە بردنەوەی پێشبڕکێدا لە شەو و ڕۆژێکدا دەگۆڕێت وە لە کۆتایدا وشەی سەرکەوتن لە دەستی ئەندامانی هەردوو پارتەکەدا دەمێنێتەوە لە وویلایەتەکاندا**

**گرنگ ترین کێشە چیە ؟**

**لەسەر ئاستی نەتەوەی بارودۆخی عێراق لەلایەن دەنگدەرەوە گرنگی پێدەدرێت بەدوایدا ئابوری و چاودێری تەندروستی و خوێندن و بێکاری و ئاسایشی نەتەوەیی ، بەڵام ئەم ڕیزبەندیە دەگۆڕێت لە وویلایەتێکەوە بۆ دانەیەکی تر هەروەك کێشەی بۆ نمونە کۆچ خۆی دەسەپێنێت لە هەندێك وویلایەتدا ، وە بەراورد بە هەڵبژاردنەکانی 2004 گرنگی پێدانی دەنگدەر بە کێشە کۆمەڵایەتیە گفتوگۆ هەڵگرەکان پاشەکشەی کردوە وەك لەباربردن و لێکۆڵینەوە لە خانەی چالاککراو و هاوڕەگەزبازی .**

**ئەوپارتە کامەیە کە پاڵێوراوێکی هەیە دەرفەتێکی باشتریی بۆ سەرکەوتن هەیە ؟**

**بە پێی دواین ڕا وەرگرتنەکان وە لەسەر ڕۆشنای ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکانی نوێکردنەوەی کۆنگرێسی ساڵی 2006 پارتی دیموکراتیە . وە لایەنگرانی سەرۆك بۆش گەڕاوەتە دواوە لە ساڵانی ڕابردودا لە 50٪ بۆ 30٪ پێشکەوتنی دیموکراتەکان بەسەر کۆماریەکاندا گەیشتۆتە بەرزترین ئاست لە ماوەی دوو دەیەدا . بەڵام وشەی یەکلاکەرەوە لە کۆتایدا بۆ کەسایەتی و توانا و لێزانی پاڵێوراو وە هەروەها سەرکەوتوی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەی وە پاشان لەکۆتایدا دەنگەکانی سەرجەمی هەڵبژاردن دەگەڕێتەوە .**

**چی ڕودەدات پاش هەڵبژاردنەکانی خۆئامادەکردن ؟**

**پارتی دیموکراتی کۆنگرەی گشتی لە کلۆرادۆ دەبەستێت لە کۆتای مانگی ئابی داهاتودا وە بەدوایدا کۆنگرەی پارتی کۆماری سەرەتای مانگی ئەیلول تاپاش ئەوە بە فەرمی دەستبکەن بە جەنگی هەڵبژاردن لە نێوان هەردوو پاڵێوراوی هەردوو پارتەکە بۆ گەیشتنە کۆشکی سپی ، وە جەنگەکە دەگاتە دواین پلەی لە سێ ڕوبەڕو بونەوەی تەلەفیزیۆنیدا لە نێوان هەردوو پاڵێوراودا لە 26 ی ئەیلول و 7 و 16 ی تشرینی یەکەمدا ، هەروەك جەنگەکە گەرمتر دەبێت لەو ویلایەتانەدا کە گەورەترین دەنگیان هەیە لە سەرجەمی هەڵبژاردنەکاندا .**

**ئایا پاڵێوراوێك گەورەترین ژمارە لە دەنگەکان بەدەست بهێنێت سەردەکەوێت لە هەڵبژاردنەکاندا ؟**

**ئەوە پێویست نیە لەبەر ئەوەی دەنگدەری ئەمریکی سەرۆکەکەی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دیاریناکات ، بەڵکە هەڵدەبژێردرێت لەلایەن سەرجەمی هەڵبژاردنەکانەوە ، کە دابەشبوە لە نێوان ویلایەتەکانی ئەمریکیدا . لە زۆرینەی ویلایەتەکاندا کێ زۆرینەی دەنگەکانی دەنگدەران بەدەست بهێنێت لە ویلایەتێکدا سەرجەمی دەنگەکانی ئەندامانی سەرجەمی هەڵبژاردنەکانی نوێنەرانی ئەو ویلایەتە بەدەست دەهێنێت . وە ئەوە ڕویدا لە ویلایەتی فلۆریدا ساڵی 2000 کاتێك سەرکەوتنی بۆش ڕاگەیەنرا لە هەڵبژاردنەکاندا . کە سەرجەم دەنگەکانی ئەندامانی سەرجەمی هەڵبژاردنەکانی بەدەست هێنا لە ویلایەتی فلۆریدا کە بەشێوەیەکە گشتی سەرکەوت سەرەڕای ئەوەی دەنگی لە ڕکابەرە دیموکراتەکەی (ئەلگۆر ) کەمتر بەدەست هێنابوو لە تەواوی وولاتدا . وە 538 دەنگ هەیە لە سەرجەمی هەڵبژاردنەکاندا ، وە ئەم دەنگانە دابەش بوون بەسەر ویلایەتەکانی ئەمریکیدا بەپێی ژمارەی دانیشتوانەکەی وە یەکسانە بە ئەندامانی ویلایەتەکان لە کۆنگرێسدا سەرباری ژمارەی ئەندامان لە ئەنجومەنی پیراندا ( دوو ئەندام بۆ هەر ویلایەتێك ). وە ئەوە هەندێك تایبەت مەندی دەدات بە ویلایەتە بچوکەکان .**

**کام وویلایەتانە سەرەکین لە جەنگی هەڵبژاردندا ؟**

**لە ماوەی هەڵبژاردنەکانی پێشودا زۆربەی وویلایەتە کەناریەکانی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا دەنگیان دابە پالێوراوی دیموکراتەکان وە لە وویلایەتەکانی تردا پالێوراوی کۆماریەکان بەزۆرینە سەرکەوت . وە لەبەر ڕۆشنای ئەوەدا گرنگی وویلایەتەکانی کە گەورەترین ڕێژەی دەنگدەرانی ناجێگیری تێدایە بەرزبویەوە یان ڕەنگە مفاجەئە تیایدا ڕوبدات وەك وولایەتی فلۆریدا و ئۆهایۆ و بنسلڤانیا وە هەریەکێکیان 20 دەنگی لە سەرجەمی هەڵبژاردنەکاندا هەیە کە بەسە بۆ گۆڕینی ڕێڕەوی هەڵبژاردنەکە .**

**ئایا دەتوانرێت پالێوراوی سێهەم هەبێت ؟**

**هەمیشە ڕۆڵی پالێوراوی سێهەم کەمبوە لەسەر ژمارەی دەنگەکانی کە پالێوراوانی تر لێی بێبەش بوون ، ملیاردێر ڕاڵف نادر چوە هەڵبژاردنەکانەوە وەك سەربەخۆ چەندجارێك . وە ملیاردێر مایکڵ بلوبمرج سەرۆکی شارەوانی نیویۆرك بەم هەنگاوە پێشکەوت سەرەڕای ئەوەی کە چەندین جار ئەوەی ڕەتکردەوە . ئەو پالێوراوانەی کە هەوڵدەدەن بۆ بردنەوە بە پالاوتنیان لە لایەن حیزبەکانی دیموکراتی و کۆماریەوە بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی داهاتوو ، لە زنجیرەیەك پالاوتندا بەناوی هەڵبژاردنەکانی خۆئامادەکردن یان سەرەتای . ئەو چالاکییەیە کە دەتوانێت لایەنگرانی هەردوو پارتە گەورەکە لە ڕێگەیەوە لە هەر وویلایەتێکی ئەمریکادا ، وەك پێناسەی پالێوراو کە پەسەندی دەکات بچێتە هەڵبژاردنەکانەوە بە نوێنەرایەتی حیزب .**

**ئەم چالاکیە چۆن دەڕوات بەڕێوە ؟**

**هەر وویلایەتێك ژمارەیەکی دیاریکراو نوێنەری دادەنێت بۆ کۆنگرەکانی نیشتیمانی هەردوو پارتەکە لە کۆتای هاویندا ، کە لەوێدا پالێوراوی دیموکراتی یان کۆماری بەشێوەیەکی فەرمی دیاریدەکرێت ، بەلام ئەندامانی ئەم شاندە لە کۆنگرەی حیزبدا بەکێ دەنگ دەدەن ،پشتدەبەستن بە ئەنجامەکانی کۆبونەوەکان و هەڵبژاردنە بەراییەکان (**

**خۆئامادەکردنەکان ) لە ویلایەتەکانیاندا . بۆنمونە ئەگەر پاڵێوراوی ( س) زۆرترین دەنگی بەدەست هێنا لە ویلایەتێکی دیاریکراودا ئەو شاندەی دەچن بۆ کۆنگرەی نیشتیمانی کە زۆرترین ژمارەی نوێنەران لەخۆ دەگرێت کە بەڵێنیانداوە بە لایەنگری پاڵێوراوی (س) .**

**گرنگی نوێنەر لە پێشبڕکێی سەرۆکایەتیدا ( 11 )**

**واتای نوێنەر چیە "Delegate" وە گرنگی نوێنەر چیە لەلای پاڵێوراوانی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ؟ ئەمەی خوارەوە ڕۆشنکردنەوەی جۆرەجیاوازەکانی نوێنەرانە ، وە چۆنێتی دیاریکردنیانە لە ڕێگەی پڕۆسەی پاڵاوتنەوە لە هەردوو پارتی دیموکراتی و کۆماریدا .**

**لە ماوەی هەڵبژاردنە بەراییەکاندا ، پاڵێوراوان هەوڵئەدەن کە سەربکەون بە پشتگیری زۆرینەی نوێنەران لە ماوەی پڕۆسەی دیاریکردنی پاڵێوراودا ، پاشان نوێنەر هەڵدەسێت بە دەنگدان بە پاڵێوراوی پەسەنکراوی خۆی لە کاتی کۆنگرەی گشتی حیزبدا ، وە هەردوو پارتی دیموکراتی و کۆماری شێوازی جۆراوجۆر بەکار دەهێنن لە دیاریکردنی پاڵێوراواندا .**

**پرۆسەی خۆپاڵاوتن لە پارتی دیموکراتیدا :**

**بۆ ئەوەی ئەندامێك لە پارتی دیموکراتی بپاڵێورێت بۆ پۆستی سەرۆکی ئەمریکی ، لەسەر پاڵێوراوە شانسی هەبێت بە پاڵاوتنی لەلایەن زۆرینەی ئەو نوێنەرانەی ئامادەی کۆنگرەی نیشتیمانی دیموکراتی دەبن لە دینفر لە ویلایەتی کۆلۆرادۆ لە مانگی ئابی 2008 دا . وە لەسەر پاڵێوراوە کە سەربکەوێت بە دەنگی زۆرینەی 2025 نوێنەر لە سەرجەمی 4049 لە هەڵبژاردنە بەراییەکاندا بۆ ساڵی 2008 . وە ئەم ژمارەیە ئەگەری چاکسازی و گۆڕانی تیایە ئەگەر نوێنەرێك پۆستەکەی یان پارتەکەی بەجێهێشت یان نەیتوانی ڕێگەی کۆنگرە ببڕێت یان ئەگەر حزب هەستا بە گۆڕینی ویلایەتەکان کە پلەبەندی کردون لە سەرژمێریکردنی کۆتایدا .**

**پرۆسەی خۆپاڵاوتن لە پارتی کۆماریدا :**

**بۆ ئەوەی ئەندامێك لە پارتی کۆماری بپاڵێورێت بۆ پۆستی سەرۆکی ئەمریکی ، لەسەر پاڵێوراوە شانسی هەبێت بە پاڵاوتنی لەلایەن زۆرینەی ئەو نوێنەرانەی ئامادەی کۆنگرەی نیشتیمانی کۆماری دەبن لە مینیابولس لە ویلایەتی مینیسوتا لە مانگی ئەیلول 2008 دا . وە لەسەر پاڵێوراوە کە سەربکەوێت بە دەنگی زۆرینەی 1191 نوێنەر**

لە سەرجەمی 2308 لە هەڵبژاردنە بەراییەکاندا بۆ ساڵی 2008 . وە ئەم ژمارەیە ئەگەری چاکسازی و گۆڕانی تیایە ئەگەر نوێنەرێك پۆستەکەی یان پارتەکەی بەجێهێشت یان نەیتوانی ڕێگەی کۆنگرە ببڕێت یان ئەگەر حزب هەستا بە گۆڕینی وویلایەتەکان کە پلەبەندی کردون لە سەرژمێریکردنی کۆتایدا .

نوێنە کێیە ؟

پارتی دیموکراتی :

دووجۆر لە نوێنەر هەیە لە پارتی دیموکراتیدا، ، ئەوانیش ، نوێنەری بەڵێندەر pledged delegate وە نوێنەری گەورەsuper delegate

وە لە نێوان سەرجەمی گشتی نوێنەراندا ، 3253 نوێنەری بەڵێندەر هەیە ، وە نوێنەری بەڵێندەر ئەو ئەندامەیە کە هەڵدەبژێردرێت لە یەکێك لە وویلایەتەکاندا و لەسەر ئاستی ناوخۆیی وویلایەتەکە ، وە ئەو دەزانێت و هەست دەکات کە پشتیوانی لە چی پاڵێوراوێك دەکات لە کۆنگرەی گشتی جیزبدا .

جگە لەوەی دوو نوێنەری بەڵێندەر پابەندنین بە دەنگدانیان بە پاڵێوراوەکە ، وە هەروەها ، وە ڕێگە بە پاڵێوراوان ئەدەن کە سەرلەنوێ بە لیستی نوێنەرەکاندا بچێتەوە ، لەسەر بنەمای وویلایەت ، کە دەسەڵاتپێدراون بۆ بەدەست هێنانی پشتیوانیان ، وە دەتوانن کە هەر نوێنەرێکی بەڵێندەر بسڕنەوە کە وایدەبینن پشتیوانیەکەی جێی باوەڕنیە .

وە لەسەرجەمی ژمارەی نوێنەران 4049 نوێنەر ، ژمارەی نوێنەرانی گەورە دەگاتە 796 نوێنەر . وە نوێنەرانی گەورە لە پارتی دیموکراتیدا ئەوانەن کە کۆنگرێسن یان ئەندامی لیژنە نیشتیمانیەکانن یان چاودێرن یان ڕابەرانی پارتەکەن ( وەك سەرۆکەکانی پێشوو و جێگرەکانیان ) . وە لێیان داوانەکراوە ڕایبگەیەنن کام لە پاڵێوراوان بەباش دەزانن و لێیان داوانەکراوە وەك نوێنەرانی بەڵێندەر ڕکابەری لەسەر تایبەتمەندیەکان بکەن .

پارتی کۆماری :

هەورەك لە پارتی دیموکراتیدا هەیە ،دوو جۆر نوێنەر هەیە لە پارتی کۆماریدا ، ئەوانیش ، نوێنەری بەڵێندەر pledged delegate و نوێنەری نا بەڵێندەر unpledged delegate .

لەسەرجەمی ژمارەی نوێنەران ، 1917 نوێنەری بەڵێندەرن ، وە لەسەریانە کە پشتیوانیان لە پاڵێوراوێك ڕایبگەیەنن لە کۆنگرەی حیزبدا . وە نوێنەری بەڵێندەر دیاری دەکرێت یان هەڵدەبژێردرێت لەسەر ئاستی وویلایەت یان ئاستی ناوخۆیی وویلایەت .
بەڵام ژمارەی نوێنەرانی نابەڵێندەر دەگاتە 468 نوێنەر لە سەرجەمی 2380 نوێنەر وە لەسەریان پێویست نیە بە ئاشکراکردنی ئارەزو یان بەباشزانینەکانیان پیوەند بە پاڵێوراوەوە .
زۆربەی زۆر نوێنەرانی نابەڵێندەر لە پارتی کۆماریدا بەتەواوی هەروەك هەڵبژاردنی نوێنەرانی بەڵێندەر هەڵدەبژێرێن ، وە پابەندن بە پشتیوانی لە پاڵێوراوێك بەدیاریکراوی . وە کەمینەیەکی کەم لە نوێنەرانی نابەڵێندەر هەیە ، بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەگۆڕێن بۆ بەڵێندەر بەخاتری کەسایەتیان یان لە ڕابەرانی حیزبن یان ئەندامانی لیژنەکانی نیشتیمانی حیزبن . وە ئەم کۆمەڵە بە " نوێنەرانی نابەڵێندەری ئەندام لە لیژنەی نیشتیمانی پارتی کۆماری " ناسراون .
سەرکەوتن بەدەنگی نوێنەران :
پارتی دیموکراتی :
پارتی دیموکراتی پەنادەباتە بەر نواندنی ڕێژەیی بۆ دیاریکردنی ژمارەی پێویست لە نوێنەرانی بەڵێندەر بۆ هەر پاڵێوراوێك .
بۆ نمونە ، ئەو پاڵێوراوەی کە بە ڕێژەی 40 لەسەدای دەنگەکان سەرکەوتوە لە هەڵبژاردنە بەراییەکانی وویلایەتێکدا ، پێویستە لەسەری لە هەمان وویلایەت بە هەمان ڕێژە لە نوێنەرانی بەڵێندەر سەربکەوێت . بەڵام ئەو پاڵێوراوەی لە پلەی دووەمدایە لە هەڵبژاردنە بەراییەکاندا ، وە بە ڕێژەی 30 لەسەدای دەنگەکان سەرکەوتوە ، پێویستە لەسەری بە هەمان ڕێژە لە نوێنەرانی بەڵێندەر سەربکەوێت .
جگە لەوەی پاڵێوراوێك 15 سەدای کەمتری دەنگەکانی بەدەست نەهێنابێت بۆ بەدەستهێنانی پشتییوانی نوێنەرانی بەڵێندەر ، ئەگەر 14 لەسەدای بەدەست هێنا بۆنمونە ، ئەوە هیچ نوێنەرێك بەدەست ناهێنێت .

**هیچ پرۆسەیەکی فەرمی نیە بۆ سەرکەوتن بە دەنگی نوێنەرانی گەورە لەبەر ئەوەی دەتوانن دەنگ بدەن بەهەر پاڵێوراوێك کە دیاریانکردوە . وە بەڵام پاڵێوراو دەتوانێت هەر دەسەڵات و لایەنگرێکی هەیە بۆ باوەڕپێهێنانی ئەوان و سەرکەوتن بە پشتیوانیان .**

**پارتی کۆماری :**

**دیاریکردنی کۆبونەوە حیزبیەکان لە وویلایاتەکان و چۆنێتی پاداشتکردنی نوێنەران بۆ هەر پاڵێوراوێك لە ماوەیی پرۆسەی دیاریکردنی پاڵێوراوی کۆماریدا .**

**و ژمارەیەك لە وویلایەتەکان سیستمی " سەرکەوتوو هەموو شتێکی بەدەست دەکەوێت " ، وە هەندێکیان سیستمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی بەکاردەهێنن کە لە ڕێگەیەوە وا دادەنرێت پشکی پاڵێوراو لە دەنگدانی گشتی ڕێژەیەکی پێویستە لە نوێنەرای بەڵێندەر لیژنەی نیشتیمانی پارتی کۆماری داوای پێویستی بەدەستهێنانی ڕێژەی 15 لە سەدا کەمترنەبێت ناکات ، وە بەڵام لقە حیزبیەکان لە هەندێك وویلایەتەکاندا ئەم ڕێژەیە دەسەپێنن .**

**ئەوەی پەیوەندە بە نوێنەرانی نابەڵێندەری ئەندام لە لیژنەی نیشتیمانی پارتی کۆماریدا هەیە ، بەڵام نوێنەرانی نا بەڵێندەر کە دیاری دەکرێن یان هەڵدەژێردرێن سەرەڕای ئەوەی ئازادیان هەیە ، بە دەنگدانی بۆهەر پاڵێوراوێك بەزۆری پابەندن بە پشتیوانیکردنی پاڵێوراوێکی دیاریکراوەوە .**

**دابەشبوونی دەنگەکانی هەڵبژاردن ( 12 )**

**سێشەمەی گەورە**

**سێشەمەی گەورە یەکەم سێشەمەی مانگی تشرینی دووەم ، کە وێزگەیەکی سەرەکیە سەبارەت بە پاڵێوراوەکان ، کە دەنگدان لە زیاتر لە 20 وویلایەت لەخۆدەگرێت ، واتا لەو ڕۆژەدا . هەروەك زیاتر لە نیوەی نوێنەران هەڵدەبژێردرێن . ئە وویلایەتە سەرەکیەکایانی کە لەم ڕۆژەدا بەژداری هەڵبژاردن دەکەن بریتین لە ، کالیفۆڕنیا کە دەوڵەمەند ترین و پڕدانیشتوانترین وویلایەتە ، نیویۆرك سێهەم پڕدانیشتوانترین وویلایەت ، ماساچوستس ، نیوجرسی ، جۆرجیا ،میسوری .**

**دابەشبوونی دەنگەکانی هەڵبژاردن لەنێوان وویلایەتە جیاوازەکاندا**

**کالیفۆڕنیا** – 55 ، **تەکساس** – 34 ، **نیویۆرك** – 31، **فلۆریدا**–27، **ئلینۆی**–21، **بنساڤانیا**–21، **ئۆهایۆ**–20، **میشیگان**–17، **جۆرجیا**–15، **نیوجەرسی**–15،**کارۆلینای باکرو**–15، **فەرجینیا**–13، **ماساچۆسێتس**–12، **ئیندیانا**–11، **میسوری**–11، **تەنسی**–11، **واشنتۆن**–11، **ئەریزۆنا**–10،**میریلاند**–10، **مینیسوتا**–10،**ویسکونسین**–10،**ئەلباما**–9،**کۆلۆرادۆ**–9،**لویزیانا**–9،**کنتاکی**–8،**کارۆلینای باشور**–8، **کۆنیتیکیت**–7،**ئایۆوا**–7،**ئۆکلاهۆما**–7،**ئۆریگۆن**–7،**ئارکانسۆ**–6،**کانساس**–6، **میسیسبی**–6، **نیبراسکا**–5،**نیڤادا**–5،**نیو مەکسیکۆ**–5،**یوتا**–5،**ڤێرجینیای ڕۆژئاوا**–5،**هاوای**–4،**ئایداهۆ**–4،**ماین**–4،**نیوهیمبشایر**–4،**ڕودئیلاند**–4، **ئالاسکا**–3، **دیلویر**–3، **کۆڵۆمبیا**–3، **مۆنتانا**–3، **داکۆتای باکور**–3، **داکۆتای باشور**–3، **فیرمونت**–3، **وایومینغ**–3.

**سەرجەمی دەنگەکان** 538 **دەنگە کەبەپێی چڕی دانیشتوان بەسەر وویلایەتەکاندا دابەش بووە ، پێویستە پاڵێوراوی سەرۆکایەتی** 270 **دەنگ بەدەست بهێنێت بۆ ئەوەی سەربکەوێت ، کەئەم ژمارەیەش یەکسانە بە ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرا** 435 **لەگەڵ** 3 **دەنگ لە وویلایەتی کۆڵۆمبیا ( واشنتۆنی پایتەخت ) ،** 100 **ئەندامی ئەنجومەنی پیران .**

**بەپێی ئەنجامە سەرەتاییەکانی هەڵبژاردن باراك ئۆباما** 293 **دەنگی بەدەست هێناوە بەم شێوەیە :**

**فیرمونت**-3 ، **ئلینۆی**-21 ، **ماین**-4 ، **کۆنیتیکیت**-7، **نیوجەرسی**-15، **دیلویر**-3، **میریلاند**-10، **واشنتۆنی پایتەخت**-3، **بنساڤانیا**-21، **نیوهیمبشایر**-4، **ماساچۆسێتس**-12، **ڕودئیلاند**-4، **میشیگان**-17، **ویسکونسین**-10، **مینیسوتا**-10، **نیویۆرك** – 31، **ئۆهایۆ**-20، **نیو مەکسیکۆ**-5، **ئایۆوا**-7، **فەرجینیا**-13، **کالیفۆڕنیا** – 55 ، **ئۆریگۆن**-7، **واشنتۆن**-11.

**بەپێی ئەنجامە سەرەتاییەکانی هەڵبژاردن جۆن ماکین** 143 **دەنگی بەدەست هێناوە بەم شێوەیە :**

**کنتاکی**-8،**کارۆلینای باشور**-8، **تەنسی**-11، **ئۆکلاهۆما**-7، **ئەلباما**-9، **جۆرجیا**-15، **وایومینغ**-3، **داکۆتای باکور**-3، **ئارکانسۆ**-6، **کانساس**-6، **ڤێرجینیای ڕۆژئاوا**-5، **لویزیانا**-9، **تەکساس** – 34 ، **یوتا**-5، **میسیسبی**-6، **نیبراسکا**-5، **داکۆتای باشور**-3

**کاریگەری پارە لەسەر هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن ( 13 )**

**هەروەك ڕۆشنەکە ئەو ڕۆڵەی پارە دەیگێڕێت لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا ڕۆڵێکی بنچینەییە ، بەڵام تاکە هۆکارنیە لە توانای پاڵێوراو لە بەڕێوەبردنی هەڵمەتی هەڵبژاردنێکی سەرکەوتودا ولەگەڵیدا سەرکەوتن لە پاڵاوتنی حیزبەکەیدا .**

**بابەتی ڕێخستنی بەخشینەکان بۆ هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن لە وویلایەتە یەکگرتوەکاندا بە بابەتی ناکۆکی لەسەر دادەنرێت لە لایەن زۆرینەی یاسادانەرانەوە کە هەمیشە بانگەشەی پێویستی چاکسازی سیستمی پارەپێدان دەکەن ، ڕێخراوی پارەپێدانی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن ( یاسای هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنە فیدراڵیەکان )ی پێکهێنا ، کە کۆنگرێس بڕیاری لەسەردا لەپاش ئابڕوچونە بەناوبانگەکەی ( واتر گێت ) لە ساڵی 1974 دا.**

**ئەم یاسایە ئەو پاڵێوراوانە سەرپشك دەکات کە هەندێك مەرجیان تێدایە بۆ دەستکەوتنی یارمەتی لە خەزێنەی ئەمریکی کە بەشەکی دەبێت لە ماوەی هەڵبژاردنە بەراییەکاندا . وە مەرجی سەرەکی بۆ دەستکەوتنی پارەپێدانی حکومی ، یەکسانە بەو بەخشینەی کە پاڵێوراو کۆیکردۆتەوە ، ئەوەش لە توانای پاڵێوراودا هەبێت بە کۆکردنەوەی 100،000 دۆلار لە 20 وویلایەتدا ، ئەمە لە قۆناغی یەکەمدا لە هەڵبژاردنە بەراییەکان ، بەو مەرجەی بڕەی بەخشین لە 250 دۆلار زیاتر نەبێت بۆ یەك تاکەکەس .**

**سیستمی پارەپێدانی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن ڕوبەڕوی زۆر ناتەواوی بووەوە لە ناوەڕاستی نەوەدەکاندا ، ئەوە بەهۆی شکستی ( لیژنەی هەڵبژاردنە فیدراڵیەکان ) لەسەر بەرگرتنی لە کەلەبەرە زۆرەکان کەلە یاساکەدا هەیە . وە پاش چەند ساڵ داواکاری بۆ چاکسازیکردنی یاسای هەڵبژاردن کۆنگرێسی ئەمریکی بڕیاری ( یاسای چاکسازی هەڵمەتی پارتەکان )ی ناسراو بە ناوی ( ماکین – فینگوڵد ) یدا ، لەسەر ناوی هەردوو**

ئەندامی کۆنگرێس کە یاساکەیان پێشنیار کردبوو ، وە سەرەك بۆش لە 27 ی مارسی 2002دا ئیمزایکرد .

سەرەڕای ئەو هەرا ڕاگەیاندنەی هاوڕێی بڕیاردانی یاساکەبوو ، چارەسەری ناکۆکیەکانی ئەو ڕۆڵە گەورەیەیی نەکرد کە پارە دەیگێڕێت لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا . وە لە باشەکانی کە یاساکە وەبیری خستۆتەوە ئەو ئاستەی بەرز کردۆتەوە کەتاك دەتوانێت بیبەخشێت لەبڕی 1000 دۆلارەوە بۆ 2000 هەزار دۆلار ، وە ئەوە بەهیوای ئەوەی پارێزەرێك بێت بۆ پاڵێوراوان کە پشت نەبەستن بە گروپەکانی بەرژەوەندی و کۆمپانیاکان و پیاوانی خاوەن کار.

وە شتێکی تر ڕۆڵی گروپەکانی فشارە لە پارەپێدانی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا ، ئەمە لە سیستمی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکادا بە " پارەی نەرم " ناودەبرێت . گروپەکانی فشار ناتوانن ڕاستەوخۆ بەکاریبهێنن بۆ پاڵپشتی کردنی پاڵێوراوان ، یان هەردوو پارتی سەرەکی . بەڵام گروپەکانی فشار و پیاوانی خاوەنکار ئەو ڕێگەیەیی کە دۆزیانەوە بەخێرای جێبەجێیان کرد بۆ بەخشین بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ، ئەوە بە بنیاتنانی لیژنەکان بۆ کاری سیاسی و بەخشین بەناویانەوە بۆ پاڵێوراوانی هەردوو پارتی دیموکراتی و کۆماری .وە کەلێنێکی تری گەورە لە سیستمی پارەپێدانی هەڵبژاردنەکاندا لە بڕگەی 527 دا خۆی دەنوێنێت لە یاسای باجی پەیوەند بە کۆمەڵە سیاسیەکان ، کاتێك ڕێگەیان پێدەدرێت هەستن بە هەندێك چالاکی لەباتی پاڵێوراوان ، وەك کۆکردنەوەی دەنگدەران و هەڵمەتەکانی پڕوپاگەندە لەباتی ئەوان ، وە تاکەکان و کۆمەڵەکانی فشار دەتوانن بڕەپارەی بێ کۆتایی لەم چالاکیانەدا خەرج بکەن .

بەچاوخشانێکی خێرا بەسەر ئەو بڕەی پاڵێوراوە سەرەکیەکان لە هەردوو حیزب کۆیان کردۆتەوە ، ڕۆشندەبێتەوە کە پەیوەندیەکی ڕاستەوانە لەنێوان بڕەپارەی کۆکراوە و سەرکەوتن لە هەڵبژاردنە بەراییەکاندا هەیە .

| پاڵێوراوانی دیموکراتی | بڕی کۆکراوە | خەرجی | بڕی ماوە |
|---|---|---|---|
| هیلاری کلینتۆن | 90.9 | 40.5 | 50.5 |
| باراك ئۆباما | 80.2 | 44.2 | 36 |
| جۆن ئیدواردز | 30.3 | 17.9 | 12.4 |
| مایك جافل | 0.38 | 0.36 | 0.2 |
| پاڵێوراوانی کۆماری | بڕی کۆکراوە | خەرجی | بڕی ماوە |
| جۆن ماکین | 32.1 | 28.6 | 3.5 |
| میت ڕومنی | 62.8 | 53.6 | 9.2 |
| ڕودی جولیانی | 47.2 | 30.6 | 16.6 |
| مایکڵ هاکابی | 2.3 | 1.7 | 0.6 |
| ڕون پۆڵ | 8.3 | 2.8 | 5.4 |
| سەرجەم | 354.5 | 220.3 | 134.2 |

ئەم بڕە تا 30 سێپتەمبەری 2007 لای لیژنەی فیدڕاڵی تۆمارکراوە ، وە بڕەپارەکان بە ملیۆنە

ئەو ژمارانەی لە خشتەکەدا هاتوون سەرجەم پاڵێوراوان لەخۆ ناگرێت کە هاتونەتە هەڵبژاردنە بەراییەکانەوە لە هەردوو حیزب ، هەروەك تا کاتی کۆتایی ئەیلول لەخۆدەگرێت ، وە ئەو بڕەپارەیەش لەخۆناگرێت کە لە دوای ئەو ماوەیەوە کۆیکردۆتەوە . هەروەك ئاماژە بەوەدەدرێت کە باراك ئۆباما 32 ملیۆن دۆلاری کۆکردۆتەوە لە مانگیکدا لەم ساڵدا ، وە ئەمە یەکسانە بە سێ یەکی ئەوەی لە ساڵێکدا کۆیکردۆتەوە . وە بەدوور نازانرێت ئەو بڕەی هیلاری کلینتۆنی پاڵێوراوی دیموکراتیەکان کۆیکردبێتەوە نزیك بێت لەمەوە .

وەك ڕۆشنە هەندێك پاڵێوراو کە بڕەپارەی گەورەیان کۆکردبێتەوە ئەوانە هەڵدەکشێن لە لیستی هەردوو حیزبدا ، بەڵام ژمارەکان ڕۆشنی دەکەنەوە کە هەندێك کشاونەتەوە لە

**هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن پاش شکستیان بەم دواییانە وەك ڕۆدی جولیانی کە توانی بڕێکی زۆرتر لە جۆن ماکین کۆبکاتەوە کە هەڵکشاوە ئێستا بۆ لیستی پاڵێوراوانی پارتی کۆماری ، هەروەك ماکین بەسەر میت ڕۆمنی دا سەرکەوت لە هەندێك وویلایەتی گرنگدا ، سەرەڕای کۆکردنەوەی بڕێکی گەورە لە کۆتایدا .**

**ئەم ژمارانە ئەو بەخشینانە لەخۆناگرێت کە لەلایەن کۆمەڵەکانی بەرژەوەندییەوە پێشکەش بە پاڵێوراوان دەکرێت ، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بەهەندێك تێچونی گرنگەوە هەیە بۆ هەندێك پاڵێوراوان ، لەوانە هەڵمەتە تەلەفیزیۆنیەکان لە بەرژەوەندی پاڵێوراوان و هێرش کردنەسەر ڕکابەرەکانیان ، ئەوەی بۆتە باو " هەڵمەتە پڕوپاگەندە نێگەتیڤەکان " بەبێگومان لەسەرو ئەو بڕەی لە هەڵمەتەکانی 2004 دا وەبیرهێنراوەتەوە . بەگشتی پێشبینی دەکرێت سەرجەم خەرجیەکانی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتیەکانی ئەم ساڵ 1.5 ملیار دۆلار تێبپەڕێنێت .**

**زۆربەی پاڵێوراوەکان لە هەڵبژاردنە بەراییەکاندا ڕازی نابن بە پشتگیری ماڵی خەزێنەی ئەمریکی ، هەتا پەیوەست نەبن بەو بەربەستانەی پاڵپشتی گشتی لەسەریان دایدەنێت . ڕەنگە یەکێك لەو پاڵێوراوانەی کە تائێستا پاشەکشەی نەکردووە ، مایکڵ هاکابی ، داوا پێشکەش بکات بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی دەوڵەتی ، وە ئەم پشتیوانیە بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی پەیامێك بنێرێت بۆ ڕای گشتی بەوەی ئەو پاڵێوراوە دەیەوێت ئاستێك دابنێت بۆ گەشەپێدانی ڕۆڵی پارە لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا .**

**هەروەك ڕۆشنە کە پارە ڕۆڵێکی تەوەرەیی دەگێڕێت لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی ئەمریکیدا ، هەروەك خەرجیەکانی هەڵمەتەکان لە هەڵمەتێکەوە بۆ یەکێکی تر زیاددەکات .زۆربەی هاوڵاتیان و تایبەتمەندان بە شێوەیەکی خراپ دەڕواننە ئەم پێشکەوتنە لەبەرئەوەی بەرەنگاری توانای هاوڵاتی ئاسایی دەبێتەوە بۆ چونە ناو هەڵبژاردنەکانەوە ، تایبەتمەندیەکی تر ئەداتە دەوڵەمەندان کە بەپێی یاسا دەتوانن چەندیان بوێت خرجی بکەن لە پارەی تایبەتی خۆیان لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا . وە بەڵام وەك زانراوە کە**

لەدەوڵەمەنترین پاڵێوراوان لەم هەڵمەتەدا میت ڕۆمنی یە کە سەروەتەکەی لەڕێگەی سەرۆکایەتی کردنی ژمارەیەك کۆمپانیای گەورەوە کۆکردۆتەوە ، وە بە چاوخشانێك بە هەڵمەت و پاڵێوراوانی پێشودا دەردەکەوێت کە دەوڵەمەنترین پاڵێوراو مەرجنیە شانسی زیاتری هەبێت . لە هەڵبژاردنەکانی پێشودا ، پاڵێوراوی دیموکراتی جۆن کیری سامانێکی زیاتری لەبەردەسدابوو لە پاڵێوراوی کۆماریەکان جورج بۆش ، وە لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1992 دا ملیاردێر ڕوس پیرۆ نەیتوانی زیاتر لە 19٪ ی دەنگەکان کۆبکاتەوە ، سەرباری ئەو ملۆنەهایەیی کە چوبووە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەی ، هەروەك ڕێژەی کەمتری لە هەڵبژاردنەکەی 1996 دا بەدەست هێنا .

وەك ڕۆشنە لە لێهاتوییە سەرەکیەکانی هەر پاڵێوراوێك بۆ هەڵبژاردنە سەرۆکایەتیەکان ، وە هەروەها یاسادانانەکان ، لە توانای ئەو پاڵێوراوەدا حەشاردراوە لە کۆکردنەوەی بەخشینەکاندا ، وە ئەمە کەسایەتیەکی کاریزمی دەوێت ، وەك ئۆباما و پێشتر بیلْ کلینتۆن ، یان پشتبەستن بە گروپێکی کاری تایبەتمەند لە کۆکردنەوەی بەخشینەکان لە ڕێگەی هەڵمەتێکی کاراوە ، نامەکان پوختەبکات و وەڵامەکان بدۆزێتەوە لای دەنگدەر ، بەتایبەتی ئەوانەی ئامادەی بەخشینن . لێرەدا هەندێك لەوانەی بەرگری لەسیستمی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکی دەکەن وایدادەنێن کە توانای پاڵێوراو لە باوەڕپێهێنانی دەنگدەراندا بە بەخشین پێچەوانەنیە لەگەڵ پەیڕەوکردنی دیموکراتیدا ، لەبەرئەوەی توانای باوەڕپێهێنان یەکێکە لە توخمەکانی هێزی سەرەکی سەرۆکی ئەمریکی .

بێگومان کە کۆمپانیاکانی کاری گەورە و کۆمەڵە پیشەییەکان و یەکێتیە کرێکاریەکان و کۆمەڵەکانی بەرژەوەندی تر بە پشتیوانی گەورە دادەنرێن لە پارەپێدانی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا ، بەتایبەتی لە ڕێگەی پێکهێنانی لیژنەکانی کاری سیاسیەوە . لەبەر ئەوە وەڵامدانەوەی براوەکان لە هەڵبژاردنەکاندا جا لەسەر ئاستی سەرۆکایەتی یان یاسادانان بێت ، بەزۆری بۆ ئەوە گەورەترە کە یارمەتی دەدات لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنیا ، هەروەك پاداشتی پشتیوانان لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا ، جا بە پارە بێت یان کارکردن ، بە دانانیان لە هەندێك شوێنی جێبەجێکردن لە ئیدارەی هەڵبژێردراودا .

**خوێندنەوەیەکی بازارڕیانە بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا ( 14 )**

**لەگەڵ کێبەرکێی نێوان پاڵێوراوەکان لەسەر پۆستی سەرۆکایەتی لە هەڵبژاردنەکانی ئەمریکادا ، هەمووان لە چاوەڕێی دەست کەوتنی وەڵامی پرسیارێکی گەورەدان ، کێ سەردەکەوێت لە هەڵبژاردنەکاندا؟ ئایا پاڵێوراوی کۆماریەکان یان دیموکراتەکان ؟ وەڵامێکی مەبدەئی گشتی هەیە ، هەرکەسێك سەردەکەوێت کە بتوانێت خۆی و بیری بە دەنگدەران بفرۆشێت . هەموان پەی بەوە دەبەن کە بازاڕکردن مومارەسەکرنی خواستە زۆرباشەکەیانە بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانی بۆ پەیوەندی کردن بە جەماوەرەوە ، لە ئەمریکادا جۆرێکی تازە لە ووشیاری بازاڕکردن دەرکەوتوە ، کە بازاڕکردنی سیاسیە ، ئەوە بازاڕکردنێکە کە ڕودەدات لە چوارچێوەی چالاکی و کردەوە ڕێخراوەکانەوە ئامانجی دروستکردنی داواکارییە لەسەر بیر و تێڕوانینی پارتێکی دیاریکراو یان پاڵێوراوێکی دیاریکراو . بەکردەوە ئەوە جۆرێکە لە بازاڕکردن کە هەمیشە جەنگەکان یەکلادەکاتەوە لە یاریگای هەڵبژاردنەکاندا ، ئەگەر بدوێین لە بواری بازاڕکردنی کاڵایدا یان خزمەت گوزاریدا لەسەر واتای تێکەڵەی بازاڕی کە چوار پێکهێنەری سەرەکی لەخۆ دەگرێت ، کە بەرهەمهێنەر ، نرخ دانان ، دابەشکردن ، وە پڕوپاگەندەن ، ئەمانە بوونیان هەیە لە بازاڕکردنی سیاسیشدا ، بەرهەمهێنەر بەو بیر و دنیابینە دادەنرێت کە پاڵێوراو هەڵیگرتوە ، لەسەر ژمارەیەك کێشەی ناوخۆی و دەرەکی ، نرخ دانان دادەنرێت بەو ژمارەی دەنگدەرانەرەی کە ئەو بەرهەمهێنەرە دەیکرێت ، یان بەواتایەکی تر ، ژمارەی دەنگەکانی کە لایەنگری بیر و دنیابینی پاڵێوراو دەکەن . لە کاتێکدا دابەشکردن دادەنرێت بە شوێنەکانی کە دەنگدانیان تێدا دەکرێت ، لە کاتێکدا پڕوپاگەندە ئاماژەیە بۆ سەرجەم هۆکارە بەکارهاتوەکان لە پێناسەکردن و باوەڕپێهێنانی دەنگدەر بۆ بیر و دنیابینی پاڵێوراو .**

**لێرەوە هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا هەمیشە چڕدەبێتەوە ، بەشێوەیەکی تایبەت هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ، لەسەر دانانی ستراتیژی بازاڕکردن کە چوار پێکهێنەرەکە**

**لەخۆ دەگرێت .چی ڕویدا لە هەڵبژاردنەكانی كۆتایدا؟ پاڵێوراوی دیموكراتەكان هەڵمەتەكەی چڕكردبوەوە لەسەر هێرش كردنە سەر یەكێك لە پێكهاتە سەرەكیەكان كە بەرهەمهێنەر (جۆرج بۆش ) پێشكەشی كردبوو لەكاتی وویلایەتی یەكەمیدا ، ئەو پێكهاتەیە تایبەت بوو بە ڕێگەی هەڵسوكەوت كردن لەگەڵ تیرۆردا ، كیری گومانی هەبوو لەو پێكهاتە بونیادی و فكریەی بۆش لەم بوارەدا . وە ئاماژەی كرد بۆئەوەی كە بەرهەمهێنەر هۆكاری ڕودانی لەدەستدان بوو ( الخسائر ) بۆ دامەزراوەكانی ئەمریكا وەئەمە پێچەوانە بویەوە لەسەر وێنەی زهنی بۆ وویلایەتە یەكگرتوەكان لە نێوان گەلاندا . لە جیهانی پیشەسازی و بازرگانیدا كاتێك خەوشێك دەردەكەوێت لە بەرهەمهێنی ڕكابەرەوە ، لەسەرتە بەدیلێك پێشكەش بكەیت كە سود لەو خەوشە وەربگرێت . كیری كۆتایهێنا بەو خەوشە وە نەیتوانی دنیابینیەكی ڕۆشن پێشكەش بكات بەخاتری بەرهەمی نوێ كە سود لەو خەوشە وەربگرێت .لەوەدەچێت كە كیری هەڵنەسابێت بەلێكۆڵینەوەی سەرجەم لایەنەكانی ئەو بەرهەمەی كە بۆش پێشكەشی كردوە لەكاتی وویلایەتی یەكەمیدا .**

**كیری لەو بڕوایەدابوو كە ئەوە گرنگترین لایەنە كە بەكاربەری ئەمریكی لێی دەڕوانێت ، وە هەروەها ڕەنگە كیری شكست بخوات لە پێشكەش كردنی باری سەرنجی بەكاربەری ئەمریكیدا سەبارەت بەولایەنە بەدیاریكراوی ، ئەگەر كەموكوڕیەكی ڕۆشن هەبوو لە پلانی ئەو بەرهەمەی كە كیری پشتی پێبەستووە ، ئەوا ئەو هەڵەیە پێچەوانە دەبێتەوە لەسەر سەرجەم توخمەكانی بازاڕكردن . لەلایەكی ترەوە بۆش چی كرد بۆ بەرگری لەبەرهەمەكەی ؟ بۆش توانی ئەو هێرشە بگۆڕێت بۆ هەلێك ؟ پلانێكی پڕوپاگەندەی زیرەكانەی كێشا و جێبەجێی كرد تا بەكاربەری ئەمریكی باوەڕپێبهێنێت بەباشی بەرهەمەكەی ، بەوەی كەئەو بەرهەمە بەتەواوی گونجاوە بۆ هەل و مەرجی بازاڕی سیاسی ئێستا ، وە ئەو بەرهەمە دەبێتە هۆی پێشكەوتنی دامەزراوەی ئەمریكا و گەشە پێدانی تواناكانی لەسەر دوركەوتنەوە لەهەر دۆڕانێكی داهاتو ، وە هەروەها باوەڕپێهێنانیان كە كشانەوەی ئەو بەرهەمە لە بازاڕدا ڕەنگە ببێتە هۆی ئەنجامێكی بەد كە شكۆ و سەركەوتنی ئەمریكا بكوژێت . بۆش یاری بەهەستی ئەمریكیەكان كرد وە**

**ترساندنی ، ترس لە داهاتوو ، ئەو ترسەی کە وایکرد پابەندبن بە سەرۆکەکەیانەوە کە سەرچاوەی دروست کردنی ترسی ئەمریکا ڕاودەنێت ، لە کاتێکدا کیری لەسەر هەستی تووڕەی لای ئەمریکیەکان گرەوی کردبوو لە ڕێگەی ئەوبەرهەمەی کە بۆش پێشکەشی کردبوو بۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ تیرۆردا لەو شکستەی کە ڕاویان دەنێت ، لەبەردەم هەموو ئەوانەدا ، ئاساییە کە هەستی ترس دەست بگرێت بەسەر هەستەکانی تردا ، ڕاستیەکەی بۆش هیچی نەکرد جگە لە داوا کردنی گەلی ئەمریکی بۆ شانازی و دەرکەوتن ، بەرهەمێکی پێشکەش کرد کە هیچی لەدەست نەدا لە ئیعتبار و تایبەت مەندی سروشتی بازاڕی سیاسی . جا لەسەر ئاستی ناوخۆ یان ئاستی دەرەوە ، ئەگەربێتو نەیتوانیایە بەرهەمێك پێشکەش بکات کەبە وویلایەتە یەکگرتوەکان تایبەت مەندیەکی کێبەرکێکارانە یدات ، بەڵام بەپێچەوانەوە بەرهەمێکی پێشکەش کرد کە خواست و پێویستیەکانی بەکاربەری ئەمریکی و نائەمریکی وەڵام دایەوە ، بەرهەمێکی پێشکەش کرد کە جگە لە خواست و پێویستی لە دەسەڵات و دەست بەسەراگرتن ڕازینەکرد ، لێرەوە ئەوەی کە بۆش تیایدا سەرکەوت تەنها باوەڕپێهێنانی گەلی ئەمریکی بوو بە بەکاربردنی بەرهەمەکەی بە لێهاتوییەکی تەواوەوە .**

**بازرگانی هەڵبژاردن و ڕۆڵی کۆمپانیا ئەمریکیەکان لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا ( 15 )**

**پێشبینی دەکرێت قەبارەی تێچونی ماڵی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمریکا بۆ ئەم ساڵ بگاتە زیاتر لە ملیارێك دۆلار . ئەم ژمارەیە وەك بازێکی گەورەوایە لە تێچونی ماڵی بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆکی ئەمریکا ، وە کۆمپانیا ئەمریکیەکان ڕۆڵێکی کاریگەر دەگێڕن لە هەڵبژاردنەکانی ئەمریکادا لە چوارچێوەی بەخشین ( تبرع ) بۆ پاڵێوراوەکان لە بەرامبەر پابەندبوونی پاڵێوراوەکان بە بەڵێنەکانی هەڵبژاردنەوە کە خزمەت بەبەرژەوەندیەکانی ئەم کۆمپانیانە بکات .**

**تێچون لەسەر پێشبڕکێی سەرۆکایەتی :**

**تێچونی ماڵی لە پێشبڕکێی سەرۆکایەتی گەیشتە زیاتر لە نیو ملیار دۆلار لەگەڵ کۆتایی کێبڕکێی پێشوودا . بە زیادەیەك کە زیاتر لە 300٪ لە چاو هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1972 دا . بەڵام هەڵبژاردنەکانی ئەم ساڵ پێشبینی دەکرێت کە تێچونی گشتی زیاتر لە ملیارێك دۆلاربێت ، هەروەك ئەوەی بۆ هەرپاڵێوراوێك حکومەتی فیدڕاڵی لە وویلایەتە یەکگرتوەکان لە 70 ملیۆن دۆلار زیاتر نایبەخشێتە پاڵێوراوان لە میانەی هەڵمەتی هەڵبژاردندا . بەڵام ئەو جیاوازیەی نێوان بڕی پێویست و نێوان ئەوەی کە حکومەتی فیدڕاڵی دەستی دەخات ، لە میانەی بەخشینی کەسان و لایەنە خاوەن بەرژەوەندیە باڵا گرێخواردوەکان بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانەوە بەدەست دێت . لەگرنگترین ئەم لایەنانەش کۆمپانیا ئەمریکیە گەورەکانە .**

**کۆمپانیاکان و هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی :**

**هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمریکا کە هەرچوار ساڵ جارێك بەڕێوەدەچێت وادادەنرێت هەلێکە بۆ گۆڕانی ژیانی ئەمریکیەکان ، وە کۆمپانیا ئەمریکیەکان هەوڵدەدەن ئەو دەرفەتە بقۆزنەوە بۆ پاراستنی دەسکەوتەماڵیەکانیان ، وە فشار خستنە سەر بەڕێوبەرایەتی نوێ لە پێناو سەرچاوە و داهاتی زیاتردا ، لەبەرئەوە کۆمپانیا ئەمریکیە جیهانیەکان گرنگی دەدەن بە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی . ئەم کۆمپانیانە هەوڵدەدەن بە پشتگیری هەڵبژاردنی ئەو پاڵیوراوەی کە باشترین دەرخستە (عرچ )**

پێشکەش بەم کۆمپانیانە دەکات ، یان دەزانرێت گرنگی بە بەرژەوەندیەکانی کۆمپانیا گەورەکان دەدات . کۆمپانیا ئەمریکیەکان بڕی ماڵی زۆر گەورە پێشکەش دەکەن بۆ دڵنیای ئەو بڕیارانەی لە حکومەتی ئەمریکیەوە دەردەچن تا خزمەتی بەرژەوەندیەکانیان بکات . بۆ نمونە کۆمپانیای دەرمانی ئەمریکی هەستا بەخەرج کردنی 109 ملیۆن دۆلار بۆ دڵیابوون لە پڕۆژەیاسای ئیدارەی سەرۆك بۆش لە پێناو داڵنیایی تەندروستی (تأمين الصحى) کە لەلایەن کۆنگرێسەوە بڕیاری لەسەردەدرا ، ئەم کۆمپانیانە زیاتر لە 800 کارمەندی تایبەتمەندیان خستە خزمەتی فشاری سیاسی کەبە Lobbyists ناوی دەبەن بۆ بەدەستهێنانی ئەمە( فشاری سیاسی (وەرگێڕ)) ، وەلەبەرامبەردا نرخی ماڵی ئەم یاسایە پاش بڕیارلێدانی زیاتر لە 550 ملیار دۆلار بوو . لەبەر ئەوە کۆمپانیا ئەمریکیەکان ملیۆنان دۆلار خەرج دەکەن لە فشاری سیاسیدا لە پێناو بەدەستهێنانی بۆندە گەورەکاندا کە نرخەکەیان دەگاتە ملیاران .

تێچونەکانی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتیەکان :

تیچونی هەڵمەتەکانی سەرۆکایەتی ئەمریکی لە زیادبووندایە ، بەسەرجەمێکی خێرا بەهۆی بەرزبوونەوەی پڕوپاگەندە تەلەفیزیۆنیەکانەوە بۆ گەیشتنە دەنگدەران ، بە بەرزبوونەوەی نرخی کارمەندە تایبەتمەندەکان لە بەڕێوەبردنی ئەم هەڵمەتانەدا . هەروەك ئەم هەڵبژاردنانە دەگۆڕێت بۆ خۆپیشاندانی سیاسی لە پێناو دەرخستنی هێزی ماڵی حیزبەکان وە توانای لەسەر بەدەستهێنانی بەخشەرە (المتبرع) ئەمرکیەکان . تێچونی کۆنگرەی پارتی دیموکراتی ئەم ساڵ 95 ملیۆن دۆلاری تێپەڕاند ، هەروەك تێچونی کۆنگرەی پارتی کۆماری گەیشتە زیاتر لە 160 ملیۆن دۆلار ، ئەم تێچونە کە هیچ کۆنگرەیەکی سیاسی نەیگەیشتۆتێ پێشتر لە هیچ شوێنێك لە جیهاندا . هەروەك ئەوەی یاسای نوێی ئەمریکی بۆ هەڵبژاردنەکان پشتیوانی ڕاستەوخۆ کەم دەکاتەوە لەلایەن کۆمپانیاکانەوە بۆ پاڵێوراوەکان . بەڵام کۆمپانیاکان فێڵدەکەن لەمە بەپشتیوانی کردنی هەندێك دامەزراوەی سیاسی ناوخۆیی هەتا هەستن بەم دەورە بەپشتگیری کردنی پاڵێوراوەکان ، هەروەك کۆمپانیاکان هەڵدەسن بە خەرج کردنی بڕی زۆرگەورە لە پێناو بەڕێخستنی ئاهەنگ بۆ پاڵێوراوان کە وەك ئاهەنگی ڕێزلێنان ڕایدەگەیەنن ، بەڵام لە

ڕاستیدا خۆپیشاندانی فراوانی دەنگەکان و پشتیوانیە بۆ پاڵێوراو لەلایەن ئەو کۆمپانیانەوە . ڕۆژنامە ئەمریکیەکان بەم دواییانە دیاردەی ئەم ئاهەنگانەی لەخۆگرت کە تێچونەکانی دەگەنە ژمارەیەك زیاترە لەو بەخشینانەی (تبرع) کە ئەم کۆمپانیانە دەیبەخشنە حیزبەکان بە شێوەیەوەیەکی ڕاستەوخۆ لە چوارچێوەی یاساکۆنەکەدا . تەنها یەك کۆمپانیا کە کۆمپانیای ئەی جی ئەی یە AGA بڕی 700 هەزار دۆلاری ئەمریکی خەرج کردوە بەرامبەر سازدانی دوو ئاهەنگی ڕێزلێنان بۆ پاڵێوراوان لە هەردوو حیزبی دیموکرات و کۆماری ، ئەمە یەك نمونەیە لە دەیان نمونە لە خەرج کردنی ماڵی زۆرگەورە لەلایەن کۆمپانیاکانەوە لە هەڵبژاردنەکانی ئەمساڵدا ، کۆمپانیا ئەمریکیەکان لە پێشودا ئاڕاستەیەکی دیاریکراویان هەبوو لە پشتگیری پاڵێوراواندا ، ئەم ئاڕاستەیە بەزۆری بەستراوەبوو بە بەرژەوەندی ئەم کۆمپانیانەوە ، وە ئاڕاستە سیاسیەکانیانەوە . بەڵام ئەم ساڵانەی کۆتایی شاهیدی گۆڕانن لەو سیاسەتەدا ، وە کۆمپانیا ئەمریکیە گەورەکان پشتیوانی هەموو پاڵێوراوە لەبارەکان بۆ بردنەوە دەکەن . وە پارێزگاری لە پەیوەندی بەهێزدەکەن لەگەڵ هەردوو سەربازگەی دیموکراتی و کۆماریدا . ئەم ئاڕاستەیە بە ڕۆشنی دەرکەوت لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەم ساڵدا . لە نێوان 10 گەورەترین بەخشەر بۆ هەردوو پاڵێوراوەکە ، چوار کۆمپانیای هاوبەش هەبوون کە پشتگیری هەردوولایان دەکرد ، لە لێکۆڵینەوەیەکدا بەم دواییانە لەلایەن Center for Public-Integrity کە ناوەندێکی فکریە لە واشنتۆن لەسەر لێکۆڵینەوەی ئەلیکس نوت " ئێمە شاهیدی گۆڕانین لە هەڵوێستی کۆمپانیا ماڵیەکاندا لە هەڵبژاردنەکاندا ، لەگەڵ ئەوەی کۆمپانیا ماڵیە گەورەکان لە ڕابردودا حیزبی کۆمارییان پێباشتر بوو تەنها لەڕووی پارەپێدانەوە ، بەلام ئەم ساڵ دەبینین گرنگی دەدەن بە پاڵێوراوی دیموکراتەکان " ، ئەگەر سەیر بکەین 10 گەورەترین کۆمپانیای پشتگیری پاڵێوراوی کۆماریەکان هەموویان کۆمپانیای ماڵی گەورەن . کەڕەنگە ئەم کۆمپانیا ماڵیانە گرنگی بدەن بە هەندێك سیاسەت کە سەرۆکی ئەمریکی بڕیاری لێداوە ، کە هەندێك لەو سیاسەتانە دابەزاندنی یەك لە دوای یەکی باجە لە داهاتی کۆمپانیاکان ، کە جۆرج بۆش لە ماوەی سەرۆکایەتی یەکەمیدا پێی هەستاوە . ئێستاش کۆمپانیا گەورەکان پشتگیری ڕەوتی کۆماری بە

شێوەیەكی گەورە دەكەن هەروەك ڕەوتی دیموكراتی ، ئەو چوار گەورەترین كۆمپانیانەی كە پشتگیری هەریەك لە جۆرج بۆش و جۆن كیریان دەكرد بەڵام زیاتریان دابە سەرۆكی ئەمریكی .

**كۆمپانیاكانی ڕاگەیاندن و تێچون لەسەر پاڵێوراوان:**

هەڵبژاردنەكانی ئەمریكا یەكێك لە وەرزە گەورەكانە بۆ دامەزراوە و كۆمپانیاكانی ڕاگەیاندن لە ویلایەتە یەكگرتوەكاندا . یەكێك لە چاودێران وەبیری هێنایەوە كە نرخی پڕوپاگەندەی سیاسی بۆ پشتیوانی پاڵێوراوان كەلەڕاگەیاندنی ئەمریكیەوە بۆ ئەم ساڵ پەخش كراون 105 ملیۆن دۆلاری ئەمریكی تێپەڕاندوە ، هەڵمەتێكی ڕاگەیاندن بۆ ماوەی تەنها دوو هەفتە بۆ شیكردنەوەی ژیانی سەربازی جۆن كیری زیاتر لە ملیۆنێك دۆلاری ئەمریكی تیچوە . نرخی یەك پڕوپاگەندەی تەلەفیزیۆنی بۆیەكجار نزیكەی 200 هەزار دۆلارە لە تۆڕێك لە تۆڕە گەورەكانی ئەمریكادا ، سەرەڕای كاتژمێرەكانی پەخش كردنەوەی ڕاگەیاندن كە دابەزی لە 180 كاتژمێر پەخشكردنی ڕاگەیاندنەوە لە ساڵی 1972 دا بۆ ماوەی 20 كاتژمێر لە هەڵبژاردنەكانی كۆتایدا . كە چاوەڕوان دەكرێت تێچونی ڕاگەیاندنەكان بگاتە زیاتر لە ملیارێك دۆلار لە چاو تەنها 24 ملیۆن دۆلار لە ساڵی 1972 دا . لە بەرژەوەندی كۆمپانیاكانی ڕاگەیاندنی ئەمریكیە كە تێچونی سیاسی لە بواری ڕاگەیاندندا بمێنێتەوە لە زیادبونێكی بەردەوامدا ، لەبەرئەوە كۆمپانیاكانی ڕاگەیاندن پارەدەدەن بە پاڵێوراوان لە پێناو دەستەبەركردنی نەگۆڕینی سیاسەتی ڕاگەیاندنە پەیوەندیدارەكان بە هەڵبژاردنەوە ، تەنها كۆمەڵەی گشتی ڕاگەیاندنەكان ئێن ئەی بی NAB هەستابە پێدانی 33 هەزار دۆلار لە شێوەی بەخشیندا بۆ هەریەك لە حیزبی كۆماری و حیزبی دیموكراتی بۆ دەستەبەركردنی دەرنەكردنی یاسایەك كە كۆمپانیاكانی ڕاگەیاندن پابەند دەكات هەستن بە داشكاندنی نرخەكانی پڕوپاگەندە سیاسیەكان . كۆمپانیا ڕاگەیاندنەكان هەڵدەسن بە فشاری سیاسی و بەخشینی ماڵی گەورە بۆ دەست بەسەرا گرتنی پڕۆژەی ئەم یاسایە ، ئەمە بەتەواوی لە ساڵی ڕابردودا بوو . وە كۆی گشتی تێچون لە فشاری سیاسی لەلایەن پێنج گەورەترین كۆمپانیای ڕاگەیاندنەكانەوە ( دیزنی ، نیوز كورب ، جی ئێن ، ڤیا كۆم ، تایم

) لە ماوەی ڕابردودا زیاتر لە 100 ملیۆن دۆلار بووە ، وە لەبەرامبەردا ئەم كۆمپانیانە بەشێكی گەورەیان دەستكەوت لە داهاتی پڕوپاگەندە سیاسیەكان لە وەرزی هەڵبژاردنەكاندا ، لەبەر ئەمە تێچونی سیاسی ئەم كۆمپانیانە دەگەڕێتەوە بۆ وەبەرهێنانێكی (استپمار) ماڵی بەداهات .

ململانە لەنێوان دەوڵەمەنداندا تەنها :

كۆمپانیا ئەمریكیەكان گرێخواردوون بە بەرژەوەندی گەورەوە لەگەڵ پاڵێوراوەكانی كە پێگەی سەرۆكی گەورەترین هێزی ئابوری لە جیهانی ئەمڕۆدا دەگرێتەوە ، وە ئەوكەسانەی كە پاڵێوراون بێگانەنین بە فەزای ئابور ئەم كۆمپانیانە ، نرخی ئەو سامانەی هەریەك لە پاڵێوراوەكان هەیانە گەورەیە ، وە وەبەرهێنانە ماڵیەكانیان زۆرگەورەیە . لەبەرئەوە سەیرنیە كە هەموان هاوڕابن لە سەر خزمەتی بەرژەوەندیەكانی ئەم كۆمپانیا ئەمریكیە گەورانە . عەقڵی بەرژەوەندخوازی دەستی گرتوە بەسەر كۆمەڵگای ئەمریكیدا و هەموو میكانیزمەكانی كاركردن دەجوڵێنێت ، هەتا هەڵبژاردنەكان ڕزگاری نابێت لە گەمارۆی بەرژەوەندی كەسێتی (شخصی) كە تێكەڵە لەگەڵ بەرژەوەندی گشتیدا . وە هەژاران لە ئەمریكادا لەلایەن هەموانەوە بەكاردەهێنرێن ، پاڵێوراوان بە بەڵێنی هەنگوینی لەگەڵیاندا دەدوێن كە بەشێكی كەمی نەبێت جێبەجێی ناكەن ، وە ڕاگەیاندن نادوێت جگە لەوەی كە خزمەت بە چینی باڵا لە كۆمەڵگای ئەمریكیدا دەكات كە دەستی بەسەر هەموو شتێكداگرتوە بەدامەزراوەی سیاسی دەست پێدەكات تا ڕاگەیاندن و هەروەها دامەزراوە ماڵی و ئابوریەكان ، وە پاشان سیاسەتی دەرەوە كە دەگۆڕێت بۆ پڕۆژەیەكی وەبەرهێنان . لەبەر ئەوە جێگەی سەرسوڕمان نیە كە كۆمپانیا ئەمریكیە گەورەكان گرنگی دەدەن بە هەڵبژاردنەكان . ئەوە پڕۆژەیەكی بازرگانی ترە لە دەوڵەتدا دەگۆڕێت بۆ كۆمپانیایەكی گەورە كە هەموو مرۆڤەكان ئیستغلال دەكات بۆ پێكانی ئامانجە ئابوریەكانی ژمارەیەك كەسی كەم .

**جێفشاری پارە لەسەر هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا (16 )**

**تێچونی هەڵبژاردنە فیدراڵیەکانی ئەمریکا :**

**ئاستەنگی یەکەم کە ڕوبەڕوی یاسادانەرانی ئەمریکا دەبێتەوە لە هەوڵیاندا بۆ دانانی ئاستێك بۆ جێفشاری نادروستی ماڵی لەسەر هەڵبژاردنە فیدراڵیەکان ( کۆشکی سپی و کۆنگرێس) بەرزبونەوەی بەردەوامە لە تێچونی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنە فیدراڵیەکاندا ، وە هەروەها زیادبونی پشتبەستنی پاڵێوراوە ئەمریکیەکانە بە پارە لە سەرکەوتن بۆ پۆستە سیاسیەکان . لەسەر ئاستی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتیەکانی ئەمریکادا کە هەموان ململانەیانکرد لەسەر پۆستی سەرۆکی ئەمریکی لە ساڵی 2002 دا بەخشینەکان بەبڕی 528 ملیۆن دۆلار بوو ، لە بەرامبەردا 425 ملیۆن دۆلار کۆکرایەوە لەلایەن ڕکابەرەکانە لە ساڵی 1996 دا ، وە ڕکابەرەکان لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1992 دا تەنها بڕی 331 ملیۆن دۆلاری ئەمریکی بەخشینیان کۆکردەوە ، کەواتە یەعنی قەبارەی بخشینەکان کە ڕکابەرەکان کۆیانکردەوە لەسەر سەرۆکایەتی ئەمریکی زیادیکردوە بە تێکڕای 100 ملیۆن دۆلاری ئەمریکی هەر چوار ساڵ جارێك لە ساڵی 1992ەوە . هەروەك کۆکردنەوەی پاڵێوراوی کۆماریەکان بۆ سەرۆکایەتی کە سەرۆکی ئەمریکی ئێستا جۆرج دەبڵیو بۆشە هەرخۆی 228 ملیۆن دۆلار بوو تا 20 ی یۆنیۆی 2004 کە ژمارەی پێوانەیی پێشوی شکاند کە لە هەڵبژاردنەکانی 2000 دا بەدەستی هێنابوو کاتێك سەرکەوتوبوو لە هەموو بەخشینەکاندا بەبڕی 193 ملیۆن دۆلاری ئەمریکی ، هەروەك ڕکابەرە دیموکراتەکەی ئالگۆر لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2000 دا کاتێك لە سەرجەم بەخشینەکاندا نەیتوانی تەنها 132 ملیۆن دۆر زیاتر کۆبکاتەوە ، بەڵام سەبارەت بە ڕکابەری ئێستای جۆنکیری تەنها 186 ملیۆن دۆلاری کۆکردەوە تا 20ی یۆنیۆی 2004 . بەڵام لەسەر ئاستی هەڵبژاردنەکانی کۆنگرێس ، تێکڕای ئەوەی هەر ئەندامێك لە ئەندامە براوەکان لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکیدا لە ساڵی 2002 دا کۆیکردبوەوە گەیشتە 898 هەزار دۆلار لە بەرامبەر تەنها 197 هەزار دۆلار بۆ هەر**

ڕکابەرێك لە ڕکابەرە دۆڕاوەکان ،هەروەك ئەندامی ئەنجومەنی پیرانی براوە بڕی 5.8 ملیۆن دۆلار بە تێکڕا لە بەرانبەر تەنها ملیۆنێك دۆلار بۆ ڕکابەرە دۆڕاوەکەی .

زیادبوونی بەردەوامی تێچونی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا دەگەڕێتەوە بۆ ئەم هۆیانە :

یەکەم : ڕێگایەك نیە پێشوەخت پاڵێوراو بتوانێت لێیەوە تێچونی سەرکەوتنی لە هەڵبژاردندا بزانێت ، لەبەر ئەوە پاڵێوراو پێداگری دەکات لەسەر کۆکردنەوە و تێچونی گەورەترین بڕی پارە بۆ پروپاگەندەی هەڵمەتەکەی هەتا ئەگەر هەندێك لەم پارانەی لە پێشتردا لەدژی دوژمنێکی بێهێز بەفیڕۆدابێت بەسنیە ئەوە دڵنیای سەرکەوتنی پاڵێوراو دەکات .

دووەم : هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بە خۆڕای نین ، ئەوە کارێکی قورس و پارەبەرە کە دەستە و نوسینگەی تایبەتمەند لە بواری هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا هەیە ، کە هەڵدەسێت و کاردەکات لەسەر گەشەپێدان و بەڕێخستنی هۆکارەکانی بەشێوەیەکی بەردەوام ،لەسەر پاڵێوراوانە نرخی بەکارهێنانی ئەم دەستانە بدات وە ئەوەی دەیکەن و پێی هەڵدەسن لە چالاکی وەك تۆمارکردنی دەنگدەران و چاپکردنی پروپاگەندەکان و دابەشکردنیان و بەستنی چاوپێکەوتنە جەماوەریەکان وەبەستنی چاوپێکەوتنەکانی کۆکردنەوەی بخشینەکان وە کڕینی ڕیکلامە تەلەفیزۆنیە نرخ بەرزەکان .

سێهەم : قەبارەی ئەوپارەیەی کە پاڵێوراوێك کۆی دەکاتەوە کە دەتوانێت پاڵپشتێکی بەهێزبێت بۆ دژایەتی بەتایبەتی ئەگەر پاڵێوراو سەرکەوتوبوو لە کۆکردنەوە بڕێکی گەورە لە پارە لە سەرەتای هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەیەوە .

چوارەم : دەزگا سیاسیی و ڕاگەیاندنە ئەمریکیەکان دەڕواننە قەبارەی بەخشینەکان کە پاڵێوراو کۆی دەکاتەوە بەتایبەت لە سەرەتای هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەیانەوە وەك نیشانەی گرنگ لەسەر چەندێتی سوربوون و توانای لەسەر ململانەی بردنەوە لە هەڵبژاردندا .

جێفشاری گروپەکانی بەرژەوەندی دەوڵەمەندان :

بەڵام ئاستەنگی گەورە کەڕوبەڕوی یاسادانەرانی ئەمریکی دەبێتەوە لە هەوڵیاندا بۆ دانانی ئاستێك لە جێفشاری ماڵی لەسەر هەڵبژاردنەکان ، ئەوەیە کە نائارامن لەو ڕۆڵە

**گەورەی کە گروپەکانی بەرژەوەندی دەوڵەمەندان دەیگێڕن لە پارەپێدانی پاڵێوراوان و پاشان جێفشاریان لەسەر ڕێڕەوی دیموکراسی ئەمریکی ، وە ئەم نائارامیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەم هۆیانە :**

**یەکەم : سەرجەم ئەو پارانە دەچێتە هەڵبژاردنەکانی ئەمریکاوە لە ڕێژەیەکی زۆر کەمی ئەمریکیەکانەوە دێت کە لە 2٪ ی ڕێژەی گشتی خەڵکی ئەمریکا تێناپەڕێنێت . بۆ نمونە (PACs) بڕی 933 ملیۆن دۆلاری لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2002 دا خەرج کردوە ، ئەم پارەیە لەلایەن تەنها 640 بەخشەرەی ئەمریکیەوە هاتوە کەیەکسانە بە 0.22٪ ی کۆی گشتی خەڵکی ئەمریکی کە ژمارەیان دەکاتە 288.5 ملیۆن کەس ، یان یەکسانە بە 0.3٪ ی گۆی گشتی هاولاتیانی ئەمریکی سەرو 18 ساڵ . وە لەنێوان کەسە بەخشەرەکاندا نزیکەی 252 هەزار بەخشەر هەزار دۆلار یان زیاتریان بەخشیوە ، وە لەنێوانیاندا 9755 بەخشەر 10 هەزار دۆلار یان زیاتریان بەخشیوە ، هەروەك 14 بەخشەر ( کەسایەتی یان دەستە ) بڕی زیاتر لە ملیۆنێك دۆلاریان بەخشیوە ، بەپێی ئەم ئامارانە ڕێژەی بەخشەرەکان کە بە هەزار دۆلار یان زیاتر بەژداریانکردوە ژمارەیان دەگاتە 252 هەزار بەخشەر بەنزیکی ، کە لە چاو کۆی گشتی خەڵکی ئەمریکادا نزیکەی 0.09 ٪ ی سەرجەمی ئەمریکیەکانە ، لەکاتێکدا ئەم کەسانە نزیکەی 779 ملیۆن دۆلار دەدەن کەدەکاتە بڕی 83 ٪ ی کۆی گشتی ئەوپارانەی کە دەچێتە هەڵبژاردنە تەشریعیەکانی ئەمریکاوە لە ساڵی 2002دا .**

**دووەم : بڕێکی زۆر لەو پارانەی کە پاڵێوراوان دەستیان دەکەوێت لە دەستەکانی کاری سیاسیەوە دێت کەنوێنەرایەتی گروپی بەرژەوەندیە باڵاکاندەکەن ، بەخشینەکانیان بەزۆری سەرنج دەخاتە سەر یان لەبەرژەوەندی ئەندامانی کۆنگرێسی ئامادەبووە کە گرێخواردوون بە گروپەکانی بەرژەوەندیەوە کە بەڕاستی پەیوەندی بەهێزیان هەیە . لە هەڵبژاردنەکانی کۆنگرێسی ساڵی 2002دا ئەندامانی براوەی کۆنگرێس لە هەڵبژاردنەکاندا 43٪ یان بەدەستهێنا لەو بەخشینانەی کە لەلایەن دەستەکانی کاری سیاسیەوە کۆکرابوەوە کە تێکڕای بەخشینی ساڵ کە سەرجەم پاڵێوراوان ( براوە و دۆڕاوە ) بەدەستیان هێنابوو لە هەمان هەڵبژاردندا لە لیژنەکانی کاری سیاسیەوە بریتی**

بوو لە 34٪ لە كۆی گشتی بەخشراوەكان ، هەروەك ئەوەی كە ڕویدا ئەندامانی ئەنجومەنی پیرانی براوە لەهەمان هەڵبژاردندا لە 24.5٪ یان بەدەستهێنا لەو بەخشراوانەی كە لە دەستەكانی كاری سیاسیەوە كۆكرابونەوە . لەكاتێكدا تێكڕای بەخشینی ساڵ كە سەرجەم پاڵێوراوان ( براوە و دۆڕاو ) كە لەهەمان هەڵبژاردنەكاندا بەدەستیان هێنابوو لەدەستەكانی كاری سیاسی تەنها 18٪ بوو ، بەبێ گومان ئەمە جێفشارێكی زۆر خراپ لە ڕێژەی جوڵان و گۆڕانی سیاسی لە ناوەندەكانی دروستكردنی بڕیاری ئەمریكیدا بە جێدێڵێت . ئامارەكان ئاماژە بەوەدەدەن كە 96٪ لە پاڵێوراوەكانی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریكی براوە لە هەڵبژاردنەكانی ساڵی 2002 دا ئەندامانی كۆنن . هەروەك ئەوەی 86٪ لە پاڵێوراوانی ئەنجومەنی پیران لە هەڵبژاردنەكانی هەمان ساڵدا ئەندامانی كۆنن ، دابەزینی ڕێژەی ئەنجومەنی پیران دەگەڕێتەوە بۆ كەمی ژمارەی ئەندامانی لەلایەكەوە ، وە بۆ دۆڕانی ژمارەیەك لە پاڵێوراوانی پارتی دیموكراتی لە هەڵبژاردنەكانی ساڵی 2002دا پاش هەڵكشانی ئەندامانی پارتی كۆماری و پاڵێوراوانی لە سالانی كۆتایدا ، هەروەك دەستەكانی كاری سیاسی سوربوون لەسەر لایەنگری گەورە ئەندامانی كۆنگرێس لە پێدانی ڕێژەیەكی گەورە لە بەخشین پێیان لە پێناو دانانی جێفشار لەسەریان . بۆ نمونە تۆم دلای سەرۆكی زۆرینەی كۆماریەكان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریكی 63٪ی بەخشینە سیاسیەكانی كە كۆكرابونەوە لە هەڵبژاردنەكانی ساڵی 2002 دا كۆكردەوە كە لەلایەن دەستەكانی كاری سیاسیەوە كۆكرابونەوە ، هەروەك نانسی بالوسی سەرۆكی كەمینەی دیموكراتەكان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریكی 55.8٪ ی بەخشینەكانی لە هەڵبژاردنەكانی هەمان ساڵدا بەدەستهێنا كە لەلایەن دەستەكانی كاری سیاسیەوە كۆكرابونەوە .

سێهەم : دەوڵەمەندان ڕۆڵێكی زۆر ترسناك دەگێڕن لەسەر ڕەوتی هەڵبژاردنەكانی ئەمریكی لە چوارچێوەی بەكارهێنانی پارەكانیانەوە ، ئەگەر یاسای ئەمریكی ئاستێكی دانا بۆ قەبارەی بەخشین كە پاڵێوراو بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ دەستی دەكەوێت لەهەر هاوڵاتیەكی ئەمریكیەوە ، هەروەها ئاستێك بۆ توانای دەوڵەمەندان لەسەر جێفشاریان

لەسەر هەڵبژاردنەکان ، لەبەر ئەمە دەوڵەمەندەکان پەنادەبەنەبەر پێدانی بەخشینی دڵفراوانانە بەبڕی ملیۆنان دۆلار بەزۆری بۆ دەستە سیاسیەکان وە پارتەکان و کۆمەڵەکانی بەرژەوەندی تابەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەکاریبهێنن لە خزمەتی کێشەکەیاندا .وە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەخزمەتی پاڵێوراواندا ، تانەکەونە ژێرباری یاساوە . وە لەدیارترین و گرنگترین ئەو ڕێگایانەی پارت و کۆمەڵەکانی بەرژەوەندی پێیهەڵدەسن کڕینی پڕوپاگەندە تەلەفیزیۆنیە چڕەکانە بەر لەکاتی هەڵبژاردن ، وە ناوی پاڵێوراوێکی دیاریکراو نابەن بەلاَم بەکایدەهێنن بەشێوەیەکی دیاریکراو و چڕ لە بازنەیەکی هەڵبژاردنی دیاریکراودا بۆ کێشەیەکی کاریگەر لەسەر ڕەوتی هەڵبژاردنەکان لەو بازنەیەدا . وە ئەم ملیۆنانە بە پارەی نەرم ( ناعم ) ناودەبەن لەبەر ئەوەی دیاریکردنی لەژێر یەك ئاستی دیاریکراودا لەلایەن یاساوە چونکە کاریگەرە لەسەر هەڵبژاردنەکان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە چوارچێوەی پشتگیری بۆ کێشەیەك نەك پاڵێوراوێك . وە لەهەمانکاتدا ئەو بەخشینانەی کە یاسا ڕێگەی پێداون کە هاولاَتی ئەمریکی ڕاستەوخۆ بیبەخشێتە پاڵێوراوان تابەکاریبهێنن لە چالاکیە سیاسیەکانی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا بە پارەی بەستو (جامد ) ناودەبرێن . ئامارەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە پارتی دیموکرتی لە ساڵی 2001دا ( ساڵێك بەر لەدەرچوونی یاسای چاکسازی ماڵی هەڵبژاردنەکان بۆ ساڵی 2002 ) بڕی 54٪ی ئەو بەخشینانەی بەدەستی هێناوە بەشێوەی پارە نەرم بووە ، هەروەك پارتی کۆماری 43٪ ی لەو بەخشینانەی لەهەمان ساڵدا کۆی کردونەوتەوە بەشێوەی پارەی نەرم بووە . ئەمە بەبێگومان بڕێکی زۆرە ئەوە ڕۆشن دەکاتەوە کە پشت بەستنی هەردوو پارتی سەرەکی بەبەخشینی دەوڵەمەندانە .

شوێنکەوتنەکانی یاساکانی چاکسازی ماڵی بۆ هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا :

لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردودا یاسادانەرانی ئەمریکی بڕیاریاندا ژمارەیەك یاسا بۆ چاکسازی ماڵی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن دابنێن کە ڕۆڵی ماڵی لە هەڵبژاردنەکانی ئەمریکادا تاساڵی 2002 ڕێکخست . لە گرنگترین بەدەستهێنانەکانی ئەم یاسایە پێکهێنانی لیژنەی هەڵبژاردنە فیدڕاڵیەکانە تا چاودێری جوڵەی پارە لە هەڵبژاردنەکاندابکات ، هەروەك یاساکە ئاستێکی ڕۆشنی دانابوو بۆ قەبارەی ئەو

بەخشینە سیاسیانەی کە هاولاّتی ئەمریکی یان لیژنەکانی کاری سیاسی ( کە نوێنەرایەتی کۆمەڵەکانی بەرژەوەندی دەکەن ) دەتوانێت بیداتە پاڵێوراوان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ، وە یاساکە وەرگرتنی ڕاستەوخۆی پارەی لەسەرچاوەی دیاریکراو بەتایبەت لەلایەن کۆمپانیا و یەکێتیە کرێکاریەکانەوە لە پاڵێوراوان قەدەغەکرد ، وەیاساکە داوای لە کۆمپانیا و یەکێتیە کرێکاریەکان کرد بە پێکهێنانی لیژنەی کاری سیاسی کە بەڕونی کاربکەن لەژێر چاودێری یاسادا لە بواری کۆکردنەوەی بەخشینی نوێنەرانی ئەم دەستانە وەپاشان دابەشکردنی بەسەر پاڵێوراواندا لە چوارچێوەی ئەو ئاستەی کە یاسا ڕێگەی پێداوە . بەخێرای گروپەکانی بەرژەوەندی دەوڵەمەندان ئەم یاسا تایبەتەیان پێچ پێکردەوە لە چوارچێوەی هەوڵدانیان بۆ بەکارهێنانی پارەی نەرم بۆ جێفشاردانان لەسەر هەڵبژاردنە تایبەتەکان لەڕێگەی پێدانی بە حیزبەکان و بەکارهێنانی لە کڕینی پڕوپاگەندە تەلەفیزیۆنیە گرانبەهاکاندا کە بایەخ دەدات بە کێشەیەکی کاریگەر لەسەر هەڵبژاردنەکان ، وە پارتی کۆماری لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2002 دا 691 ملیۆن دۆلاری کۆکردەوە ، هەروەك پارتی دیموکراتی لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2002 دا بڕی 715 ملیۆن دۆلاری کۆکردەوە . بە نزیکی نیوەی ئەم پارەیە بەشێوەی پارەی نەرم هاتوە ، لەبەرئەوە یاسای چاکسازی ماڵی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا بۆ ساڵی 2002 بڕیاری ژمارەیەك چاکسازی سەرەکیدا ، لەسەرویانەوە ڕێگەگرتن لە حیزبەکان بە قبوڵکردنی پارەی نەرم ، وە ئاستێك بۆ توانای گروپەکانی بەرژەوەندی لەسەر کڕینی پڕوپاگەندە تەلەفیزیۆنیەکان لەگەڵ نزیکبونەوەی کاتی هەڵبژاردنەکان . لەئەنجامی ئەمەدا پارتی دیموکراتی نەیتوانی لەدەورەی هەڵبژاردنەکانی ئێستادا جگە لە 114 ملیۆن دۆلار کۆبکاتەوە ، هەروەك پارتی کۆماری لەدەورەی هەڵبژاردنەکاندا نەیتوانی جگە لە 356 ملیۆن دۆلار کۆبکاتەوە ، هەروەك یاسا تازەکە قەبارەی ئەوپارەیەیی کە تاکە کەس ڕاستەوخۆ دەتوانێت ببەخشێت بە پاڵێوراوەکەی زیادکرد لە شێوەی پارەی بەستودا . لەسەرئەو هیوایەی کە ببێتە هۆی بەهێزکردنی دەوری تاکەکەس . وە دانانی ئاستێك بۆ یاریکردن لە دەرەوەی چوارچێوەی یاسادا ، یاسا نوێیەکە ڕێگە بەهەر تاکە کەسێك دەدات بەبەخشینی دووهەزار دۆلار بۆ هەر پاڵێوراوێك لە چاو ڕابردودا کە هەزار دۆلاربوو

. هەروەك ڕێگە دەدات بە هاولاتی بە بەخشینی 25 هەزار دۆلار بۆ دەستەی حیزبەکەی ، وە 10 هەزار دۆلار بۆ هەر دەستەیەکی کاری سیاسی یان لیژنە لۆکاڵیەکانی حیزب . بەومەرجەی قەبارەی بەخشینەکانی یەك تاك زیاتر نەبێت لە 95 هەزار دۆلار لە ماوەی هەردوو ساڵێکدا ، وە هەندێك لە شیکەرەوەکان دەڵێن کە یاسا تازەکە پاڵبە حیز و پاڵێوراوەکانەوە دەنێت بە گرنگی پێدان بۆ گەیشتنە گەورەترین ژمارە لە تاك وە نایەڵێت کە حیزبەکان پارەی نەرمیان دەست بکەوێت . بۆ نمونە پارتی دیموکراتی لە چوارمانگی سەرەتای ساڵی 2004دا هەستاوە بە ناردنی 35 ملیۆن نامەی ئەلکترۆنی بۆ پشتیوانی داوای بەخشینی لێکردوون ، وە ئەوە یەکسانە بە کۆی ئەونامانەی هەموو بەخشەرە تایبەتەکان کە پارتی دیموکرات لە دەیەی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردودا ناردونی ، هەروەك جۆرج دەبلیو بۆش و جۆنکیری ئەوەی لە توانایاندا بوو بۆ گەیشتنە گەورەترین ژمارە لە بەخشەران لەوانە بەخشەرە بچوکەکان لەڕێگەی ئەنتەرنێتەوە کردیان . لەبەرامبەردا هەڕەشەیەکی نوێ دەرکەوت بۆ یاسا نوێیەکانی هەڵبژاردن لە شێوەی ڕێخراوی خێرخوازیدا بە شوێنکەوتەیەکی سیاسیەوە بەناوی (527 ) کە ژمارەی بەندی یاسای باجە . یاسای نوێ ڕێگە بەم گروپانە دەدات بەدانی بەخشین لە جیاتی یان بە لێخۆشبونیان لە باج ، وە ئەم ڕێخراوانە لەماوەی دووساڵی ڕابردودا دەیان ملیۆن دۆلاریان کۆکردۆتەوە لە پارەی نەرم بەتایبەت لەلایەن دەوڵەمەندە دیموکراتەکانەوە کە هەوڵدەدەن بۆ شکست پێهێنانی جۆرج بۆش . هەروەك هەندێك بەخشینیان لەلایەن کەسایەتی و ڕێخراوە دەوڵەمەندەکانەوە پێگەیشتوە کە دەگاتە 14 ملیۆن دۆلار لەلایەن تەنها یەك دامەزراوەوە . وە لەبەرامبەردا کۆماریەکان داوای یاساییان لەدژی ئەم جۆرە ڕێخراوانە بەرزکردۆتەوە بەداوای تێکدانی یاساکانی چاکسازی هەڵبژاردنەکان کە هەوڵیداوە بۆ دانانی ئاستێك بۆ جێفشاری پارەی نەرم ، وە تائێستا ئەم داوایە کراوەیە کە دواتریش کۆتای نایەت ، حکوم کردن بە شەرعیەت و ناشەرعیەتی گروپە تازەکان چارەسەرێکی کۆتای دانانێت بۆ جێفشاری خراپی پارە لەسەر هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا ، لەبەر ئەوە بەبڕوای زۆربەی شیکەرەوەکان گروپەکانی بەرژەوەندی هیچ نین جگە لە دۆزینەوەی بۆشاییە یاساییەکان لە هەریاسایەکی نوێدا ، هەروەك وایدەبینن دانانی

**ئاستێك بۆ جێفشاری هەرگروپێك  لەسەر هەڵبژاردنەکان ئەوە هێرشە بۆسەر ئازادی ئەو گروپانە بۆ تەعبیرکردن لە خۆیان ، وە ئەمە واتا ئەو چاکسازیەماڵیەی بۆ هەڵبژاردنەکان دەکرێت بەرەنگاربونەوەیەکی هەمیشەییە بۆ پارێزەران لە دیموکراتی ئەمریکا .**

**ئایا بەڕاستی گەلی ئەمریکی سەرۆکەکەیان هەڵدەبژێرن ؟ (17)**

**هەندێك لەوانەی سەیری هەڵبژاردنە سەرۆکایەتیەکانی ئەمریکا دەکەن نازانن کە سەرۆکی‌ئەمریکی ڕاستەوخۆ لەلایەن گەلی ئەمرکیەوە هەڵنابژێردێت .لەوەش جێگەی سەرسوڕمانتر ئەوەیە ژمارەی ئەوانەی دەنگیاندا بە پاڵێوراوی دیموکراتیەکان (ئەلگۆر) دابوو لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2000دا زیاتربوو لە ژمارەی ئەوانەی دەنگیاندا بە جۆرج بۆش .لەگەڵ ئەوەشدا جۆرج بۆش سەرکەوت بۆ سەرۆکایەتی بە سروشتی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا کە پشت نابەستێت بە هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ . ئەنجامی هەڵبژاردنی گەلی ئەمریکی لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی پێشووی ساڵی 2000 بە سەرکەوتنی پاڵێوراوی کۆماریەکان جۆرج بۆش بەڕێژەی 47.87٪ لە کۆی گشتی دەنگەکان کە بەژداربوون لە دەنگداندا لەو ساڵەدا کۆتایی هات ، هەروەك پاڵێوراوی دیموکراتەکان ئەلگۆر 48.38٪ی بەدەستهێنا لە دەنگەکان ، وە بەمپێیە ئەلگۆر هەڵبژێردراوی گەلی ئەمریکایە بۆ سەرۆکایەتی لەڕاستیدا . وە لەگەڵ ئەوەدا سیستمی هەڵبژاردنی ناسراو بە Electoral College یان سەرجەمی هەڵبژاردن سەرۆکایەتی دەدات بەوەی کە کەمترین دەنگ بەدەست بهێنێت ، وە ئەوەی نواندنی بەرزترین لە ویلایەتەکاندا بەدەست دێنێت . وە لەبەر ئەوە گونجاوە ئەم سیستەمە شیبکەینەوە ، لەبەر ئەوەی چاوەڕواندەکرێت هەڵبژاردنەکانی داهاتو ژمارەی دەنگدان زۆرتر نزیکبێت ، وەك لە هەڵبژاردنەکانی ڕابرردودا ڕویداوە .**

**سیستمی هەڵبژاردنی ئەمریکا :**

**دەستوری ئەمریکی بەندی دووەم دەڵێت ،بەندی یەکەم دیاریکردنی سەرۆك و جێگرەکەی لە ڕێگەی سیستمی System Electoral یان سیستمی گۆی گشتی یەوە . ئەم سیستمە ڕێگە نادات بە هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی سەرۆك و جێگرەکەی لەلایەن گەلی ئەمریکیەوە بە ڕێگەی یەك دەنگ بۆ یەك دەنگدەر . دانیشتوانی هەر ویلایەتێك هەڵدەسن بە ڕاسپاردنی دوو نوێنەر لە خۆیان بە هەڵبژاردنی سەرۆك ، وە جێگرەکەی ،**

وە ئەوانە بە دەنگدەران ناو دەبرێن ، یان Electors ( هەڵبژێرەران ) . بەڵام سەرجەمی گەلی ئەمریکی کە ڕۆژی هەڵبژاردن دەڕۆن بۆ سندوقی دەنگدان ،پێیان ناوترێت دەنگدەر ، ئەوە دیاریدەکەن کەکێ لەو وویلایەتە بردویەتیەوە تەنها، وە هەر وویلایەتێك ژمارەی دەنگدەرانی یەکسانە بە سەرجەمی ئەندامانی ئەنجومەنی پیرانی و نوێنەرانی ئەو وویلایەتە . وەبراوەی هەروویلایەتێك سەرجەم دەنگەکانی وویلایەتەکە بەدەست دێنێت .

تەنها 538 کەس سەرۆك هەڵدەبژێرن :

ژمارەی دەنگدەران لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکیدا هەمان ژمارەی نوێنەرانی گەلە لە کۆنگرێسدا کە پێکهاتوە لە ئەنجومەنی پیران و نوێنەران . وە بۆ دیاریکردنی ژمارەی دەنگدەران ، بۆ زانینی ژمارەی گشتی ئەندامانی کۆنگرێس . سیستمی وویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دوو ئەندام دیاریدەکات بۆ ئەنجومەنی پیران The Senateلە هەر وویلایەتێك . لەبەر ئەوە کۆیگشتی ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکی دەکاتە100 ئەندام لە 50 وویلایەت . بەهەر ئەندامێك لە ئەنجومەنی پیران دەوترێت سیناتۆر Senator . بەڵام ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران The House of Representatives ، دەگۆڕێت لەگەڵ ژمارەی دانیشتوانی هەر وویلایەتێکدا ,ئەندامی ئەم ئەجومەنە پێیان دەوترێت نوێنەر Representatives ، نوێنەر دیاریدەکرێت لە ئەنجومەن بۆ نوێنەرایەتی نزیکەی نیو ملیۆن کەس لە هەروویلایەتێك لە پەنجا وویلایەتەکە . وە لەبەر ئەوە کۆیگشتی ژمارەی نوێنەرانی ئەمریکا 435 نوێنەرە . وە بۆ ئەنجومەنی نوێنەران سێ نوێنەر زیاد دەکرێت هی پایتەختی فیدڕاڵی واشنتۆنە کە لەوویلایەتەکاندا دانەنراوە بەپێی سیستمی ناوخۆیی وویلایەتە یەکگرتوەکان . بەوە کۆی گشتی نوێنەرانی گەڵ لە ئەنجومەنی پیران و نوێنەران دەکاتە 538 ئەندام ، وە هەروەها واتا ژمارەی دەنگدەران ، کە هەڵدەسن بە دیاریکردنی سەرۆکی ئەمریکی کە 538 دەنگدەرن . وە چەند مەرجێك لەسەر دەنگدەران هەیە لە نێویاندا نابێت هیچ کارێکی وەزیفەی فیدڕاڵی بکات .

ڕۆڵی دەنگدەران :

**هەر حیزبێك لە حیزبە پاڵێوراوەکان هەڵدەسێت بە دیاریکردنی ژمارەی دەنگدەری پێویست لە هەر ویلایەتێکدا بەر لە هەڵبژاردن . کە ئەوە هەمان ژمارەی ئەندامانی کونگرێسە بە هەردوو ئەنجومەنی پیران و نوێنەرانیەوە لەو ویلایەتە ، وە ناوی دەنگدەران بەر لە هەڵبژاردنەکان ڕادەگەیەنرێت . هەروەك کەسانی دەنگدەر لە سجیلی فەرمی ویلایەتەکەدا تۆمار دەکرێت . وە ئەرکی دەنگدەران ئەوەیە هەڵسن بە هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەمریکی و جێگرەکەی لە کاتی بردنەوەی پارتەکەیاندا لەو ویلایەتە . وە پاشان تێگەیشتن لە نوێنەرایەتی حیزب بەبەخشینی دەگیان . لە کاتی پێشنیارکردنی گشتیدا لە سێ شەمەی یەکەمی مانگی تشرینی دووەمدا ، دانیشتوانی هەر ویلایەتێك دەڕۆن بۆ پێشنیارکردنی سەرۆك و جێگرەکەی ، پاش دەرچونی ئەنجامەکان ، هەر ویلایەتێك لە ویلایەتەکان پالێوراوی براوە دیاریدەکات بۆ پێشنیارکردنی لەو ویلایەتە . وە بەڕاگەیاندنی ئەم ئەنجامە ، نوێنەرانی حیزب کەلەم ویلایەتە سەرکەوتون ڕادەسپێرێن بە بەخشینی دەنگیان لەو ویلایەتە بۆ هەڵبژاردنی سەرۆك ، وە پارتی براوە مافی ناردنی نوێنەری لە دەنگدەران هەیە بۆ دەنگدان لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی لە نێوان دەنگدەراندا ، کە پاش دەنگدانی ساڵ دێت بە مانگێك مانگی کانونی یەکەم .**

**چۆن براوە دیاریدەکرێت :**

**کۆکردنەوە نوێنەری حیزب بۆ پاڵێوراوی براوە لە هەر ویلایەتێك بەناردنی نوێنەری بۆ بەخشینی هەموو دەنگەکانی هەڵبژاردن لە ویلایەتەکەدا ، نەك تەنها ئەو برەی کە پاڵێوراو بەدەستی هێناوە لە دەنگەکان , وە ئەم سیستمە پێیدەوترێت براوە هەمووی کۆدەکاتەوە . وە براوە لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیدا ئەوکەسەیە کە زیاتر لە نیوەی ژمارەی دەنگدەران بەدەست بهێنێت . واتا زیاتر لە 270 دەنگی هەڵبژاردن بە چاوپۆشین لە ئەنجامی هەڵبژاردنی گەل . ئەوەبوو هۆی بەدەست هێنانی پۆستی سەرۆکایەتی لەلایەن جۆرج بۆشەوە لە هەڵبژاردنەکانی پێشودا سەرەڕای ئەوەی کە زۆربەی دەنگەکانی گەلی ئەمریکی بەدەست نەهێنابوو .جۆرج بۆش تەنها 271 دەنگی**

هەڵبژاردنی بەدەستهێنا ، هەروەك ئەلگۆر 266 دەنگی هەڵبژاردن زیاتری بەدەست نەهێنا ، سەرەڕای ئەوەی براوەی دەنگی زۆرینەی گەل بوو .

**بۆشایی هەڵبژاردن :**

وەك پێویستە کە دەنگی ئەندامانی هەر پارتێك بۆ ئەو پاڵێوراوەبێت کە نوێنەرایەتی ئەو پارتە دەکات لە کاتی بردنەوەی لە هەڵبژاردنی گشتیدا وەك تەعبیر لە ڕەئی دانیشتوانی ئەو وویلایەتە . بەڵام یاسا دەنگدەران لە 24 وویلایەتی ئەمریکی پابەند ناکات بەمەوە ، وە دەنگدەران لە 26 وویلایەتەکەی تر پابەند دەکرێن بە دەنگدان بەپێی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنە گشتیەکان لە هەر وویلایەتێکدا . بەڵام لەو وویلایەتانەی کە دەگدەران پابەندنین بە ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەوە ،ئەگەر یەکێکیان دەنگیدا بە پێچەوانەی ئەوە کە دانیشتوانی ئەو وویلایەتە هەڵیان بژاردوە ، وە بە پێچەوانەی ئاڕاستەی حیزبەکەیەوە کە نوێنەرایەتی دەکات ، ئەوا ڕەئی ئەو کەس پێش ڕەئی جەماوەر دەکەوێت ، وە دەنگی ئەم دەنگدەرە دەبێتە جیاکەرەوەی کۆتایی ئەوانەی هەڵیدەبژێرن لەم وویلایەتەدا . وە دەنگدەر توشی هیچ کێشەیەکی یاسایی نابێتەوە لەم کاتەدا ، لەبەر ئەوە مافی دەنگدەرە کە نوێنەرایەتی هاوڵاتیانی 24 وویلایەتی ئەمریکی دەکەن خۆیان هەڵیبژێرن ، ئەوپاڵێوراوەی گونجاوە وە بەپێی ڕەئی کەسایەتی خۆیان بە چاوپۆشین لە ڕەئی هاوڵاتیانی وویلایەتەکە ، یان ڕێگەی لێبگیرێت لە دەنگدان ئەگەر ئەوەی ویست . لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی پێشودا ، هاوڵاتیانی واشنتۆنی پایتەخت هەڵسان بە دەنگدان لە بەرژەوەندی جۆرج بۆش ، وە سەرکەوت لەم دیاریکردنەدا ، وە گونجاو بوو بۆ بەدەستهێنانی هەموو دەنگەکانی هەڵبژاردن لەم شارەدا ، کە سێ دەنگە کە سێ دەنگدەر نوێنەرایەتی دەکەن لە پارتی کۆماری . بەڵام ڕۆژی هەڵبژاردن ، یەکێك لەو سێ کەسە دەنگی نەدا لە بەرژەوەندی جۆرج بۆش ، وەبەمە جۆرج بۆش تەنها دوو دەنگی زیاتر لە دەنگەکانی پایتەخت بەدەست نەهێنا . لەگەڵ ئەوەی بە پێی سیستمی هەڵبژاردنەکان چاوەڕوان دەکرا سێ دەنگ بەدەست بهێنێت ،. لە مێژووی وویلایەتە یەکگرتوەکاندا ژمارەیەك هەڵوێست دەنگدەران پێی هەڵساون پێچەوانەی ئەوەی گەل لە دەنگدانی گشتیدا دەنگیان پێداوە . لە ساڵی 1836 دا سەرجەم دەنگدەرانی

**دیموکراتەکان کە ژمارەیان 23 دەنگدەر بوو دەنگدانیان بە ڕیچارد جۆنسۆنی پاڵێوراوی دیموکراتەکان ڕەتکردەوە بۆ جێگری سەرۆك سەرەڕای بردنەوەی لە وویلایەتەکاندا ، لەبەرئەوەی لە ژنێکی ڕەشی ئەمریکی دوو منداڵی ڕەشی هەبوو .**

**چی لەسەر یەکسان بوون ؟**

**دەستوری ئەمریکی دەڵێت لە کاتی وەکیەك بوونی (التعادل) دەنگەکانی هەڵبژاردندا ، ئەوا کێشەکە هەمووی ڕەوانەی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکی دەکرێت ، کە هەڵدەسێت بە دیاریکردنی سەرۆکی وویلایەتی یەکگرتوەکان لە نێوان پاڵێوراواندا . وە ناگەڕێتەوە لەم بارەدا بۆ ڕەئی گەلی ئەمریکی کە لە هەڵبژاردنی گشتیدا بڕیاریان لێدابوو . هەتا ئەگەر دڵنیابوون لە دەنگدانی گشتیدا ڕەزامەندی گەلی ئەمریکی لەسەر دیاریکردنی ئەو پاڵێوراوەیە بە بەخشینی ژمارەیەکی زۆر لە دەنگەکان ، کێشەکە لە باری وەکیەکی دەنگەکانی هەڵبژاردندا دەگوێزرێتەوە بۆ ئەنجومەنی نوێنەران بۆ دیاریکردنی ئەوەی کە ئەنجومەن وایدەبینێت سەرۆکە بۆ دەوڵەت . ئەوە دوو جار لە مێژووی وویلایەتە یەکگرتوەکاندا پێشتر ڕویداوە ، یەکێکیان بوەهۆی دیاریکردنی تۆماس جیفرسۆن بەسەرۆك ، وەئەویتریان بوەهۆی دیاریکردنی جۆن کوینسی ئادامز . بەڵام ئەگەر دەنگەکان بۆ هەڵبژاردنی جێگری سەرۆك وەکیەك بوون ، ئەنجومەنی پیران پێی هەڵدەسن ، نەك ئەنجومەنی نوێنەران بەدیاریکردنی جێگری سەرۆك . لێرەدا ڕۆشن کراوەتەوە ئەگەر دەنگەکانی هەڵبژاردن وەکیەك بوون کە کارێکی چاوەڕوان کراوە ، هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی دەگۆڕێت بەتەواوی دور لە خواستی گەلی ئەمریکی .**

**لەنێوان هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ و سەرجەمی هەڵبژاردەکاندا :**

**هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ لە ئەمریکادا پەیڕەو ناکرێت لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیدا لەبەر ژمارەیەك هۆ ، لەنێویاندا دەستەبەرکردنی نوێنەرایەتی وویلایەتە ڕوبەر بچوکەکان یان دانیشتوان کەمەکان لە هەڵبژاردنی سەرۆك و جێگرەکەیدا . هەروەك ئەم شێوازەی هەڵبژاردن لەسەر کەمینەکان گرانە ڕەوتی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی بگۆڕن ، وە ئەم سیستمە لە کۆتایدا بەرژەوەندی زۆرینە دەنوێنێت ، بەڵام دژەکانی سیستمی سەرجەمی هەڵبژاردنەکان ، لە بێتوانای یان ناپاکی ئەم سیستمەی هەڵبژاردن پێداگری دەکەنە سەر**

**ئەوەی کە نا عادیلانەیە بۆ پاڵێوراوان لەدەرەوەی هەردوو پارتە سەرکیەکە لە ئەمریکادا ( دیموکراتی و کۆماری ) . هەروەك ئەوەی ئەم سیستمە دەنگەکانی هەڵبژاردنی براوە لە وویلایەتێکدا دەیبەخشێت سەرەڕای ئەوەی لە ڕێگەی ڕەئی گەلەوە بەدەستی هێناوە ، بەڵام لەڕێگەی دەستورەوە ، وە ئەوەیە کە لێی بەهرەمەندن لە بنەڕەتی فکرەی هەڵبژاردن .**

**پێشبینیەکانی هەڵبژاردنی داهاتو :**

**هەروەك پێشبینی دەکرێت هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی داهاتوو شەڕگەیەکی سەخت بێت لە نێوان کۆماری و دیموکراتەکاندا بۆ پێکانی گەورەترین ژمارەی دەنگەکانی هەڵبژاردن بۆ دڵنیایی سەرکەوتنی پاڵێوراوەکانیان ، وە لە کاتی وازهێنانی دەنگدەر لە نوێنەرایەتی ڕوانگەی پارتەکەی ، ئەوە ڕەنگە ببێتە هۆی گیروگرفتی زۆر کە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن ئامادە نەبێت بۆ ڕوبەڕوبونەوەیان ، وە لە ڕۆژەکانی کۆتایدا یەکێك لە دەنگدەرانی کۆماریەکان ڕایدەگەیەنێت لە وویلایەتی وێست ڤەرجینیا کە بیری کردۆتەوە کە دەنگی نابەخشێت بە سەرۆك جۆرج بۆش لەکاتی سەرکەوتنێدا لە وویلایەتی وێست ڤەرجینیا ، ئەم کارە چاوەڕوان کراوە ، لەبەرئەوەی ئەم وویلایەتە هەمیشە بە هاوسۆزی کۆماریەکان ناسراوە ، وە لە گفتوگۆیەکدا کە لەگەڵ ئەم دەنگدەرەدا ئەنجامدراوە ، کەناوی ڕیچارد ڕۆبە** Richard Rob **، کە لەسەر سیاسەتە ئابوریەکانی سەرۆك جۆرج بۆش دەریبڕی ، وە ووتی من لەو ئاڕاستەیە دەترسم کە ئەم وولاتەی پێدادەڕوات ، وە من لەو جۆرانە نیم کە بەبێدەنگی بمێنمەوە کاتێك باوەڕم بە کێشەیەك هەبوو ، من نازانم خواستم هەیە بە دەنگنەدان بەو پیاوە جۆرج بۆش .وە لەبەرئەوە هەردوو پارتەکە هەوڵدەدەن دڵنیابن لە دەنگدەرەکان کە لەدەستیاندایە لە** 24 **وویلایەتی ئەمریکی بەپێی ئارەزی خۆیان دەنگ بدەن ، وەنەك بەگوێرەی ئەنجامی هەڵبژاردن لەو وویلایەتانەدا . دژەکانی سیستمی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمریکی ئەم ئەگەرە بەکاردێنن بۆ ڕاگەیاندنی ئەوەی کە ئەم سیستمە نا دادپەروەرانەیە و هەروەها نا دیموکراتیانەیە . هەڵبژاردنەکانی داهاتوو شاهیدی شەرگەیەکی دەستوری نوێدەبن بۆ لەخۆگرتنی گومانەکان لە چوستی سیستمە هەڵبژارد لە نواندنی خواست و**

**ئارەزوەکانی گەلی ئەمریکی لە دیاریکردنی کێ سەرۆکایەتی گەورەترین هێزی سەربازی لە مێژووی جیهاندا بکات .**

**ڕێژەی ئەوانەی بەژداری دەکەن لە دەنگدانی گشتیدا :**

**ویلایەتە یەکگرتوەکان لەم دەیانەی دوایدا توشی کێشەیەکی تر بوو ، ئەوەیە کە دەنگدەران بێزار بوون لە بەخشینی دەنگیان لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیدا ، پەنجا ساڵی ڕابردوو شاهیدی هاتنەدواوەیەکی ئاشکران لە ڕێژەی ئەوانەی کە دەڕۆن بۆ سندوقەکانی هەڵبژاردن لە ڕۆژی هەڵبژاردنەکاندا ،هەروەك لە ساڵی 1960 دا ئەوانەی بەژداربوو بە بخشینی دەنگیان ڕێژەیان 63٪ی کۆی گشتی ژمارەی دەنگدەران بوو ،ئەو ڕێژەیە دابەزی بۆ 49٪لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1996 دا . وە وێنەی هێڵکاری بەیانی ڕۆشنی دەکاتەوە کە ئەم کشانەوەیە لە دەیەی ڕابردودا وەستا بەهۆی کێشمەکێشی نێوان پاڵێوراوانەوە ، وە بەڵام چاودێران کۆکن لەسەر ئەوەی کە دەنگدەران سیقەیان لەدەستداوە لە گەرموگوڕی دەنگداندا بەهۆی چاوبەستی ڕاگەیاندنەوە ،وە دەستتێوەردانی هێزی فشاری سیاسی لە چالاکی هەڵبژاردەنەکاندا ، وە جگە لەوفێڵەی کە هەڵبژاردنی ئەمریکی شەوقی دیموکراسی لەدەست دەدات .**

**بەدەستهێنانی ڕازیبونی زۆرینەی دەنگدەران :**

**لە چالاکی هەڵبژاردندا چاوەڕوان کراوە کە ئەنجامەکەی دیاریکردنی کەسێك بێت بۆ سەرۆکایەتی دەوڵەت بەشانسی ڕازیبونی زۆرینەی ئەوانەی ڕۆیشتن بۆ بەخشینی دەنگیان لە هەڵبژاردنەکاندا . وە بەڵام چاودێرانی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا ئەوەیان دۆزیەوە کە زۆرینەی سەرۆکەکانی ئەمریکا کە حوکمی ویلایەتە یەکگرتوەکانیا کردوە ، بەبێ بەدەستهێنانی ئەم نسبەتە لە ڕازیبون لە نێوان دەنگەکانی هەڵبژاردندا ڕویداوە . ئەم کارە وایکرد بگەڕێنەوە بۆ چاوکردن لە دوو هۆکاری تردا کە لەماوەی ئەم ساڵانەی کۆتایدا زیادیانکردوە . یەکەم نزیکەی نیوەی دەنگدەران ناچن بۆ سندوقەکانی دەنگدان ، لێرەوە نیوەی دەنگدەران بەژداری ناکەن لە هەڵبژاردەنەکاندا ،وە هەروەها لەم دواییانەدا قەبارەی خەڵکی ئەمریکی زیادیکردوە لە بەدەستهێنانی کارتی هەڵبژاردندا ، وە سەرەڕای ئەوە بەزۆری سەرۆك بە پشتیوانی زۆرینە ناگاتە سەرۆکایەتی ،بەڵکە بە**

ڕێژەی ڕازیبونی کەمتر لە 50٪ . هەموو ئەوە بە زۆر لە گومان و تاریکیەوە پێدەگات لە ڕاستی نوێنەرایەتی ئارەزوی گەلی ئەمریکی لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیدا . وە خشتەیەك لەنێوان ژمارەی جارەکانی کە سەرۆکایەتی وویلایەتی یەکگرتوەکا سەرۆکایەتیان گرتوە و نەیانتوانیوە ڕێژەی ڕازیبوونی زۆرینەی دەنگدەرانی ئەمریکی کە دەنگیان بەخشیوە بەو سەرۆکە بەدەست بهێنن هەیە ، کە 50٪دایە ، وە ئەم خشتەیە 16 سەرۆك لە نێوان 44 سەرۆکدا کە وویلایەتە یکگرتوەکانیان بەڕێوە بردەوە تائێستا لەخۆدەگرێت . لە نێوان ئەو سەرۆکانەدا کە نەیانتوانیوە شانسی ڕێژەی 50٪ی دەنگەکان بەدەست بهێنن سەرۆك بیڵ کلنتۆن ، ڕیچارد نیکسۆن ، جۆن کنێدی .

**ئایا گەلی ئەمریکی سەرۆك هەڵدەبژێرن ؟**

گومانی تێدانیە کە بەژداری گەلی ئەمریکی لە هەڵبژاردنەکاندا بۆ دیاریکردنی سەرۆك گەورەیە ، بەڵام ئێمە دەمانەوێت لەم ووتارەدا هەندێك بۆشای ڕۆشن بکەینەوە کە ڕاگەیاندن لێی نادوێت لەو سیستمەی هەڵبژاردندا . هەروەك ئەم ووتارە ئامانجی ڕۆشنکردنەوە بوو کە بەژداری گەل لە هەڵبژاردنەکاندا ناڕاستەوخۆیە لە دیاریکردنی سەرۆکدا ، وە هەندێکجار بەڕێگەیەك دەبێت کە تەعبیر لە ئارەزوی گەلی ئەمریکی ناکات کە لەسەر سندوقەکانی دەنگدان دەردەکەون هەروەك ئەوەی ڕویدا لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ڕابردودا .وە کێشەی هەڵبژاردنی ڕۆشن دەردەکەون لە باری ململانەی توندی نێوان پاڵێوراوەکاندا ، وە نزیکی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان ، وە ئەوە چاوەڕوانکراوە لە هەڵبژاردنەکانی ئەم ساڵدا ، لەبەر ئەوە ویستمان وردەکاری ئەو میکانیزمەی لە ڕێگەیەوە سەرۆك دیاریدەکرێت ڕابگەیەنین . وە کێشەکانی هەڵبژاردن لەکاتی نزیکی دەنگەکاندا .

**چەواشەکردنی ڕاگەیاندن و هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمریکی ( 18 )**

**ڕاگەیاندن هۆکارێکی نمونەیی و بەتوانایە بۆ هەر پاڵێوراوێکی ئەمریکی**
**تا بگاتە دەنگدەران ، وە پاڵێوراوی ئەمریکی 85٪ ی میزانیەی هەڵمەتی هەڵبژاردن لە هۆکارەکانی ڕاگەیاندندا خەرج دەکات ، وە چاوەڕواندەکرێت تێچونی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان بۆ پێشبڕکێی سەرۆکایەتی ئەمریکی بگاتە زیاتر لە ملیارێك دۆلار ، ، وەناوەستێتە سەر سودی ماڵی تەنها ، وە ئەوە تێدەپەڕێنێت بۆ دانانی جێفشار لەسەر ڕەتی هەڵبژاردنەکان .**

**ڕاگەیاندن و دەسەلات :**

**بەدەگمەن ڕاگەیاندنی ئەمریکی دەسەلات زویردەکات ، سەرەڕای ئەوەی جیهان بەزۆری باس لە ئازادی ڕاگەیاندنی ئەمریکی دەکەن ، وە بوێری لە ڕەخنەگرتن لە ئیدارەی ئەمریکی ، بەلام ڕاستی پێچەوانەی ئەوەیە ، ڕاگەیاندنی ئەمریکی بەتوندی ڕەخنەدەگرێت ، بەلام لە پانتایەکی قبوڵکراودا لە ناڕەزایەتی لەنێوان وەرەقە و دەسەلاتدا ، وە هەردوو پارتی دیموکراتی و کۆماری . لێزان (خبیر)ی ئەمریکی مایکڵ بارینتی ئەم خاڵە شیدەکاتەوە وەڵێت " ڕەوتی گشتی ڕاگەیاندنی ئەمریکی کە کۆمپانیا گەورەکانی ڕاگەیاندن تیایدا دەسەلاتدارن بەدەگمەن لابدەن بۆ ئەو ناوچە و بابەتانەی کە دەبنە هۆی ناخۆشی لێهاتنی ئەوانەی دەسەلاتی سیایی و ئابوریان هەیە ، وە ئەوانەش لەخۆدەگرێت کە هۆکارەکانی ڕاگەیاندنیان هەیە ، وە هەروەها ئەوانەی پڕوپاگەندەی تێدا بلاودەکەنەوە " بەرژەوەندیەکان پێکادەدەن ، لەناو ماشێنی سەرمایەداری ئەمریکیدا بەشێوەیەك سەربەخۆیی و پاکیی ڕاگەیاندن تێچونێکی زۆری دەوێت و سەرکەوتونیە لە زۆرینەی کاتدا .وە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و کۆمپانیاکان بە شوێن قازانجی ماڵیدا دەگەڕێن ،کە بەشێکە لە ئابوری ئەمریکی (ڕاگەیاندن ) ، وە سیاسیەکان دەسەلاتیان بەدەستەوەیە ، وە پێویستیان بە ڕاگەیاندنە لە پێناو ناساندنی سیاسەت و بیرو ڕاکانیان ، وە زۆر پارە دەدەن لە پێناو گەیشتنی نامەکانیان بە رەئی گشتی . وە کۆمپانیا ئەمریکیە گەورەکان بۆ هەموانی خەرج دەکەن ، کە بەرژەوەندیان لەگەل هەردولادا هەیە . وە کۆمپانیاکان بە سیاسیەکانی دەبەخشن (تتبرع ) لە پێناو پاراستنی**

**کەشو هەوای یاسای گونجاو لەبەرژەوەندیان ، هەروەك كۆمپانیاكان بڕی ماڵی زۆرگەورە دەدەن به دامەزراوەكانی ڕاگەیاندن له پێناو ڕیكلام بۆ بەرهەمەكانیان ، وه گەیشتن بۆ شەقامی بەكاربەر . ئەگەر هەڵبژاردنەكانی ئەمریكی تێچونەكانی گەیشته ملیارێك دۆلار ، ئەوا كۆمپانییایەكی بازرگانی بۆنمونه كۆمپانیای پێڵاوی نایكی NIKE له یەكساڵدا 104 ملیار دۆلار دەدات به پڕوپاگەنده له هۆكارەكانی ڕاگەیاندنەوه .هێزی كۆمپانیا ئەمریكیەكان و جێفشاریان لەسەر ڕاگەیاندن و دەسەلات پێكەوه ناتوانرێت گاڵتەی پێبكرێن. نیزامی سەرمایەداری لەبەرژەوەندی هەموان هاوسەنگی له میكانزمی كاردا دروستكردوه .وه هەوڵدەدات له پێناو بەرژەوەندی هاوبەشی لایەنه كاریگەرەكان لەم نیزامەدا ( سیاسیەكان ، كۆمپانیاكان ، ڕاگەیاندن ) ئامانجی كۆتای ڕاگەیاندنی ئەمریكی ئەمڕۆ گەڕان نیه به شوێن ڕاستیدا ، بەڵكە ئەوەیه باشترین ڕێگه بۆ وەسفكردنی ئێستاو داهاتو بەشێوەیەك كه كەسانی خاوەن بەرژەوەندی ڕازیبكات . لەبەر ئەوه پەیوەندیەكی هاوڕێیانەی بازرگانی دادەمەزرێنن له نێوان ڕاگەیاندن و دەسەلاتدا ، وه گۆڕینەوەی بەرژەوەندی كه ڕێگه نادات بەهیچ یەكێك له لایەنەكان هێرشبكەنه سەر لایەنەكەیتر ڕاستەوخۆ، وه ڕوبەرێكی گونجاو له ناكۆكی دەمێنێتەوه ، وه گۆڕینەوەی كورسی نێوان هەردوو حیزبی دەسەلات كۆماری و دیموكراتی ، ئەو ڕوبەرەیه كه به ئازادی ڕاگەیاندن ناوی دەبەن . ڕاگەیاندنی ئەمریكی ئەكەوێتەژێر یاسای كێبڕكێی نێوان هەردوو حیزبی دیموكراتی و كۆماری ، بەلام دژی هیچیان نیه، هۆكارێكه كه هەردولا بەكاری دەهێنن به قەدەر ئەوەی چەنده پارەو لێهاتوی بۆ جێبەجێكردنی سەركەوتن بەسەر لایەنەكەی تردا دێت ، ڕاگەیاندن بەشێكه له یاری دیموكراتی ئەمریكی ، وه دوژمنی نیه . ڕاگەیاندنی ئەمریكی ڕۆژی یەكشەمه ئامێری دەسەلاته ، وه هەروەها تا ئاستێك هێزێكی فشاره لەسەری وه كاریگەره لێی .وه لەم چوارچێوەیەدا له ئاڵو وێری ناوەندی هێز و بەرژەوەندی خوازیەوه هەر لایەنێك لەلایەنەكان ، ڕاگەیاندنی ئەمریكی هەڵدەسێت به پەخشی نامەیەك كه بەتەواوی له بەرژەوەندی گەلی ئەریكی نیه به پەیوەنیەكی كەم نەبێت .**

**چۆن ڕاگەیاندن دەستدەگرێت بەسەر هەڵبژاردندا ؟**

**یەكێك لە ڕاپرسیەكان دەركەوت كە ناوەندی لێكۆڵینەوەی ( بیو ) ی بەناوبانگ ئەنجامیدابوو ،دەڵێت 42٪ی گەلی ئەمریكی پشتدەبەستن بە كەناڵە تەلەفیزیۆنیەكان بۆ بەدەتهێنانی زانیاری دەربارەی پێشبڕكێی سەرۆكایەتی ، وە لەبەرئەوە بینەر لە نێوان دوو هەڵبژاردندایە ، یەكەم هەڵهێنجانی زانیاری لە گوێزانەوەی هەواڵەكانەوە كە ئەم كەناڵانە پێشكەشی دەكەن ، یان لە پڕوپاگەندە كڕراوەكان لەلایەن پاڵێوراوانەوە ،بەرژەوەندی بینەر یان دەنگدەر لەم بارەدا ئەوەیە كەناڵەكانی بەرنامە و هەواڵی هاوسەنگی ڕەئو ڕەئی بەرامبەری پێشكەش بكەن . وە هەڵوێستی دەنگدەر بە ڕاستی و عەدالەت پێشكەشبكەن ، بەڵام بەرژەوەندی كەناڵە تەلەفیزیۆنیەكان ماڵیە ، وە بەرژەوەندی پاڵێوراوان چاودەخاتەسەر پڕوپاگەندەی سیاسی بە شێوەیەكی زیاتر لە بڵاوكردنەوەی هەواڵەكان ، لەبەرئەوەی پڕوپاگەندەی سیاسی دەستەبەری گەیشتنی نامەی پاڵێوراو دەكات بەو شێوەیەی كە دەیەوێت . بەداخەوە پەخشی ڕاگەیاندن بەبەردەوامی پێچەوانەیە بە بەخشینی كاتی زیاتر بۆ پڕوپاگەندەی سیاسی ، وە بەمە داهاتی ماڵی كەناڵەكانی تەلەفیزۆن زیاددەكات ، هەروەك یەكێك لە چاودێرانی ڕاگەیاندن ئاماژەی پێكرد ووتی " هەتا پەخشی ڕاگەیاندنە بەخشراوەكان بە پێشبڕكێی سەرۆكایەتی كەمبێت ، پاڵێوراوان پێویستیانە زیاتر پشتببەستن بە ڕیكلام " وە لە لێكۆڵینەوەیەكدا كەلە ناوەندی ڕاگەیاندن و كاروباری گشتی** CMPA **دەرچووە كە دامەزراوەیەكی نا حیزبیە بۆ لێكۆڵینەوە و فێركردن ، ئەوەی دۆزیەوە كە پەخشی ڕاگەیاندن بۆ پێشبڕكێی پاڵێوراوان بۆ كۆنگرێس ناكۆك بوو لە ساڵی 2002دا بەڕێژەی 78٪ لەچاو هەڵبژاردنەكانی ساڵی 1998 دا . وە ماوەی پەخشی پێشبڕكێی سەرەتایی بۆ سەرۆكایەتی پێچەوانەبووەوە لە پێنج خولەك لە هەموو شەوێكدا لە هەڵبژاردنەكانی ساڵی 1998 بۆ تەنها 39 چركە لە هەڵبژاردنەكانی ساڵی 2000 دا ، وەك ئەو لێكۆڵینەوەی ناوەندی نۆرمان لێر** Norman Lear Center **بۆ لێكۆڵینەوەی ڕاگەیاندن ئەنجامیداوە .**

**چاوبەستی ڕاگەیاندن ، و ئازادی بیروڕا :**

ڕاگەیاندنی ئەمریکی بەپێی ژمارەیەك بنەمای ڕاگەیاندن کاردەکات کە بەرژەوەندی ماڵی و قازانج زیاتر دەستی بەسەرداگرتوە لە گەڕان بەشوێن ڕاستیدا ، ئەمە واتای ئەوەنیە هەمووئەوانەی لە ڕاگەیاندنی ئەمریکیدا کاردەکەن هەڵخەڵەتێنەرن یان خەڵکێکن ناخێکیان هەیە ئامانجیان هەڵخەڵتاندنی گەلی ئەمریکیە . بەڵام ئامێری ڕاگەیاندن بەزۆری بەپێی بەرژەوەندی جۆراوجۆر و دیاریکراو دەجولێت ، وە ئەوانەی لە گواستنەوەی هەواڵدا کاردەکەن توانای بڕیاری کۆتاییان نیە بۆ بڵاوکردنەوە ، وە لێرەدا بەرژەوەندی کۆمپانیاکان و دەسەڵات بەژداریدەکەن بۆ دیاریکردنی ئەوەی بڵاودەکرێتەوە ، وە چۆن بڵاودەکرێتەوە ، وە ئەو گیانی گشتیەی کە هەواڵێکی تر پێشکەشی دەکات کامەیە . وە لێکۆڵینەوەی زۆر بڵاوکراوەتەوە لەسەر شێوازەکانی هەڵخەڵەتاندنی ڕاگەیاندن کەلە لاپەڕەکانی ڕاگەیاندنی ئەمریکیدا بڵاودەبێتەوە ، لێرەدا هەندێك لەو هۆکارانە بڵاودەکەینەوە ، وە چۆن کاریگەری لەسەر ڕەوتی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی دادەنێت .نوسەری ئەمریکی ( مایکڵ بارینی ) هەندێك لەو هۆکارانەی کورت کردۆتەوە بەوەرگرتن لە کتێبێك بەناونیشانی ( بیست ساڵ چاودێری لەسەر هەواڵ ) کە هی دانەر جێنس کارڵە Jensen Carl

**شاردنەوەی ڕاستیەکان:**

شاردنەوەی ڕاستیەکان یان هەواڵ خێراترین هۆکارە بۆ ڕزگاربوون لە هەواڵی بێزارکەر ، وە زۆرێك لە هەواڵی گرنگ لە جیهاندا بەهیچ شێوەیەك ناگاتە بینەر یان خوێنەری ئەمریکی بەهۆی شاردنەوەی بەقەستی ئەم ڕاستیانەوە . وە ئەم ڕاستیە زانراوە ئێستا پاش بڵاوبونەوەی کەناڵە ئاسمانیەکان ، وە ئەنتەرنێت دەیبەخشێتە توێژەر ئەوزانیاریانەی لە جیهاندا بڵاوکراونەتەوە وە لەبەرامبەریشدا ئەوەی بڵاوکراوەتە یان ڕاگەیەنراوە لە وویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا . بینەری ئەمریکی ناڕوانێتە ئەو ئابڕوچونانەی کە ئیسرائیل پێیهەڵدەسێت بە حەقی گەلی فەڵەستین ، بەڵام لە بەرامبەردا بەزۆری سەیری وێنەی بریندار و کوژراوەکانی کردەوەیەك لە کردەوە کانی بەرگریکاران لەدژی داگیرکاران کە ڕۆڵەکانی فەڵستین پێیهەڵدەسن دەکات . لەبەرئەوە جێگەی سەرسوڕماننیە کە وێنەیەکی تێکدراوی کێشەی فەڵەستینی لای گەلی ئەمریکی هەبێت .

**بەڵام لەسەر هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا ، بەڕێوبەرایەتی ئەمریکی بە ئەنقەست بە درێژایی چەند مانگی ڕابردوو زۆرێك لە وێنە دڵتەزێنەکانی ئەوەی لە عێراقدا ڕودەدات لە کوشتنی مەدەنیەکان بەناوی ئازادیەوە شاردەوە . وە بینەری ئەمریکی ژمارەی کوژراوانی جا لە گەلی عێراقی ، یان هەتا لە سەربازی ئەمریکی نازانێت ، وە بەڵام بێگومان زانینی ڕاستی ئەوەی لە عێراقدا ڕودەدات ڕەنگە بڕوای دەنگدەری ئەمریکی بگۆڕێت ، بەڵام دەسەڵات و ڕاگەیاندن بەرژەوەندی نابیننەوە لەمەدا ، وە هەتا پارتی دیموکراتی گرنگی نادات بەبڵاوکردنەوەی ڕاستی ئەوەی لە عێراقدا ڕودەدات ، لەبەرئەوە لەکاتی بردنەوەی لە هەڵبژاردنەکاندا بەردەوام دەبێت لە هەمان سیاسەتی سەربازی لەناوبردندا ، وە نمونەیەکیتر لەسەر پۆشینی هەواڵە گرنگە پەیوەندیدارەکان بە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیەوە ، نوسەری ئەمریکی جۆرج پالاست** Greg Palast **وەبیری هێنایەوە لەسەر هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی پێشوو . هەورەك دەزانرێت وویلایەتی فلۆریدا کە جیپ بۆش برای سەرۆکی ئێستا بەڕێوەی دەبرد ئەو وویلایەتەبوو کە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی پێشووی یەکلاکردەوە ،وە بە جیاوازی دەنگەکان کەزیاترنەبوو لە** 1000 **دەنگ . هەروەك بی بی سی بڵاویکردەوە کە بەڕێوبەرایەتی هەڵبژاردنەکان لە وویلایەتی فلۆریدا بە ماوەیەکی کەم بەر لە هەڵبژاردنەکان هەستاو بە سڕینەوەی ناوی** 64 **هەزار دەنگدەر لە لیستەکانی هەڵبژاردندا لە وویلایەتەکە بەو داوایەی کەئەمانە لە تاوانبارانن کە یاسا مافی دەنگدانی نەداونەتێ لە هەڵبژاردنەکاندا . وە پاش هەڵبژاردنەکان ڕون بوەوە کە زۆربەی ئەوانەی ناویان لە لیستەکانی هەڵبژاردندا سڕابوەوە تاوانبارنەبوون ، وە زۆربەیان لە ئەمریکیە ڕەشەکان بوون ، ڕەشەکان لە وویلایەتەکانی باشوری ئەمریکاداواناسراون کە هەمیشە دەنگ دەدەن بە پارتی دیموکراتی . ئەمە هەواڵێکە لەوپەڕی گرنگیدا وە گرنگترین ڕۆژنامەی ناسیۆنالستی بەریتانی لە یەکەم لاپەڕەیدا دایناوە . بەڵام هەواڵەکە نەگەیشتە وویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ، وە هیچ هۆکارێکی راگەیاندنی ئەمریکی پێشوازی بڵاوکردنەوەی نەکرد ، یان بەدوای ڕاستیەکەدا نەچوو ، نوسەر جۆرج بلاست ویستی ئەم هەواڵە لە کەناڵی سی بی ئێس** CBS **بڵاوبکاتەوە ، بەڵام داوای لێبوردنێکی لە کەناڵەکەوە پێگەیشت لەبەرئەوەی**

**بە ووتەی ئەوان پەیوەندیان کردوە بە نوسینگەی حاکمی وویلایەتەکەوە (جیپ بۆش ) ڕاستی ئەو هەواڵەی ڕەتکردۆتەوە ! ، وە ئەم هەواڵە دواتر بڵاوبویەوە لە ژمارەیەك لە هۆکارە بچوکەکانی ڕاگەیاندنی ئەمریکی یەوە . بەڵام هەمیشە بەوە دەستیان پێدەکرد کە ئاوا لە ڕاگەیاندنەکانی بەریتانیاوە بڵاوبوەتەوە ،کە شتەکە گرنگیەکی نیە .**

**هێرش بۆ سەر سەرچاوەی ڕاستی :**

**وەك زانراوە لە ڕوی ڕاگەیاندنەوە کە تۆناتوانی هەواڵێك بشاریتەوە ، وە دەتوانی هێرش بکەیتە سەر ئەوەی گواستوێتیەوە ، وە تاوانباریبکەیت بەوەی کە زیادەی کردوە بۆ هەواڵەکە، وە ئەم فێڵە بەکارهات بەدرێژای کات بۆ شاردنەوە و شێواندنی ڕاستیەکان ، هەروەها پاش ڕوداوی سێپتێمبەر یەکێك لە کەناڵە ئاسمانیە عەرەبیەکان (*) هەستا بە هەڵماڵینی درۆکانی ئەمریکا لە ناوچە عەرەبیەکاندا ، وە ئەم کەناڵە بەردەوام بوو لەمە لەماوەی جەنگی ئەمرکا لەسەر عێراق ،هەروەك ئەوەی گرانبوو ڕەخنە لە هەواڵی گوێزراوەی ئەم کەناڵە لە ناوخۆی عێراق و فەڵەستین و ئەڤغانستانەوە بگیرێت ،پاش لێدانی بارەگای کەناڵەکە لە هەریەك لە عێراق و ئەڤغانستان لەژێرناوی هەڵەی بێمەبەستدا ،حکومەتی ئەمریکی ئەوەی هەڵیبژارد ، کە بەڕاگەیاندن هێرشی بکاتە سەر بەهەر هۆکارێك کە گونجاوبێت . وە ڕاگەیاندنی ئەمریکی دەستیکرد بڵاوکردنەوەی بەردەوامی بیر و ڕای وەزارەتی بەرگری و دەرەوەی ئەمریکی لە هەواڵەکانیدا لەسەر ئەو کەناڵە ، هەروەك ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی وشیارکردەوە لە گواستنەوەی ئەو هەواڵانەی کە ئەم کەناڵە بڵاویدەکاتەوە بۆ گەلی ئەمریکی ، وە لەبەر ئەوە کەناڵی سی ئێن ئێن CNN گرێبەستەکانی لەو ماوەیەدا لەگەڵ ئەم کەناڵە هەڵوەشاندەوە بۆ پەخشی هەواڵ تیایدا . وە هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی ئەمریکی هاوڕا بوون لەسەر وەسف کردنی کەناڵەکە بەوەی کە هاوسۆزی تیرۆرستانە ، وە ڕاستیەکان دەشێوێنێت ، وە درۆدەکات لەسەر ڕوداوەکان ، وە هەروەها . ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە کەناڵەکە بە زمانی ئینگلیزی پەخش ناکرێت ، لەبەر ئەوە جێفشاری لەسەر بینەری ئەمریکی لە کۆتایدا زۆر سنوردارە ،بەڵام ڕاگەیاندن و دەسەڵات هیچ شوێنێك بۆ ئەوە بەجێناهێڵن لە ڕێگەی هێرشی بەردەوام و دوبارەبوەوە .**

**تایبەتمەندیە خراپەکان بەکاردێ بۆ باوەڕپێکردنی بینەری ئەمریکی بۆ وەرگرتنی هەڵوێستی دژ بەپێی ئارەزوی ڕاگەیاندنەکان ،وە ڕاگەیاندنی ئەمریکی شارۆن بە پیاوی ئاشتی وەسف دەکات ، وە هەروەها عەرەفات بە دابینکەری پارە بۆ تیرۆر و شەریکی حەماس وەسف دەکات ، وە ئەنجامدەرانی ڕوداوەکانی ئۆکلاهۆما کە 170 کەسی ئەمریکی تێدا کوژرا بەوە وەسفیان دەکات کە تاوانباری ڕوداوەکانی ئۆکلاهۆمان سەرەڕای ئەوەی کاسۆلیکی دینداری توندڕەون ، وە هەر کەسێکی ئیسلامی لە ئەمریکادا دەستگیر دەکرێت وەسفی دەکات بەوەی یارمەتی دەری تیرۆرە . بەکارهێنانی تایبەتمەندی لەدژی کەسەکان و ڕوداوەکان بینەری ئەمریکی باوەڕپێدێنێت کە هیچ لە باگراوندی کەسەکان و ڕوداوەکان نازانێت تا هەڵوێستیان لەبارەوە وەرگرێت . بەبەردەوامی ئەم فێڵە ئەدۆزیتەوە کە ڕاگەیاندنی ئەمریکی بەکاردەهێنێت ، وە لەبەر ئەوە جۆن کیری بەبەردەوامی پێداگری دەکات کاتێك لەسەر شانشینی عەرەبستانی سعودی دەدوێت ، کە هێرش بۆ سەرمان بنیات دەنێت ، هەمیشە ئاماژەی وولاتی یارمەتی دەری تیرۆرە یان ئەو وولاتەیە کە ژمارەیە لە فڕێنەرانی فڕۆکەی لێوەهات بەکاردەهێنێت ، هەروەك لەلایەن سەربازگەکە ترەوە ، کە گرنگی دەدات بە پەیوەندی لەگەڵ هەمان دەوڵەت بە بەکارهێنانی وەشەی دەوڵەتی شەریك لە جەنگی دژە تیرۆردا یان هاوڕێی ستراتیژی . وە هەریەکێك لەمانە هەوڵدەدات بۆ باوەڕپێهێنانی دەنگدەری ئەمریکی بە بنیاتنانی هەڵوێستێکی دیاریکراو لەسەر سیفاتی پێشتر .وە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی سەرۆك بۆش بەوە ناسرا کە پیسترین هەڵمەتی هەڵبژاردنبوو لە ڕوانگەی هێرشی خراپی بەروەوام لەسەر دوژمنەکەی . لە لێکۆڵینەوەیەکدا کە دامەزراوەی تی ئێن ئێس TNS بۆ لێکۆڵینەوەی ڕاگەیاندن ئەنجامیداوە ، ئەوەی دۆزیەوە کە 63٪ی پڕوپاگەندەکانی کە پەخشکراون لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا پڕوپاگەندەی خراپ بوون لەسەر بەرامبەر . لە جیاتی ئەوەی پڕوپاگەندەی باشبن لەسەر تایبەت مەندیەکانی خودی پاڵێوراو ، نەك لەسەر خراپەکانی بەرامبەر ، وە جۆن کیری هەروەها بەم دواییانە دەستیکرد بە بەکارهێنانی پڕوپاگەندەی خراپ لە هێرشیدا بۆسەر ڕکابەرەکەی لەجیاتی ڕۆشنکردنەوەی هەڵوێستی تایبەتی لێی ، وە ئامانجەکانی لە خزمەتی گەلی ئەمریکیدا .**

**شێواندنی زاراوەکان :**

**ڕاگەیاندنی ئەمریکی دەگەڕێتەوە بۆ پێناسەکردن و شێواندنی زاراوەکان لە پێناو خزمەتی ئەو نامەی (الرسالە) ڕاگەیاندنەی کە دەسەڵات پێویستیەتی ،وە پاڵێوراوان لە هەڵبژاردنەکانی ئەمریکیدا هاوڕان لەسەر گرنگی چاکسازی لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا بۆ ئەوەی لەژێر ئەم زاراوەیەدا ئامانجی سەرەکی سیاسەتی ئەمریکی بشارنەوە . کە دەست خستنەناو تایبەت مەندیەکانی ژیانی کۆمەڵگاکانی موسوڵمانەوەیە .پێناسەی زاراوەی ئازادی لە عێراق دەگەڕێتەوە بۆ بۆیاخ کردنی داگیرکاری سەربازی و کوشتن و لەناوبردن بەناوی دیموکراسیەوە . وە هەردوو پاڵێوراو هاوڕان لەوەی کە لە عێراقدا ڕویداوە ئەمڕۆ ڕزگارکردنیەتی ، نەك ئەتککردنی سەروەتەکەی .**

**بەم شێوەیە ڕاگەیاندن بەکاردێت :**

**چەواشەکردنی ڕاگەیاندن لە هەڵبژاردنەکانی ئەمریکیدابوە بەڕاستیەك کە هەموان هەڵسوکەوتی لەگەڵ ناکەن ، وەك ئەوە کە ناگۆڕێت ، وە ڕاگەیاندنی ئەلکترۆنی ( تۆڕی ئەنتەرنێت ) لەم ساڵدا بەبەهێزی لە گۆڕەپانی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکادا دەردەکەوێت بۆ پێشکەش کردنی جۆرێك لە هاوسەنگی لە پیشاندانی هەڵوێستی پاڵێوراوان . وە زۆربەی ئەوانەی لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت دەیانوسی پێویستیان بە ڕەزامەندی کەس نەبوو بۆ ئەوەی بیروڕاکانیان لەسەر ئاستی جیهانی بڵاوببێتەوە . وە بەزۆری ئەوە بووە هۆی لەدەستدانی ڕاستگۆیی ، وە لاوازی ناوەرۆکی شیکردنەوەی هەڵوێستی پاڵێوراوان ، وە بەڵام چاوەڕان دەکرێت کە تۆڕی ئەنتەرنێت دەورێکی باشتر ببینێت لە ڕاگەیاندنی بینراو و نوسراو لە چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکانی ئەمساڵدا لە وویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا . کاری ڕاستەقینە و نمونەیی ڕاگەیاندن ئەوەیە یارمەتی دەنگدەران بدات بۆ تێگەیشتنی بیروڕاکانی سیاسیەکان ، نەك گرنگیدان بە بەرنامەیەکی هەڵبژاردنی دیاریکراو . ڕاگەیاندنی ڕاستگۆ بە شوێن ڕاستیدا دەگەڕێت ،وە نرخ و ڕاستگۆیی هەڵدەسەنگێنێت بەر لەوەی بڵاویبکاتەوە بۆ هەمووان ، وەکاتێك ئەوانەی لە هۆکارەکانی ڕاگەیاندندا کاردەکەن وازلە سەلماندنی کامەڕاستیە دێنن ، وە گەڕان بەشوێن جێفشاری**

**ڕاستیدا لەسەر کۆمەڵگا دێنن ، ئەوا ڕاگەیاندن زۆر لە نرخەکەی لەدەست داوە ، کۆلێژە ئەمریکیەکانی تایبەت بە ڕاگەیاندن لە باشترین کۆلێژەکانی جیهانن لە تەکنیکدا ، وە فێرکردنی بنەما و چوارچێوەی کاری ڕاگەیاندن هەروەها . بەڵام واقعی سەرمایەداری کۆمپانیاکانی ڕاگەیاندن ڕێگەنادات بە کەسانی جدی لەم هۆکارانەی ڕاگەیاندنەوە بە توانای گواستنەوەی ڕاستی بۆ گشتی خەڵك . ڕاگەیاندن ئیمڕۆ لە وویلایەتە یەکگرتوەکان لە چاودێری تاوانەکانی دەسەڵاتەوە گۆڕاوە بۆ شەریك تیایدا ، وە زانست و تەکنیکی پێشکەوتو بوە بە هۆکاری خزمەتی دەسەڵات ، نەك هۆکاری خزمەتی جەماوەر .**

**( * ) کەناڵی ئاسمانی الجزیرە کە بترەگای سەرەکی لە دەوحەی پایتەختی قەتەرە (وەرگێڕ ) .**

**دژیەکی ڕیشەیی دەربارەی جەنگی عێراق لای کۆششکارانی سەرۆکایەتی ئەمریکا ( 19 )**

پاڵێوراوانی دیموکراتی داواکاری خێرای کشانەوەن لە عێراقدا ، وە کۆماریەکان وایدادەنێن کە جەنگێکی سەرکەوتوە .پاڵێوراوانی دیموکراتی و کۆماری بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمریکا هەڵویستی دژیەکی ڕیشەیی لەخۆدەگرن دەربارەی ئەوەی پێویستە بۆ جەنگی عێراق . ئەگەر کۆماریەکان وایدادەنێن ئەم جەنگە سەرکەوتوە لە هەمانکاتدا دژەکانیان داوای کشانەوەی خێرادەکەن ، سیناتۆری ویلایەتی ئەریزۆنا جۆن ماکین پێنج شەمە لە میانەی ڕوبەڕوبونەوەیەکیدا لە فلۆریدا لە نێوان پاڵێوراوانی کۆماریدا ووتی " ڕاستیەکەی ئەوەیە کە ئێمە سەرکەوتوین لە عێراقدا " وە پاڵێوراوانی کۆماری هاودەنگ بوون لەم ڕوبەڕوبونەوەیەدا لەسەر پشتگیری ئەم جەنگە وە ئیدانەی هەڵویستی دیموکراتەکانیان کرد . حاکمی ماساچوستسی پێشوو میت رومنی بە هێرش بۆسەر پاڵێوراوی دیموکراتەکان هیلاری کلینتۆن ووتی کە " نزیکایەتی بۆ جەنگ لە عێراق ئەوەیە بڕۆن چەند خێرا دەتوانن " وە دوپاتی کردەوە کە " ناتوانین عێراق لە نێوان دەستی قاعیدەدا وازلێبێنین " ، وە بیانوی پاڵێوراوانی کۆماری هەموویان بۆ جەنگی عێراق ، ئەیە بۆیە نەتوانرا چەکی کۆکوژ بدۆزرێتەوە لەو وڵاتەدا هۆکاری ڕاگەیاندنی هەڵگیرسانی جەنگ بوو لەسەر ئەو بنەمایە . ئەوان وایان دانا بۆ نمونە وەك جۆن مەکین کە جەنگ بەڕێگەیەکی سەیر بەڕێوەبراوە لەسەردەمی وەزیری پێشوو دۆناڵد ڕامسفێڵد دا بەڵام خرایە سەر ڕەوتی ڕاستەقینەی کاتێك سیاسەتی زیادکردنی هێز کە سەرەك جۆرج بۆش دەستی پێکرد بەر لە ساڵێك ، بەڵام لایەنی دیموکراتەکان وە سیناتۆری ئیلینۆی باراك ئۆباما دیارترین ڕکابەری کلینتۆن کە بەوە لە ڕکابەرایەتیەکەیدا جیا دەکرێتەوە کە هەوڵیدا خۆی پێشکەش بکات کە تاکە پاڵێوراوە ڕۆژێك لەبەرژەوەندی جەنگ دەنگی نەداوە ، بەڵام هەریەك لە کلینتۆن و جۆن ئیدواردز ، پاڵێوراوانی بەهێزی پێشبڕکێی دیموکراتەکان ، بەڵێنیاندا بەکشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق لە ماوەی یەك ساڵدا پاش سەرکەوتن بۆ سەرۆکایەتی . ئۆباما لە ناوەڕاستی کانونی دووەمدا

ووتی " بەردەوام دژی ئەو جەنگەیە وە نەخشەیەکی داناوە بۆ کشانەوەی سەربازەکانی بە هاتنی کۆتایی ساڵی 2009 ، لای خۆیەوە کلینتۆن ووتی " هەرکاتێك بووبە سەرۆك دەست دەکات بە کشانەوەی هێزەکانی لەماوەی شەست ڕۆژدا ، وە بەگەورەترین تواناوە هەڵسوکەوت دەکەین بە ئاگایی و بەرپرسیارێتیەوە . وە زۆرینەی زۆری هێزەکانمان لەدەرەوەی عێراقدا دەبێت بە هاتنی کۆتایی ساڵی 2009 . بەڵام جەنگی عێراق تاکە هەڵسوڕێنەری دەنگدەری ئەمریکی نیە ، ترسی پەیوەند بە ئابوری و بابەتی ناوخۆی هەڵمەتەکانی سەرۆکایەتی دادەپۆشن ، هەروەك نیشانەکانی پێشکەوتنە سەربازیەکان کە هێزە ئەمریکیەکان لە عێراق بەخۆیانەوە بینیویانە هەندێك شتی لە ژێرپێی پاڵێوراوە دیموکراتەکان دەرهێناوە کە پێداگری دەکەن لەسەر جیاکردنەوەی نێوان ڕەخنەگرتن لەم جەنگە و نێوان دەربڕینی پشتیوانی تەواو بۆ سەربازەکان ، وە لە بەرامبەردا ورووژاندنی ئەم پێشکەوتنە کۆماریەکانی ئاسودە کرد کە توشی ڕەخنەیەکی توند ببونەوە لە ڕابردودا بە پشتیوانیان لە جەنگ . کۆماریەکان وایاندانا کە سیاسەتی زیادکردنی هێز لە عێراقدا بەناردنی 30 هەزار سەربازی زیادە لە ماوەی ساڵی ڕابردودا سەرکەوتووبوون لە بەدەستهێنانی ئامانجەکانیدا ، بەڵام دیموکراتەکان سورن لەسەر لە خۆکرتنی هەڵوێستێکی ئاشکرا کە سەرۆکی زۆرینە لە ئەنجومەنی پیران هاری رید ڕایگەیاند ووتی " سەرجەم ئەمریکیەکان خۆشحاڵن بە کەمبونەوەی توندوتیژی بەڵام حکومەتی عێراق کەم کەمی کردوە لەچاو ئەوەی پێشکەشمان کردوە . لەلای خۆیەوە سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران نانسی پیلۆسی بەم دواییانە وەبیر هێنایەوە کە 2007 ساڵێکی زیاتر خوێناوی بووە سەبارەت بە سەربازە ئەمریکیەکان ، هەروەك سەرۆکی ئەمریکی پێداگری کرد لەسەرەتای کانونی دووەمدا لەسەر ئەو پێشکەوتنەی بەدەستهاتوە لەسەر ئاستی سیاسی لە ژمارەیەك لە پارێزگاکانی عێراقیدا وە لەسەر نزمبونەوەی بەردەوامی توندو تیژی وە هەوڵە ئامانجدارەکانی ئەمریکا بۆ باشکردنی ژیانی ڕۆژانەی عێراقیەکان وە دووپاتی کردەوە لە هەمانکاتدا کە ئێستا زۆرکار ماوە بیکات . وە کۆماریەکان شوێن ئەو ڕێڕەوە دەکەون کە بۆش کێشاویەتی وە دانانی خشتەیەکی زەمەنی بۆ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق ڕەتدەکەنەوە ، وە جۆن مەکین پێنج شەمە ووتی من زۆر

**شانازی دەکەم بەوەی کە پیاوان و ژنە چەکدارەکانمان بەدەستیان هێناوە لەوێ ، وە نایانەوێت لێمان کە ئالآی سپی هەڵکەین یان خۆبەدەستەوە بدەین وەك خانم کلینتۆن دەیەوێت .**

**چۆن کۆنگرێس دەکرێت ، چۆن کۆشکی سپی دەکرێت ؟ ( 20 )**

**ئەم ناونیشانە و ئەوەی لەخۆی گرتوە دروستکراوێکی ڤین لەدڵانەنیە ، وە گاڵتەجاڕیەکی دڕندانە نیە بە وولاتێك کە دیکتاتۆری لە هەموو لایەکە لیٚ داماڵرابێت . ئەوە ناونیشانی کتێب و ووتارە دەرچوەکانە لە خودی وولاتێکی دیموکراسیدا ، ڕۆژنامەی کریستیان ساینس مۆنیتر بەر لە چەند هەفتەیەك ووتارێکی بڵاوکردەوە ناونیشانی باشترین سیاسەتەکان کە پارە دەتوانیٚ بیان گرێت هەڵگرتبوو . وە نوسەر کۆتایی ووتارەکەی بە هەڵبژاردنی ناونیشانی باشترین کۆشکی سپی کە پارە دەتوانێت بیکڕێت هێنابوو . هاوشانی ئەم ڕاستیە ئەوانەی لەو بڕوایەدان کە ڕۆیشتنی پارە بە دەمارەکانی سیستمی سیاسی ئەمریکیدا کەموکوڕیە تەنها ئەو کەسانەن کە لەسەر سنوری سیستەمەکەن . نیگەرانن لە کاریگەری پارە لەسەر ئاڕاستەکردنی سیاسەت لە ئەمریکای کۆن و نوێدا . کە بابەتێکی دیاربوو لە هەڵمەتەکەی سیناتۆر ماکیندا کاتێك وویستی سەربکەوێت بەپالآوتنی لە حیزبی کۆماریدا لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکادا لە ساڵی دوو هەزاردا . لەسەرەتادا توانی پێش بۆش بکەوێت لە هەندێك دەنگدانی سەرەتایدا ئەگەر پارە بەخێرایی ڕاینەکردایە بۆ ڕزگارکردنی بۆش لە هەڵمەتێکدا کە ڕەنگڕێژی هەموو بەربەستە ئاکاریە نزمەکانی کرد بەکردەوە لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی ئەمریکیدا . بۆش کێشەیەکی لەخۆگرت کە بەڵێنی ئاسانکاری تێپەڕاندنی یاسایەك لەبارەیەوە درا ، کۆنگرێس لەسەردەمی بۆشدا یاسای ماکین ڤین گۆڵدی بڕیارلێدا کە بەربەست دەخاتە سەر پارەبخشینی ڕەها .**

**گفتوگۆ دەربارەی کاریگەری پارە لەسەر دامەزراوە سیاسیەکانی ئەمریکا هەیە بەشێوەیەکی بەردەوام هەندێکك جار وندەبێت و هەندێك جار دەردەکەوێتەوە . هەر پاڵێوراوێك بۆ بەدەست هێنانی دەنگەکانی خەڵك پێویستە لەسەری دەریبخات بۆیان چۆن نوێنەری بەرژەوەندیەکانی ئەوان دەبێت ، وە چۆن بەرگری لە مافەکانیان دەکات لە چوارچێوەی بەرنامەیەکی ڕۆشنەوە کە خۆیئەدات لە کێشە سەرەکیەکانیان . وە ئەو**

**پاڵێوراوە پێویستە دەربکەوێت لە شاشەی کەناڵە بینراوەکانەوە ، وە لێدوان بدات لە ڕێگەی ئێزگە بیستراوەکانەوە ، وە نووسین و بڵاوکراوەکانی بەسەر جەماوەرەکەیدا دابەش بکات ، وەئەم چالاکیانە پێویستی بە سەرچاوەی ماڵی هەیە هەتا پێی هەستێت بە شێوەیەکی باش . ناکۆکی لەسەر پێویستی بوونی پارەنیە لە پێناو هەستان بە هەڵمەتی هەڵبژاردندا ، لەبەرئەوەی بەبێ پارە کەسێك ناتوانێت خۆی کاندید بکات بۆ هەڵبژاردن ، وە بەبێ پارە پاڵێوراو ناتوانێت سەربکەوێت لە هەڵبژاردنەکاندا ، بەڵکە پایەی کێشەکە لە سەرچاوەی پارەکەدایە . وە هەر سەرچاوەیەك ئاڕاستەی خۆی بەسەر پاڵێوراودا دەسەپێنێت ، ئەگەر سەرچاوەی پارەکە سەرجەمی تاکەکان بوو ئەوا کێشەکانیان بەرنامەکانی پاڵێوراو دەسوڕێنێتەوە ، ئەگەر سەرچاوەی پارەکە گشتی بوو ئەوا بەرژەوەندیەکانی کۆمەڵگا تەوەری هەڵمەتەکە دەبێت ، وە ئەگەر سەرچاوەی پارەکە کۆمپانیا گەورە و دەوڵەمەندەکان بوو ئەوا گرنگی پێدانەکانیان شوێنێکی بەرز لە هەڵمەتەکاندا داگیر دەکەن . پارە بڕیارە پێشەنگەکانی پاڵێوراو دەدات ، وە پارە ئەوە دەسەپێنێت کامەیە بەرنامە و کێشەکانی کە پاڵێوراو لەخۆیانی دەگرێت پاشان کار لەسەر جێبەجێکردنیان دەکات کاتێك کە سەرکەوت .**

**نە تەنها پارە هۆکاری سەرەکیە بۆ ئەوەی پاڵێوراوێك بتوانێت بچێتە هەڵبژاردنەوە وەسەربکەوێت بە پاڵاوتنی لەلایەن حیزبەکەیەوە و پاشان بچێتە جەنگی هەڵبژاردنەوە ، ئەوەی چاودێری هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا دەکات ئەم دیاردەیە زۆر بە ڕۆشنی دەبینێت . لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی دوو هەزاردا ، نزیکەی زیاتر لە 84٪ ئەوانەی زۆرترین پارەیان خەرج کردبوو سەرکەوتن لە هەڵبژاردنی کورسیەکانی ئەنجومەنی پیراندا . ئەم ڕێژە گەورەیە ڕۆڵی خەرجیەکان دەردەخات لە سەرکەوتنی پاڵێوراودا لە هەڵبژاردنەکاندا . بەڵام ئەم ڕێژەیە زۆر زیادی کرد لە کاتی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەراندا کە گەیشتە 94٪ . کە 406 نوێنەر لە کۆی 431 نوێنەر سەرکەوتن لەبەر ئەوەی خەرجیەکانیان گەورەتربوو لە خەرجی ڕکابەرەکانیان . تێکڕای تیچونی سەرکەوتن بۆ کورسیەکی ئەنجومەنی نوێنەران گەیشتە نزیکەی 636 هەزار دۆلار ، لە کاتێکدا تێکڕای تیچونی سەرکەوتن بۆ کورسیەکی ئەنجومەنی پیران گەیشتە نزیکەی 6.5 ملیۆن دۆلار . وەك**

هەمیشە پارەکە دەڕوات بۆ ئەو پڕوپاگەندە بەردەوامانەی لە هۆکارەکانی ڕاگەیاندنەوە لەپێناو پیس کردنی ناوبانگی ڕکابەرەکاندا بەڕێوەدەچێت . وە کەمتری ئەو پشکە دەربارەی بەرنامەیە ، وە زۆر بەکەمی گفتوگۆ دەبێت لەسەر ئەنجامی سیاسەتەکان و بەرنامەکان کاتێك جێبەجێ دەکرێت لەسەر توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگا .

سەرەڕای ئەوەی دەنگدەرانی ئەمریکی تێبینیان کردوە ئەو دۆستانەیان قسەو بەڵێنەکانیان لە ماوەی هەڵبژاردنەکاندا چۆن لەبیر دەکەن کاتێك جێگیربوون لە کورسیەکانی یاسادانان یان جێبەجێکردندا. بەڵام ئەو کەسە سەرکەوتوانە هەرگیز کێشەی پارەدەرانی هەڵمەتەکانیان لەبیر ناکەن . قەبارەی بەخشینەکان بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردنە فیدڕاڵیەکانی ساڵی 2000 گەیشتە نزیکەی سێ بلیۆن دۆلار کە بەشی هەڵمەتەکەی بۆش و پاڵێوراوانی پارتەکەی نزیکەی 55٪ بوو . واتا نزیکەی 1650 ملیۆن دۆلار کە قەبارەی بەخشینی کۆمپانیا گەورەکان و دەوڵەمەندەکان تایدا نزیکەی 696 ملیۆن دۆلار بوو ، واتا 42٪ . کە بەشی بۆش لە بەخشینەکانی هەڵمەتەکەی 193 ملیۆن دۆلاربوو . لە کاتێکدا بەشی ئال گۆر نزیکەی 133 ملیۆن دۆلار بوو . ، بەڵام بەشی پاڵێوراوانی تر بوکانان و نادر زۆر لەمە کەمتر بوو . کە بەشێوەیەکی سروشتی پێچەوانە دەبێتەوە ، سەرباری چەند هۆکارێکی تر ، کە بووە هۆی کەمی دەنگدان بۆیان .

**سەرچاوەکانی بەخشین**

پارە نادرێتە پاڵێوراوان تەنها لە هەڵمەتی هەڵبژاردنە دەگمەنەکانیدا نەبێت ، کە ئەوان پشت دەبەستن بە ئەو بەخشینانەی کەلە سەرچاوە جیاوازەکانەوە دێت ، کە دوو شێوەی هەیە ، یەکەم ، پارەی ڕق (Hard Money) یاسای پارەپێدانی هەڵمەتی هەڵبژاردن قەبارەی ئەو بڕەپارەیەی دیاریکردوە کە تاك دەتوانێت بیبەخشێت لەبەرژەوەندی هەر پاڵێوراوێك بە هەزار دۆلار ، وە هەر لیژنەیەکی کاری سیاسی ، یان حیزب بە پێنج هەزار دۆلار لە ساڵێکدا . وە هیچ تاکێك ناتوانێت لەماوەی ساڵێکدا بە هەموو ئەو توێژانە زیاتر لە 25 هەزار دۆلار ببەخشێت . کە ئەم شێوەیە بۆ بەخشینی کۆمپانیاکان گونجاونیە بەڵکە ئەمە لەسەر تاك کورت دەبێتەوە ، وە هەروەها قەبارەی ئەو بڕەی کە دەوڵەمەندان دەتوانن بیبەخشن دیاریکردوە ، وە هەروەها توانای کاریگەریانی لەسەر هەڵبژاردنەکان

بەرلێگرتوە . دووەم ، پارەی نەرم (Soft Money) ئەم شێوەیە هیچ نیە جگە لە فێڵ کردن لە یاسای پارەپێدانی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن . وە فێڵە یاساییەکە لەمەدا ، دەوڵەمەندان ، کۆمپانیاگەورەکان ، وە یەکێتیە کرێکاریەکان ، هەڵدەسن بە ئاڕاستە کردنی بەخشینە دیارینەکراوەکانیان بۆ حسابە دابڕاوە تا فیدڕاڵیەکانی پارتە سیاسیەکان . لەبەر ئەوەی یاسا ڕێگەی پێنەداوە ئەم پارانە بداتە پاڵێوراوانی دیاریکراو .

گرنگی بەخشینەکانی دەوڵەمەندەکان تێبینی دەکرێت لە بڕی ئەو بەخشینانەی کە هەر بەخشینێك تیایدا زیاترە لە 200 دۆلار ، کە دەگاتە نزیکەی 42٪ لە کۆی بەخشینەکانی کە بۆش دەستی کەوتوە . لەکاتێکدا بڕی بەخشینەکان کە یەك بەخشین تیایدا کەمترە لە 200 دۆلار دەگاتە تەنها 10.5٪ ی کۆی بەخشینەکان . وە بەخشینەکانی دوایی بەگشتی لە چینە نا دەوڵەمەندەکانەوە هاتووە . هەروەك بەڕی بەخشینەکانی زیاتر لە 200 دۆلار دەگاتە 24٪ی سەرجەمی بەخشینەکانی ئال گۆر ، لە کاتێکدا بڕی بەخشینەکانی کەمتر لە 200 دۆلار دەگاتە 10٪ . وە سەرباری جیاوازی نێوان هەردوو بڕی بەخشینی دەوڵەمەندان بۆیان ، ئەم بڕە بۆیان لە دوو باردا زیاتر دەمێنێتەوە لە بڕی بەخشینی فەقیرەکان ، ئەم حاڵەتە سەبارەت بە بەخشینی پاڵێوراوانی تر جیاوازە . بڕی بەخشینی زیاتر لە 200 دۆلار 6.3٪ تێناپەڕێنێت سەبارەت بە بوکانان وە 16.6 سەبارەت بە نادر . بەڵام بڕی بەخشینی کەمتر لە 200 دۆلار لە سەرجەمی بەخشینەکانیان دەگاتە 22.3٪ و 68٪ بەدوای یەکدا . وەدەبێت بڕی بەخشین لە نێوان هەردووکیاندا جیاوازبێت کە بڕی پشتیوانی فیدڕاڵی لە سەرجەمی بەخشینەکانی بۆ بوکانان دەگاتە 42.9٪ ، لە کاتێکدا ئەم بڕە دەگاتە 8.6٪ ی کۆی بەخشینەکانی نادر . ئەگەر بەراوردکردنەکەمان کورت کردەوە لەسەر بڕی بەخشین لە هەردوو جۆرەکە کە بۆ ماندەرکەوت کە بڕی بەخشینی لە 200 دۆلار کەمتر یەکسان بوو بە نزیکەی 74٪ سەبارەت بە بوکانان ، لە کاتێکدا دەگاتە نزیکەی 82٪ سەبارەت بە نادر . واتا هەردوو پاڵێوراو کەمتر پشتیان بە بەخشینی دەوڵەمەندان بەستوە . وە ووێنەکە جیاوازە لە باری پاڵێوراوانی هەردوو پارتی سەرەکیدا ، کە بڕی سەرجەمی بەخشینە تایبەتەکانی بۆش

**کە کەمترن لە 200 دۆلار دەگاتە کەمتر لە 20٪ ، لەکاتێکدا سەبارەت بە ئال گۆر دەگاتە نزیکەی 29٪ . وە ئەوە دەبینرێت کە چەندە پاڵێوران لە هەردوو پارتەکە پشت دەبەستن بە بەخشینەکان کە لە دەوڵەمەندانەوە دێت ،واتا 200 دۆلار بۆسەرەوە . ئەوەی ژمارەکان بخوێنێتەوە بۆی دەردەکەوێت کە بۆش بەختی گەورەتری هەبووە لە بەخشینەکانی کۆمپانیا گەورەکاندا . لەبەر ئەوە سەیرنیە کە پیشەسازی نەوت و غاز نزیکەی ملیۆنێك و هەشت سەد و نەوەد هەزار دۆلار بەخشین بدەن بە هەڵمەتەکەی بۆش ، لە کاتێکدا نزیکەی سەد و چل هەزار دۆلار زیاتریان نەبەخشیە هەڵمەتەکەی ئال گۆر ، واتا ئەوەی دایان بە هەڵمەتەکەی بۆش سیانزە جار زیاتربوو لەوەی دایانە هەڵمەتەکەی ئال گۆر . هەروەك بڕی بەخشینی کۆمپانیاکانی ئۆتۆمۆبێل وەك کۆمپانیاکانی نەوت وابوو بۆ هەردوو پاڵێوراو ، کاتێك ئەوەی دایان بە هەڵمەتەکەی بۆش یانزە جار گەورەتری تێپەڕاند لەوەی دایان بە هەڵمەتەکەی ئال گۆر . وە ئەمە هەروا بوو بە نسبەت کۆمپانیا گەورەکانی ترەوە وەك کۆمپانیاکانی بەرهەم هێنانی داودەرمان ، ئامێرەکانی کۆمپیوتەر ، وە بانکەکان ، وە کۆمپانیاکانی دڵنیایی ، وە ئەوانەی کاری پزیشکی دەکەن ، وە بیناسازی ، وە پشك و وەبەرهێنان .**

**لەلایەکی ترەوە سەبارەت بە بەخشینەکانی 400 نەفەر و کەسە نزیکەکانیان کەلە 11 گروپی ئابوریدا ڕیزبەند دەکرێن بۆ هەریەك لە پارتی کۆماری و دیموکراتی لە ساڵی 1999 بۆ 2000 دا . بەخشینە ماڵیەکانی کۆمپانیا و دەوڵەمەندەکان زۆر لە توێژەکانی کۆمەڵگای ئەمریکی نیگەران کردوە کە بۆ پێشنیارکردنی جێگرەوەی تر و چاکسازی یاسا جێگیرەکان پاڵیپێوەنان . وە لە بەناوباگترین پڕۆژەکان کە سیناتۆر ماکین و سیناتۆر فاین گۆڵد پێشکەشیان کرد کە پاش پەسەندکردنی ناوی ئەوانی هەڵگرت . ئەم گەلاڵەیە مەبەستی بوو ڕێگە بگرێت لە بەخشینە نێردراوەکان بۆ پارتە نیشتیمانیەکان . وە زیادکردنی هارد مۆنی ، وە بۆ دیاریکردنی بەرگری کردن لە ئەو کێشانەی کە کۆمپانیاکان پێی هەڵدەسن ، وە یەکێتیە کرێکاریەکان ، وە گروپەکانی بەرژەوەندی تر . لەبەر ئەوەی یاسا هەرگیز سەراپاگیر نیە ئەم گروپانە بەخێرای کەلێنەکانیان دۆزیەوە بۆ قۆستنەوە و بەردەوامی پێشکەشکردنی بەخشینەکانیان بۆ ئەو پاڵێوراوانەی کە**

پشتیوانی لە کێشە و بەرژەوەندیەکانیان دەکەن . وە یەکەم ئەو کەلێنانەی کە هەیە ڕەخنە لە دووئەوەندە کردنی بەخشینی هارد مۆنی دەگیرێت لەبەرئەوەی ڕێگە بە دەوڵەمەندەکان ئەدات بە تێپەڕاندنی بەشێك لە بەخشینەکانیان لە ڕێگەیەوە کاتێك کە فەقیرەکان هەڵناسن بە دوو ئەوەندە لێکردنی بەخشینەکانیان . هەروەك کەلێنی گەورە لەوەدا خۆی دەنوێنێت ڕێگە دەگرێت لە بەخشینی سۆفت مۆنی بە پارتە نیشتیمانیەکان . کۆمپانیاکان ، و یەکێتیەکا ، و خاوەن بەرژەوەندیەکان ، ململانێ دەکەن بۆ پێکهێنانی لیژنەکانی کاری سیاسی لەسەر ئاستی وویلایەتەکان بۆ بوون بە جەمسەری ئەو بەخشینانە . وە ئەوەی لەسەر ئەم لیژنانەیە بیکەن ئەوەیە کە هەتا بتوانن دابڕاوبن لە پارتەکان و ببنە جەمسەری بخشینە ڕەها دیارینەکراوەکان . ڕاستە ئەم بەخشینانە ناتوانرێت خەرج بکرێت لە هەڵبژاردنە فیدڕاڵیەکاندا ، بەڵام دەتوانرێت بۆ مەبەستی تر بەکاربهێنرێت پالێوراوانی فیدڕاڵی توانیویانە سودی لێببینن لەپێناو مەبەستی تردا خەرجی بکەن ، ئەو مەبەستانەی کە دەتوانن بۆی خەرج بکەن هەڵخڕاندنی دەنگدەران ، وە ڕێخستنی حیزبی ، وە هەروەها بەخشین بۆ پاڵێوراوی وویلایەت ، لەخۆدەگرێت . ئەم لیژنانە توانیویانە 32 ملیۆن دۆلار کۆبکەنەوە لە ماوە ساڵی 2003 دا .

وە هەندێك وایدەبینن کە ئەم جۆرە لە چاکسازی لە یاساکانی پارەپێدانی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا هیچ مەبەستێکی نیە جگە لە ڕازی کردنی ڕای گشتی کە لە هەموو کردەوەیەکی سیاسی بە گومان بوون ، لەبەر ئەوە چاکسازیەکان دەست نادات لە جەوهەری کێشەکە ، هەرچەندە پێداگریەك هەیە لە لایەن نوخبەیەکەوە لەسەر ئەنجامدانی چاکسازی تا هەستێت بە جۆرێك لە ڕێخستن کە نزیك بێت بەلانی کەمەوە لەوەی لە زۆربەی وولاتانی پێشکەوتودا بەڕێوەدەچێت . وویلایەتە یەکگرتوەکان تاکە دەوڵەتە لەنێوان وولاتانی پێشکەوتودا کە کاتی خۆڕای لە دەزگاکانی ڕاگەیاندی نیشتیمانیەوە نادات بە پاڵێوراوەکان ، هەروەك وویلایەتە یەکگرتوەکان لەگەڵ دوو وولاتی تردا کە سویسرا و ئایرلەندان سەرجەم پارەکە بۆ پاڵێوراوان نادەن ، یان خەرجیەکانیان دیاری ناکەن ، وەك ئەم کەلێنانە ڕێگە بە پارەی تایبەتی دەدرێت کاریگەربێت لەسەر بەرنامەی پاڵێوراوان . ڕەخنەگران دەپرسن چۆن دەبێت ئەو

**خزمەتگوزاریانەی پۆلیس پێشکەشی دەکات پارەکەی ڕاستەوخۆ لە بەخشینەکانەوەبێت ، ئەوکاتە یەکەم کارەکانی پێشکەش کردنی پاراستنە بەوەی کە زۆرترین پارە ئەدات ، وە ئەمە کاری هەموو دامەزراوە گشتیەکانە . ڕەخنەگران وایدەبینن کە هەڵبژاردنە گشتیەکان بەرژەوەندی گشتیە بەرژەوەندی هەندێك کاریگەرنابێت لەسەر بەرژەوەندی هەندێکی تر ، هەروەك بەرژەوەندی تیایدا کورت نابێتەوە لەسەر ئەوانەی کە نرخەکەیانداوە بەڵکە ئەوانەی کە نەیانداوە لەخۆدەگرێت ، ئەگەر لە پێگەی کۆمەڵایەتیەوە گوێزرایەوە بۆ بواری تایبەتی ئەوە دەبێتە کەموکوڕی لە تێپەڕاندنیدا ( هەڵبژاردنی گشتی ) ، وە دەبێتە شێواندن لە بەکارهێنانیدا . سەرباری داواکاران بەکورتکردنەوەی پارەپێدانی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن لە پارەی گشتی ڕوبەڕوی کێشەیەکی پەروەردەیی ئایدۆلۆژی دەبنەوە کە سیستمە سیاسی ئەمریکی هاوڵاتیانی ئەمریکی پیێ گۆش دەکات ، سەرباری ئەوەی هاوڵاتی ئەمریکی گەندەڵی دەبینێت لە ژیانی سیاسیدا ، بە شێوەیەکی فراوان پشتگیری چاکسازی سیستمی هەڵبژاردنەکان دەکات تەنها دژی پارەپێدانی هەڵبژاردنەکانە ئەگەر لە گەنجینەی گشتی بێت ، وە ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پەڕوپاگەندە بەردەوامەی دژی بەرنامەی کۆمەڵایەتیە کە ئەوە پەرتکردنەوەی پارەی گشتیە ، وە لاوازکردنی بەرهەمهێنانە ، وە بەقەد ئەوەی ڕاگەیاندن لە سەراپای هەڵمەتەکەیدا پێشڕەوی دەکات دژی بەرنامەی کۆمەڵایەتی کە سود بە هەژاران دەگەیەنێت ئەوە بە گشتی بە چاوپۆشین لە بەرنامەکانی کە پشتگیری لە دەوڵەمەندان دەکات ، وەك بەرنامەی خۆپڕچەك کردن ، یان پشتگیری کردنی کشتوکاڵ .**

**کاریگەری بەخشینەکان**

**کۆمپانیاکان ، گروپەکانی بەرژەوەندی ، یەکێتیەکان ، وە دەوڵەمەندەکان نایشارنەوە ئەوەی کە تیژیان دەکاتەوە بۆ پێشکەش کردنی بەخشینەکانیان بۆ ئەم یان ئەو پاڵێوراو ئەوە پاراستنی بەرژەوەندیەکانیانە ، یان باشکردنیانە . وەلە هەندێك کاتدا بەخشینەکان لە پێناو کێشەیەکی ڕەمزیدا دەبێت هەروەك هەندێك لە دەوڵەمەندان پارەی زۆر دەبەخشن لە پێناو بەدەستهێنانی پۆستی سەفیردا ، وە هەندێکیان پارە دەبەخشن لەپێناو ئەوەی بانگ بکرێن بۆ نوستنی یەك شەو لە کۆشکی سپیدا . بەڵام ئەم جۆرە**

بەخشینە پێوانەی نیە ، بەڵكە ئستسنائیە ، وە كاتێك هەندێك لە دەوڵەمەندان داوادەكەن كە پارە ببەخشن بە ئەم یان ئەو حیزب ، یان بەئەم یان ئەو پاڵێوراو پاڵنەرەكەی گونجانی فكریە لەگەڵیان ، وە پێكەوە ڕێگەی خستنەڕوی پڕۆژەكان بۆ كۆنگرێس دەیدۆزنەوە ، یان لەو سیاسەتەی كە ئیدارەكانی ئەمریكی شوێنی دەكەون كاریگەریەكی ڕاستەوخۆ و ڕۆشنی هێزی فشار هەیە كە نوێنەرایەوتی ئەوانە دەكات كە بەخشینی سەرەكیان داوە . وە لە سەردەمی بۆشی بچوكدا لەوەدەچێت دەسكەوتەكانی بۆ كۆمپانیاكانی ووزە ئاشكرابێت كە بۆئەو بۆ جێگرەكەی چینی بەرژەوەندیەكی بەهێز و بەردەوامیان تیایدا هەبوو. كە ئەوە پڕۆژە بڕیارێك بووخرایە بەردەم ئەنجومەنی پیران بڕی 24 ملیۆن دۆلار پێشكەش كرا بەدرێژای دە ساڵ لە شێوەی لێخۆشبونی باجدا بۆ بەرهەمهێنەرانی نەوت و غاز . هەروەك پێشتر بیرمان هێنایەوە كە كۆمپانیاكانی ووزە سودمەنددەبن لەم پڕۆژەیە ئەوان بۆخۆیان زۆرترین كۆمپانیاكانی بەخشینی هەڵمەتەكەی بۆش و پارتی كۆماری بوون . هەروەك ئەو پڕۆژە یاسا تایبەتەی خەزمەتگوزاری تەندروستی پێشكەش دەكات كە یارمەتی پێشكەش بە بەساڵاچوانی ئەمریكی دەكات بە پێشكەش كردنی یارمەتی بۆ كۆمپانیاكانی تەندروستی تایبەتی كۆتایی هات بەبڕی 125 بلیۆن دۆلار بە درێژایی دە ساڵ . وە هۆكارەكانی ڕاگەیاندنی ئەمریكی بە ڕاشكاوی باسی ئەم پشتیوانیە دەكەن بە هیمەتی هێزی فشاری ئەو دامەزراوە تەندروستیە تایبەتانەی بە بەخشینە دڵ فراوانەكانیان هاوڕێیەتی كۆماریەكان و هەڵمەتەكەی سەرەك بۆشیان كرد . وە كاریگەریەكەیان قەتیس نامێنێت لەسەر ئەم پارتە بەبێ ئەوەی تر یان نوێنەرێك لە كۆنگرێس بێ ئەوی تر ، ڕیچارد گیبهاردت كە سەرۆكی كەمینەی دیموكراتەكانە لە ئەنجومەنی نوێنەران هەتا ئێستا پێنج جار لە ژیانی نوێنەرایەتیدا هەوڵیداوە باج لەسەر ئەلكحول كەم بكاتەوە ، وە هۆكاری پەرۆشی هەرزانكردنی ئەلكحول دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستیەیی كە گەورەترین چاودێری چالاكی سیاسی ئەو كۆمپانیای ئانهویسرە بۆ ئەلكحول كە بەدرێژایی چەندین ساڵ سەدان هەزار دۆلاری بەخشین پێشكەش بە هەڵمەتی هەڵبژاردنەكانی ئەو كردوە ، وە هەروەها ئەمە حاڵی سیناتۆر لیبرمانیشە كە چووە جەنگی هەڵبژاردنە سەرۆكایەتیەكانی ساڵی 2000

ەوە وەك جێگری ئال گۆر ، کە سەدان هەزار دۆلار بەخشینی پێگەیشت لە کۆمپانیاکانی زیندە تەکنیکەکانەوە .
وە لەهەمانکاتدا هەستا بە پشتگیری کردنی زۆربەی پڕۆژەکانی زیندە تەکنیکەکان لە ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکیدا . وە هەروەها ئەمە بەسەر سیناتۆر کیریشدا جێبەجێ دەبێت کە یەکەم بوو لە هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتیدا لە وویلایەتی ئایوا ، کە بەخشەری سەرەکی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەی ئەو هێزی فشارەبوو کە بۆ بەرژەوەندی کۆمپانیاکانی گەیاندن کاری دەکرد ، کە هەمیشە پەرۆشی پشتیوانی کردنی ئەو کۆمپانیانە بوو لەبەرایی ئەو لیستانەی کە پێشکەشی ئەنجومەنی پیران دەکران بۆ دەنگدان لەسەری . شیکارکردنی دەنگدان لەسەر یاسای تایبەت بە کۆمپانیاکانی ووزە دەری دەخات کە بەم دواییانە گفتوگۆی لەبارەوە کرا لە ئەنجومەنی نوێنەران پەیوەندیەکی توند و باش هەیە لەگەڵ قەبارەی بەخشینەکانی ئەم کۆمپانیانە ، کە ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەوانەی دەنگیان بەبەڵێ دا بە یاساکە سێ ئەوەندە بەخشینیان دەست کەوتبوو لەوانەی کە بە نەخێر دەنگیاندا . وە ئەمە پێکەوە بەستنێکی توندوتۆڵە لە نێوان قەبارەی بەخشین و جۆری دەنگداندا کەبەسەر ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەراندا دەچەسپێت بە چاوپۆشین لە پابەندی حیزبیان .
وە لە دیارترین نمونەکان لەسەر ئەمە کێشەی دەرمانە ، ناڕەزایەتیەکی بەردەوام هەیە لە وویلایەتە یەکگرتوەکاندا لە گرانبوونی ئەو دەرمانانەی کە لەلایەن دکتۆرەکانەوە ڕیزبەند کراوە ، وە سەبارەت بەم کێشەیە وتو ویژێکی گەورە لە نێوان هەردوو پاڵێوراو ئال گۆر و بۆشدا ڕویدا ، کاتێك هەردووکیان ململانەیاندەکرد بەڵێنیاندا بە پێشکەشکردنی سود لەبەرژەوەندی ئەو دەرمانانە بۆ بەرنامەی دڵنیایی تەندروستی ، وە پاش ئەوەی هەڵبژاردن کۆتایی هات بابەتەکە لەسەر ڕەفەکان دانرا ، پاشان گەڕایەوە تا ببێتە بابەتی قسەلێکردن لە هەڵبژاردنەکانی 2002 ی نیوەیی کۆنگرێسدا . هەروەك کۆماری و دیموکراتەکان پێشبڕکێیان کرد بۆ لەخۆگۆتنی کێشەکە نەك لەبەرئەوەی ڕێخراوەکانی بەکاربەران ناڕەزایەتیان لە گرانبوونی دەرمان هەبوو کە بۆ هاوڵاتی ئاسایی دوو ئەوەندەی تێدەچێت کە بۆ هاولاتی لە وولاتە پێشکەوتوەکانی تردا تێی دەچێت . بەڵکە

لەبەرئەوەی زۆر لە کۆمپانیا زەبەلاحەکانی وەك جەنەڕاڵ مۆتۆڕس ، وە فیرزون ، ووڵ مارت ، هاتنە جەنگەکەوە لە بەرژەوەندی کەمکردنەوەی نرخەکانی ئەم دەرمانانە لە چوارچێوەی ڕێگە نەدان بە کۆمپانیاکانی دەرمان بە درێژکردنەوەی ماوەی داهێنانی دەرمانەکانیان زیاتر لەو ماوە دیاریکراوە بۆیان دانراوە ، کاتێك کە کۆتایی ماوەی داهێنان کۆتایی هات کۆتایی قۆرخکردنی دروستکردنی ئەو کۆمپانیانە دەبێتە هۆی هاتنە ناوەوەی کۆمپانیای تر بۆ دروستکردن و فرۆشتنی بە نرخێکی زۆر کەمتر . وە هۆی هاتنەناوەوەی ئەم کۆمپانیانە بۆ ململانە لەگەڵ کۆمپانیاکانی دەرماندا ، بۆ پاراستنی بەرژەوەندی ماڵیانە ، ئەم کۆمپانیانە پارەی دڵنیایی تەندروستی ئەدەن بۆ کرێکار و کارمەندەکانیان وە نرخی دەرمان بەرزە  کە خەرجیەکانیان بەرزدەکاتەوە ، وە ئەوان ئەڵێن  ئەگەر ماوەی داهێنانی حەقدە دەرمان درێژ نەکرێنەوە کە لە ساڵی 2004 دا کۆتاییان دێت ، ئەوا ئەمان بڕی 950ملیۆن دۆلار  پاشەکەوت دەکەن .

**کۆتایی**

لە مێژوودا سیستمێك نیە لەخۆی گرتبێت ئەوەی سیستمی سیاسی ئەمریکی لە خۆی گرتوە ، دوو دژی لەیەك کاتدا کۆکردۆتەوە . ئەم سیستمە ئازادی سیاسی ڕهاکردوە بەشێوەیەك نمونەی نیە ، هەتا لە ئەوروپای ڕەسەن بە دیموکراسیدا جاروبار پێداگری دەکرێت لە دەستێوەردانی یاسادا لە پێناو بەندکردنی بواری ئازادیەکاندا ، وە باشترین نمونەش لەسەر ئەوە ئەورپا سزای ئەوە ئەدات کە نکوڵی لە کورە سوتێنەرەکان دەکات ، وەبەڵام ئەمریکا مافی ئەوەی پاراستوە کە ڕەتی دەکاتەوە ، جگە لەوەی ئەمریکا ئازادیەکانی پوچەڵ کردۆتەوە بەبێ ئەوەی پەنا بۆ چاکسازی لە یاسادا ببات ،  وە ئەوە دەسەڵاتی خەڵك ئەتك دەکات بەبێ ئەوەی هەڵبژاردنەکان ساختەبکات ، وە ئەوە ڕای دژ بێدەنگ دەکات بەبێ ئەوەی ڕێگەی لێبگرێت . وە ووشەی نهێنی لەوەدا پارەیە ، ئەوەی بیەوێت بەدەنگی جیاواز بگاتە خەڵکی ناتوانێت چونکە ڕێگەی گەیشتنە خەڵکی داخراوە چونکە هۆکانی ڕاگەیاندن لەلایەن چەند کۆمپانیایەکەوە خاوەنداری دەکرێن لەپەنجەکانی دەست تێناپەڕن . ئەوەی بیەوێت لە ئەنجومەنی جێبەجێکردن یان یاسادانانداا دابنیشێت هیچی لەبەردەمدا نیە جگە ڕێگەی کۆمپانیا و دەوڵەمەندەکان

**نەبێت یان ڕێگەی لەبیر کردن . وە ئەوە بیەوێن بڵێت کە سیستمی سەرمایەداری هۆکاری گاڵتە جاڕیە لە ئەمریکا و جیهاندا دەتوانێت کە لافیتەیەك بەرزبکاتەوە لەسەر شۆستەی ڕێگاکە ، وە هەندێك بەهەڵەدا چوون بەوەی کە ئایدۆلۆژیا کارایەکی هاوبەشە ، بەڵام بەهەڵەدا چوون لەبەرئەوەی لە کارای پارە داتاشراوە ، ئەوەی ئەفسانەکانی ئەمریکا دروست دەکات ، پارەیە ، هۆلی یوود کاتێك ئەفسانەیەك لە سەر هندیە سورەکانی کۆن بەرهەم دەهێنێت یان تازەکانی ( عەرەب ) ئەوە بە چاکەی پارەیە ، وە کاتێك کتێبەکان چیرۆکەکانیان لەسەر ڕۆژهەڵاتی دوور و نزیك دەنەخشێنن ئەوەی وایلێدەکات لە لیستی باشترین فرۆشدا بیت جگە لە پارە هیچ نیە .**

**گرنگترین کێشە لە هەڵبژاردنەکانی بەرایدا ( 21 )**

**گرنگی پێدان بە کێشەکان کە ڕکابەرەکان لە هەڵبژاردنە بەراییەکاندا خستویانەتە ڕوو ، وە هەروەها چاویان لەسەریەتی ، لەنێوان کۆمەڵێکی جیاواز لە کێشە کە هەیە دەبێتە ئاماژە لەسەر هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی بۆساڵی 2008 . بەپێی ڕاپرسیەکان ، ئابوری گرنگترین گرنگی پێدانی دەنگدەران و پاڵێوراوانی پێکەوە داگیرکردوە ، وەپاشان جەنگ لەدژی عێراق ، وە چاودێری تەندروستی ، وادیارە تیرۆر لە پلەی چوارەمدایە لە ڕوی گرنگی پێدانەوە ، وە کێشەی کۆچی نا یاسایی لە نزیکەی پلەی کۆتایدا دێت .**

**باراك ئۆباما**

**ئابوری :**

**75 ملیار دۆلار دەکرێتە ناو ئابوریەوە لە ڕێگەی کەمکدنەوەی باج و تێچونی ڕاستەوخۆ کە ئامانج لێی خێزانی کرێکاران و بەساڵاچوان و خاوەن خانوەکان و بێکارانە .**

**هەروەها پلانەکە 45 ملیار دۆلار دابین دەکات وەك یەدەك ، وە دێتە ناو ئابوریەوە بە خێرایی لە داهاتودا ئەگەر ئابوری بەردەوام بوو لە داڕمان .**

**لە کەرتەکانی باجی دەستبەجێ وە زیادەیەکی خێرای کاتی بەبڕی 250 دۆلار بۆ بەساڵاچوان لە گەڕانەوەوی دەستەبەرکردن کۆمەڵایەتی .**

**کەرتەکانی باجی دەسبەجێ بڕی 250 دۆلار پێشکەش دەکەن بە کرێکار و خێزانەکانیان سەرباری 250 دۆلاری سەربار بۆ بەساڵاچوان ، ئەگەر ئابوری بەردەوام بوو لە داڕمان .**

**متمانەی بێکاری درێژ و فراوان دەکاتەوە .**

**جەنگ لەدژی عێراق :**

**دژی دەستێوەردانی سەربازی بوو لە عێراق .**

**دەنگی لە بەرژەوەندی پڕۆژە بڕیاری تێچونەکانی جەنگ دا کە دەبێتە هۆی کشانەوەی زۆرینەی هێزەکانی ئەمریکا بە هاتنی ئازاری 2008 .**

**پشتیوانی کردەوەی کشانەوەی پلەبەپلەی هێزەکانی ئەمریکی لە عێراق کرد.**

**دژی پلانەکەی بۆش بوو بە زیادکردنی هێز لە عێراقدا .**

جارێك داوایکرد بە دەستپێکردنی کشانەوەی هێزەکان لەگەڵ کۆتایی ساڵی 2006 دا .

مامەڵەکردن لەگەڵ ئێران :

دەنگی لەسەر بڕیاری ئەنجومەنی پیران نەدا لە ئەیلولی 2007 دا ، داوایکرد پاسەوانی شۆڕشی ئێرانی وەك ڕێخراوێکی تیرۆرستی ڕابگەیەنرێت .

باوەڕی بە بەکارهێنانی هەوڵی دبلۆماس هەیە ، وە قایل بوو لەسەر چاوپێکەوتنی سەرانی ئێران و سوریا و ڤەنزویلا و کوبا و کۆریای باکور ، لەماوەی ساڵی یەکەمی سەرۆکایەتیدا .

ڕێگەچارەی سەربازی بە پێشنیارکراوی هێشتەوە .

چاودێری تەندروستی :

کاردەکات بۆ بنیاتنانی بەرنامەیەکی دڵنیایی (تامین) تەندروستی نەتەوەیی بۆ ئەوکەسانەی کە خاوەنکارەکانیان چاودێری تەندروستی بۆ فەراهەم نەکردوون .

ڕێگە بە تاك ئەدات بە هەڵبژاردنی بەرنامەی دڵنیایی تەندروستی گشتی یان یەکێك لە پلانی دڵنیایی تەندروستی تایبەت کە دەگونجێت لەگەڵ پێوەرەکانی داپۆشینی تایبەتی داوا لەو خاوەنکارانە دەکات کە چاودێری تەندروستیان بۆ کارمەندەکانیان فەراهەم نەکردوە بە دانی بڕێك پارە بۆ بەرژەوەندی بەرنامەی چاودێری تەندروستی نەتەوەیی .

ڕێگە بە ڕیزبەندکردنی ئەوانەی لە خوار بیست وپێنجەوەن دەدات لە چوارچێوەی داپۆشینی تەندروستی دایك و باوکدا .

جۆن ماکین

ئابوری :

ترسی سستی ، وپاشەکشەی دڵنیابونی بەکاربەر ، دوو پاڵنەرن بۆ پەلەکردن لە دەرکردنی بڕیارێ کە بە پارەی تاك و خێزانەکانیان ئابوری پڕدەکاتەوە ، وە گەشەی کۆمپانیاکان هەستی پێدەکەن ، لە ڕێگەی بڕینی باجەوە .

ماکین لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەیدا ئارەزووی کەمکردنەوەی بڕی باجی کۆمپانیاکان دەکات لە 35 بۆ 25 لە سەدا .

لە ساڵی یەکەمدا ڕێگەئەدات بەدابڕینی وەبەرهێنان لە بواری کەلوپەل و تەکنەلۆژیادا .
باوەڕداری باجی هەمیشەیی بنیات دەنێت بۆ توێژینەوە و گەشەپێکردن ، وە یەکسانە بە 10 لەسەدای کرێ کە دەچێتە توێژینەوە و گەشەپێدانەوە .

جەنگ لەدژی عێراق :

ماکین لەبەرژەوەندی دەستێوەردانی سەربازی لە عێراقدا دەنگیدا .
پشیوانی لە بەکارهێنانی ڤیتۆی سەرۆک جۆرج بۆش کرد بۆ ڕەتکردنەوەی بڕیاری خەرجیەکانی جەنگ کە دەبووە هۆی کشانەوەی زۆرینەی هێزەکانی ئەمریکا بە هاتنی ئازاری 2008 .
پشتگیری کرد لە ناردنی هێزی ئەمریکی زیادە بۆ عێراق .

مامەڵەکردن لەگەڵ ئێران :

دەنگی لەسەر بڕیاری ئەنجومەنی پران نەدا لە ئەیلولی 2007 ، داوایکرد پاسەوانی شۆڕشی ئێرانی وەك ڕێخراوێکی تیرۆرستی ڕابگەیەنرێت .
دەڵێت کە دەستێوەردانی سەربازی چارەیە ، وە بەڵام ڕاوێژ بە سەرانی کۆنگرێس دەکات بەرلەوەی هەستێت بە جوڵەکردن .

چاودێری تەندروستی :

دژی ئەنجامدانی چاکسازی گشتگیر فیدڕاڵی بوو لەسەر سیستمی چاودێری تەندروستی کاردەکات لەسەر زیادکردنی ئاگاهی و بایەخدات بە زیاتر بەکارهێنانی بەرنامەی بیمە تەندروستی بۆ ئەو منداڵانەی ئێستا لە لیژنەکەدان ، وە زیادکردنی ژمارەی مەڵبەندەکانی تەندروستی .
پشتیوانی لێوەرگرتنی باج دەکات بۆ چاودێری تەندروستی ئەوئەمریکیانەی دەسکەوتێکی دیاریکراویان هەیە .



**کورتەی ژیاننامەی پاڵێوراوان ( 22 )**

**پاڵێوراوی کۆماریەکان جۆن ماکین** john McCain

**ناو : جۆن ماکین .**

**پارت : کۆماری .**

**سەرمایە :** 11.579.700 **دۆلار .**

**تەمەن :** 71 **ساڵ .**

**شوێنی لەدایك بوون : کەناڵی پەنەما، پەنەما .**

**ژن : سیندی هینزلی .**

**منداڵەکانی : دوگ شیپ ، ئاندی شیپ ، میگان ، جۆن سدنی چوارەم ، جێمس ، بریدجیت .**

**دین : کەنیسەی ئەسقەفی پرۆسستانتی .**

**کاری ئێستای : سیناتۆر لە وویلایەتی ئەریزۆنا .**

**کارەکانی پێشوی :** 1982–1986 **نوێنەری ئەریزۆنا ،** 1986 **بۆ ئێستا سیناتۆری ئەریزۆنا .**

**ئەزموونی پێشوو :** 1958 **: ئەفسەر لە هێزی دەریایی ئەمریکیدا ،** 1967–1973 **: یەخسیری جەنگ ، هانۆی ، ڤێتنام ،** 1977 **ئەفسەری فرۆکەوان لە هێزی دەریایدا ،** 1981–1997 **: نوسینگەی پەیوەندی لەگەڵ هێزی دەریایی لە ئەنجومەنی پیران .**

**لێهاتویی زانستی :** 1958 **: ئەکادیمیایی دەریایی ئەمریکی ،** 1974 **: کۆلێژی جەنگی نیشتیمانی .**

**کتێب و دانراوەکانی :**

Character is destiny
Faith of my fathers
Why courage maters
Worth the fighting for
Hard call

The gulf war aftermath
Unfinished business
The reminiscences of admiral john S. McCain

پاڵێوراوی دیموكراتەكان باراك ئۆباما Barack Obama



ناو : باراك حسین ئۆباما.

پارت : دیموكرات .

سەرمایە : 510.574.000 دۆلار .

تەمەن : 46 ساڵ .

شوێنی لەدایك بوون : هونولولو، هاوای .

ژن : میشڵ ئۆباما .

منداڵەكانی : مالیا ، ساشا .

دین : كەنیسەی مەسیحی یەكگرتو .

كاری ئێستای : سیناتۆر لە ویلایەتی ئیلینۆی .

كارەكانی پێشوی : 1997–2004 سیناتۆر لە ویلایەتی ئیلینۆی ، 2005 بۆ ئێستا سیناتۆری ویلایەتی ئیلینۆی .

ئەزموونی پێشوو : 1993–1994 : ئوستازی یاسای دەستوری ، زانكۆی شیكاگۆ .

لێهاتویی زانستی : 1983 : زانكۆی كۆڵۆمبییا : بەكالیۆریۆسی زانستە سیاسیەكان ، 1991 : زانكۆی هارڤارد : بڕوانامە لە یاسادا .

كتێب و دانراوەكانی :

The audacity of hope
Dreams from my father
Barack Obama in his own words

**چەند ئامارێكی گرنگ دەربارەی هەڵبژاردنەكانی ئەمریكا ( 23 )**

**باراك ئۆباما شیا بۆ سەركەوتنی لە هەڵبژاردنەكانی ئەمریكادا بۆ ساڵی 2008 ، بە دەستەبەركردنی لەسەرجەمی هەڵبژاردنەكاندا لەسەر هەلی بەدەستهێنانی 365 دەنگی هەڵبژاردن ، لەسەرجەمی 538 دەنگ ، لە كاتێكدا هەلی بەدەستهێنانی ڕكابەرەكەی جۆن ماكین زیاتر نەبوو لە تەنها 162 دەنگ ، لەكاتی ڕاگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەكاندا . كەكۆتایی دێت بەوەی كە یەكێك لە پاڵێوراوان 270 دەنگی هەڵبژاردن بەدەستبهێنێت بەلانی كەمەوە ، تاببێتە كەسی سەركەوتوو .**

**باراك ئۆباما52،7٪ی لەكۆی ئەوانەی كە دەنگیاندابوو لە هەڵبژاردنەكانی ئەمریكیدا بۆ ساڵی 2008 بەدەستهێنا ، ژمارەی ئەوانەی دەنگیانپێدابوو گەیشتە زیاتر لە 66 ملیۆن كەس لەسەرجەمی 128 ملیۆن بەژداربوو لەم هەڵبژاردنەدا . بەڵام جۆن ماكین تەنها 58 ملیۆن دەنگی بەدەستهێنا بەڕێژەی 46٪ی سەرجەمی دەنگدەران .**

**سەرجەمی ئەوانەی بەژداربوون لە هەڵبژاردنەكانی ئەمریكیدا بۆ ساڵی 2008 بە ڕێژەی 3،7 ملیۆن بەژداربوو زیاتربوو لە ساڵی 2004 .**

**60٪ی ئەو دیموكراتانەی كەدەنگیان بە ئۆبامادواوە خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی بەدەنگدانیان بۆی ، وە خرۆشانیان بۆ ئەوە، لەكاتێكدا كەمتر لە 30٪ی ئەوانەی دەنگیان بە جۆن ماكین داوە خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی بەو هەڵبژاردنە . وەئەمە ئەوە نیشان ئەدات كە پشتیوانانی باراك ئۆباما زیاتر بەجۆش و خرۆش و دڵخۆشن بە هەڵبژاردنەكەیان .**

**66٪ی گەنجان بۆ ئۆباما دەنگیانداوە لەبەرامبەر تەنها 31٪ لەبەرژەوەندی جۆن ماكین .**

**68٪ی ئەوانەی بۆ یەكەم جار لە ژیانیاندا دەنگیانداوە لەئەمریكادا دەنگیانداوە بە ئۆباما لە بەرامبەردا تەنها 31٪ دەنگیانداوە بە جۆن ماكین .**

**95٪ی دەنگی ڕەش پێستەكان ڕۆیشتوە بۆ باراك ئۆباما لە كاتێكدا جۆن ماكین تەنها 4٪ی دەنگیانی بەدەستهێناوە . ڕێژەی دەنگی ڕەش پێستەكان دەگاتە زیاتر لە 10٪ی سەرجەمی بەژداربوانی هەڵبژاردنەكان .**

**ئۆباما 35٪ی دەنگی سپی پێستەکانی بەدەستهێناوە. 66٪ی دەنگی ئەمریکیە بەڕەگەز لاتینیەکان ڕۆیشتوە بۆ باراك ئۆباما ، لە کاتێکدا ماکین تەنها 31٪ی دەنگیانی بەدەستهێناوە .**

**56٪ی دەنگی ژنان ، 50٪ی دەنگی پیاوان بەخشراوە بە ئۆباما . ژنانی ئەمریکی زیاتر لە 53٪ی سەرجەمی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەیە پێکدەهێنن .**

**تەنها 25٪ی ئینجیلیەکان دەنگیان بە ئۆباما داوە لە بەرامبەردا 75٪ی دەنگەکان ڕۆیشتوە بۆ ماکین .**

**باراك ئۆباما زیاتر لە 78٪ی دەنگی جولەکەکانی ئەمریکای بەدەستهێناوە بەپێچەوانەی زۆرترین پێشبینیەکان لەم بارەیەوە لە کاتێکدا جۆن ماکین بەدەستی نەهێنا جگە لە 21٪ی ئەو دەنگانە .**

**وە ئەم ڕێژەیە هەروەك بەرزترە لەو ڕێژەیەی کە جۆن کیری پاڵێوراوی دیموکراتەکان لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2004دا بەدەستیهێنا ، لەکاتی خۆیدا 76٪ی تێنەپەڕاند ، هەروەك بەرزترە لەو ڕێژەیەیی کە پاڵێوراوی دیموکراتەکان بەر لەئەو ئال گۆر لە ساڵی 2000دا بەدەستیهێنا . وە هەروەك بەرزترە لەو ڕێژەیەی کە بیل کلنتۆن بەدەستیهێنا کاتێك کەسەرکەوت بۆ سەرۆکایەتی ئەمریکا .**

**ڕێژەی ئەوانەی بۆ یەکەم جار دەنگیانداوە زیاتر لە 10٪ی سەرجەمی ئەوانەی لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2008دا دەنگیانداوە پێکدەهێنن ، وە ڕێژەی ڕەش پێستەکان لە نێوان ئەوانەی بۆیەکەم جار دەنگیانداوە گەیشتە 20٪ . یانی ڕێژەی ڕەش پێستەکان کە ئەوەیان هەڵبژاردوە بەژداری بکەن لەهەڵبژاردنەکانی ئەم ساڵدا بۆیەکەم جار لە ژیانیاندا دوو بەرابەری ڕێژەی ئەوانیترە کە بڕیاری بەژداریانداوە بۆ یەکەم جار .**

**50٪ی هاوڵاتیانی بەساڵاچوو لە ئەمریکادا هەستاون بە بەخشینی دەنگیان بە جۆن ماکین ، ئەوانەی کە گەیشتونەتە تەمەنی 72 ساڵ ، ڕێژەی بەساڵاچوان 16٪ی سەرجەمی ڕێژەی ئەوانەی دەنگیانداوە لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2008دا پێکدەهێنن .**

60٪ی ئەوانەی دەنگیان لە بەرژەوەندی باراك ئۆباما داوە لەو بڕوایەدان كە ئەمریكا لە بارودۆخێكی باشتردایە لە ڕووی هەڵاواردنی ڕەگەزی و مافی كەمینەكانی ناو ئەمریكادا .

لەكاتێكدا بەڕای 67٪ی ئەوانەی جۆن ماكینیان هەڵبژاردوە كە بارودۆخی ڕەگەزی و ڕەگەزپەرستی هەروەك خۆی دەمێنێتەوە ، یان خراپتردەبێت .

لە هەر 10 ئەمریكیەك 6 ، یانی 60٪ی ئەوانەی بەژداریان لە هەڵبژاردنەكانداكردوە پێیانوایە كە ئابوری دەسپێكی یەكەمە بۆ سەرۆكی داهاتوو ، وە چاكسازی ئابوری گرنگترە لە جەنگ لە دژی تیرۆر ، وە لە تەنگەژەی عێراق .

ئێزگەی ( بی بی سی ) هەستا بە ڕاوەرگرتنی جیهانی لە 22 وولاتدا دەربارەی دیاریكردنی گەلانیتر بۆ سەرۆكی داهاتوو ، هەموو دەووڵەتان باراك ئۆبامایان دیاریكرد بەڕێژەی جیاجیا ، بەتێكڕا بریتیە لە 49٪ بۆ باراك ئۆباما ، وە تەنها 12٪ بۆ جۆن ماكین . وە 40٪ هیچیانیان پەسەند نەكردووە .

دامەزراوەی جالوب هەستا بە ڕاوەرگرتنی جیهانی لە نێوان 72 وولاتدا ، تیایدا ئۆباما لە سەرجەمیاندا سەركەوت بە تێكڕای 24٪ ، وە تەنها 7٪ لە بەرژەوەندی جۆن ماكین بوو ، 69٪ هیچیانیان پەسەند نەكرد .

بەڵام گۆڤاری ڕیدز دایگست ی ئەمریكی ڕاپرسیەكی ئەنجامداوە لە نێوان 16 وولاتدا كە ئەو وولاتانەن كە ڕەنگە هاوسۆزبن لەگەڵ پالێوراوی كۆماریدا ، وە جۆن ماكین سەركەوتوو نەبوو تەنها بە پەسەندكردنی 3 گەل نەبێت . كە ئەوانیش ئیسرائیل ، جۆرجیا ، فلپین ، بوون .

گۆڤاری ئیكۆنۆمیستی بەریتانی ڕاپرسیەكی ئەنجامداوە لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت لەنێوان 52 هەزار بەژداربوودا لە سەرجەم وولاتانی جیهان ، وە ئەنجامەكەی زیاتر لە 44 هەزار لە بەژداربوان پێیان باشبووە كە سەرۆكی داهاتوی ئەمریكا باراك ئۆباما بێت بەڕێژەی زیاتر لە 85٪ی سەرجەمی بەژداربوان لە ڕاپرسیەكەدا .

ئەو ڕاپرسیانەی كە هەردوو ئێزگەی ( بی بی سی ) و دامەزراوەی جالوب ئەنجامیانداوە دەریدەخەن ، كە 26٪ی میسریەكان ئۆبامایان لاپەسەندە ، بەرامبەر 13٪ ئارەزوودارن بۆ

**پاڵێوراوی كۆماری جۆن ماكین ، وە ڕێژەكە لە كوەیت بەرزدەبێتەوە لە بەرژەوەندی ئۆباما بۆ 32٪ ، وە لە فەڵەستین بۆ 33٪ ، وە بۆ 39٪ لە لوبنان ، و 46٪ لە ئیمارات بۆ ئۆباما بەرامبەر 13٪ بۆ ڕكابەرەكەی ، و لە سعودیە بۆ 50٪ بۆ ئۆباما بەرامبەر تەنها 19٪ بۆ جۆن ماكین .**

**بەڵام لە ئیسرائیل هەواداری زیاتر لە 46٪ دەركەوت بۆ پاڵێوراوی كۆماری جۆن ماكین ، بە پێچەوانەی زۆرترین وولاتانی جیهانەوە ، وە ئەمە بەرزترین ڕێژەیە ئەم پاڵێوراوەبەدەستی هێناوە لە سەرجەم ڕاپرسیەكاندا لە جیهاندا ، وە ئەمە بەرزترە هەتا ئەوەی لە وویلایەتە یەكگرتوەكانی ئەمریكیدا بەدەستی هێناوە . بەڵام ئۆباما ، تەنها هاوسۆزی 34٪ بەدەست هێنا لە ناو ئیسرائیلدا .**

**296 ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ئەمریكی كە بەسەرجەمیان زیاتر لە 31 ملیۆن تیراژی ڕۆژانە دەردەكەن ، هەستان بە دیاریكردنی باراك ئۆباما وەك ( پاڵێوراوی پەسەند )ی ئەوان . لەكاتێكدا 180 ڕۆژنامەی ڕۆژانە بە تێكڕای 12 ملیۆن تیراژی ڕۆژانە پاڵێوراوی ڕكابەر جۆن ماكینیان وەك ( پاڵێوراوی پەسەند ) دیاریكرد .**

**بەڵام ڕۆژنامەی هەفتانە ( هەفتەنامە ) ی ئەمریكی لە ڕۆژی یەك شەممەدا دردەچێت . تەنها 111هەفتەنامە بە تێكڕای دابەشكردنی نزیكەی 4 ملیۆن تیراژ باراك ئۆبامایان دیاریكرد وەك باشترین هەڵبژاردن . لەكاتێكدا جگە لە 32 ڕۆژنامەی هەفتانە (هەفتەنامە ) نەبێت جۆن ماكینیان دیاری نەكرد كە بەتێكڕای دابەشكردنیان تەنها 333 هەزار تیراژە .**

**وە 78 ڕۆژنامەی زانكۆیی كە تێكڕای دابەشكردنیان دەگاتە 768 هەزار تیراژ پاڵێوراوی دیموكراتەكان باراك ئۆبامایان هەڵبژارد ، لە كاتێكدا تەنها دوو ڕۆژنامەی زانكۆیی بە تێكڕای دابەشكردنی 16 هەزار تیراژ ڕكابەرەكەی ئەویان دیاریكرد .**

**گۆڤارە ئەمریكیەكان بەشێوەیەكی ڕوون هاوسۆزبوون بۆ باراك ئۆباما كە 11یانی دەستەبەر كرد بەسەرجەمی دابەشكردن كە دەگاتە 5،3 ملیۆن تیراژ . لە كاتێكدا جۆن ماكین دەستەبەركردنی تەنها یەكێكیانی لەو گۆڤارانە بەدەستهێنا كە دابەشكردنەكەی لە 180 هەزار تیراژ پتر نیە .**

60 هۆکاری ڕاگەیاندنی ئەمریکی هەستان بە گۆڕینی دەستەبەرکردنی پشتیوانیان بۆ هەردوو پاڵێوراوی هەڵبژاردنەکانی ڕابردوو لە بەرژەوەندی ئۆباما . ئەم هۆکارانەی ڕاگەیاندن لە ساڵی 2004دا پاڵێوراوی کۆماری جۆرج بۆشیان هەڵبژاردبوو ، وە پاڵێوراوی دیموکراتەکانیان هەڵبژارد لە هەڵبژاردنەکانی 2008 دا .

**سەرچاوەکان**


1- **ڕاگەیاندنی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکی** www.usinfo.state.gov

2- **ماڵپەڕی ویکیپیدیا** www.Wikipedia.com

3- **ماڵپەڕی ویکیپیدیا** www.Wikipedia.com

4- **نووسینی فاتیمە خادر : ماڵپەڕی دیرة** www.deera.com

5- **ماڵپەڕی السلیل** www.sulayyil.com

6- **ماڵپەڕی ویکیپیدیا** www.Wikipedia.com

7- **ماڵپەڕی سوپای عەرەبی** www.arabarmy.com

8- **ماڵپەڕی وەزارەتی دەرەوە** Www. America.gov/ar

9- **ماڵپەڕی الرئەی**

10- **ماڵپەڕی** BBC /Arabic

11- **ماڵپەڕی** CNN/Arabic

12- **ماڵپەڕی** www.trtarabic.com

13- **نووسینی** نجیب الغضبان ، **ووتوێژی مۆدێرن**

14- **نووسینی صالح الرشید ، شرق ئەلئەوسەت**

15- **نووسینی : دکتۆر باسم خفاجی ، مجله البیان**

16- **نووسینی : علاو بیومی ،** Alarabnews.com

17- **نووسینی : دکتۆر باسم خفاجی ، مجله البیان**

18- **نووسینی : دکتۆر باسم خفاجی ، مجله البیان**

19- **نووسینی : کایت بیدال ، میدڵ ئیس ئۆنلاین**

20- **نووسینی د. خالید عبدالله**

21- **ماڵپەڕی** CNN/Arabic

22- **ماڵپەڕی** CNN/Arabic

23- **نووسینی : دکتۆر باسم خفاجی** ، www.khafagi.net



The End کۆتایە


nya kamil
AMERICAN
ELECTIONS
GOP
DEMOS